# شەش لێکۆڵینەوەی شیعری

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# شەش لێکۆڵینەوەی شیعری

جەلال بەرزنجی، دڵشاد عەبدوڵڵا، سەباح ڕەنجدەر،
کەریم دەشتی، موحسین ئاوارە، هاشم سەڕاج

ئازاد ئەحمەد مەحموود

ناوی کتێب: شەش لێکۆڵینەوەی شیعری
نووسینی: ئازاد ئەحمەد مەحموود
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٧٣٦
پیت لێدان: هەڤاڵ عەبدولمەجید
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + تریسکە ئەحمەد
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٠٣٥ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# ئایۆنی جەمسەرەکانی خوێنەر و دەق

# پێشەکی

دیاردەی شارستانی هەر میللەتێک، پێش گشت بابەتێک، زمان و ئەدەبە. ئەدەب: سیما و دید و ئاسۆ و پەیگە و ئەندازەی نیشانی ئاست و دیاریکردنی خاڵ و چەقی پێشکەوتنە. بۆیە نەک نابێت ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە بەوانی دیکەی وەک: ئابووری؛ سیاسی؛ کارگێڕی... تاد پابەند بکرێت و بەپلەیەکی نزمتر دابنرێت، بەڵکو وا باشە لە ئاست و ئاسۆی ئەوان و بەرەو ژوورتریش دابندرێت. هەرچەندە ئەو دیاردە ئاماژە بۆ کراوەکان گەشەی پێ دەدەن و پێوەی لکاون، بەڵام ئەدەب بوونە و ناوکی نەتەوەیە، ئەگینا خۆ دزینەوەیە لە بنچینەی ڕاستی، چونکە دیاردەکانی دیکە بەئەدەب رووپێو دەکرێن و زۆر ڕەواشە ئەگەر بڵێین: هاوواتای زمان، ئەدەب شوناسنامەی نەتەوەیە.

ئەدەب پانتاییی هزر و هێزی توانست و ماوە و خولگەی بیری تیژ و لە ئامێزگرتنی گۆڕانکاری هەر یەکێک لە تاکی کۆمەڵ و کۆمەڵی کۆمەڵگە، سنوورکێش دەکات. بۆیە بەبێ شارەزایی و زانیاری کارکردن لە لایەن و بەشێک، یان هەموو لەو دیاردە کۆمەڵایەتییە، تاوانێکە بۆ پیرۆزی ئەدەب، لەمەش



ناڕەواتر لێکدانەوە و شرۆڤەکردنە بەشێتەڵی ئارەزوو، یان ناوەندە مەبەستی تاک.

شا خوێنبەر و کلۆرۆفیلی خۆراکی ئەدەب، شیعرە. ئەم پێناسەیە بۆ کەمکردنەوە و داشکاندنی بەهای ژانرەکانی دیکەی ئەدەب، دەلالەت نییە، ڕەنێوهانینی قۆستنەوەش نییە. قووڵی ئاوەز لە ناخی هەر یەکێکیان، ئاستی خۆی هەیە، بەڵام ئەگەر هەریەکەیان چەقێکی دەستنیشانکراوی هەبێت، بۆماوە و لەدایکبوون، تارماییەکەی دەکێشێت و جگە لەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆیی و ئاسانی هەرس و مەبەستی ئاشکرا و نهێنی ناو چوارچێوە ئاشکراکان و تامی سروشت و ڕۆح و لەززەتی ڕۆحی و زاڵبوون و زاڵبوونی ئەقڵ لە ناوەندی تێکستدا... دیارە شیعر دەهێنێتە پێشەوە.

دەرککردن بەڕاستییەکانی ناو دەقی شیعر و ئاوێنەی نهێنییەکان و بناغەی ئاشکراکان و زەینی تەواو و هەڵهێنجان و ڕایەڵەکانی داهێنان و ئەفراندن و جیهانبینی و گەمە و گەشەی مۆرفیم و وشە و زمان و ئاستی ڕووناکبیری و توانستی هزری و توانستی سرووش و بۆچوون و لێکدانەوەی واقیع و نزیکە واقیع پاراسایکۆلۆژیەتی ڕۆح و سەمای بەهرە... خوێنەری دەقی شیعر، خوێنهێنەریەتی.

خوێنەری تێکستی شیعر دوو جەمسەری ئایۆنین، هەریەکەشیان یەک زەمینەی شیعری کار جیاواز و ئاسۆیەکی دوو خاڵی جیهان و دیاردە، دوو فاقن. جەمسەری یەکەمی نێگەتیڤ، ئایۆنەکەی خوێنەرێکی سەرەڕۆی هەڵگرتووە و هەموو شتەکان بەتێڕوانینی، گژنیژی و کاتی. خولگەی ڕوحی داهێنان و ئەقڵی داهێنان و سروشت و زمان... ڕووپێون تەنیا دیوی دەرەوە دەبریسکێنەوە، سوود لەرزەتە. دەق بەهەموو هێزی بونیەوەی بنیادی ئەو خوێنەرە سادەیە پاڵ دەدات و بەرەو خاڵی کۆتایی و بیابانێکی وشک و برنگ و ماتی دەبات. جەمسەری دووەمی پۆزەتیڤ، پانتایی ئۆقیانووسێکی قووڵ و پێش فراوانە، ئایۆنەکەیشی تێرڕەنگە. هێڵەکی ئاوەز پێوەریەتی. ئاستی ڕووناکبیری ڕووچووە، سەرجەمی ئەندازەی داهێنان و بیری ئەفراندن و چۆنیەتی ڕیتمی مامەڵەکردن و پاراوی زمان، جیهانبینی و خوێندنەوەی دیوی ناوەوە و شیکردنەوەی هێماگەلی، چالاکی ئەقڵی ناوەوەی داهێنان و تخووب بەزاندنی پێوەندییەکانی شیعر و هۆشیاری سوود وەرگرتنی فیکری و پەرە بەئەزموونداندان و کەڵک وەرگرتن لە تاقیکردنەوەی پێشوو، بزوێنەری قۆناغەکان... ڕایەڵیەتی. نیشاندانی بۆچوون و دژە بۆچوون لە هەر خاڵێکی داهێنانی دەقدا، ئەرکی ئەم دەستە خوێنەرەیە. دیواو دیو و ناوئاخنی



دەق و زمانی تێکست، ئایۆنی خوێنەری جەمسەر پۆزەتیڤن. مانا و دەلالەت و فەرهەنگی... دەق، ئەو خوێنەرە پەلبەست دەکات و بەخۆیەوە دەنووسێنێ و نەک بەتەنیا بەرەو دەستپێکی بەرایی دەبات و ئاسۆیەکی ڕووناکی نیشان دەدات، بەڵکو مادە (خوێنەر)یشی لە ناو خانە وردەکانی خۆیدا دەتوێنێتەوە و بیر و سوودی فیکری دەبێتە نیشتووەکەی و تێکستەکەش لە ناو خۆی دەتوێنێتەوە و بیر و ئەفراندن و داهێنانەکەی دەبێتە نیشتووەکەی.

وێنە شیعرییەکانی شیعری (پەرتەوازەبوون)[١]، نموونەی زیندووی جەمسەری دووەمن، یەکێکە لە هێڵە گشتی و بنەڕەتییەکانی پێوەندی نێوان دەق و خوێنەر، کە ئەو پێوەندییەش کایەیەکی زیندووی پێوەندییە سەرەتایی و کۆتاییەکانی ئاسایی و نائاسایی نێوان تاکی کۆمەڵ و گشت تەوەرە کۆمەڵایەتییەکانە، کە لە ڕوانگەی ئەو ڕاستییەدا هەموو ئەوانی دیکە کە هێندێکیان ڕاستەوخۆ و، کەمێکیشیان ناڕاستەوخۆ بەبوونەوە بەندن. کایە ناڕاستەوخۆیەکانیش بواری هەمئاهەنگی پێوەندی گەلی بەهەردوو تەوەری کەڵک و ژیان دیاری دەکەن. خوێنەر وەک بنەمای وێنە شیعرییەکان لە کاردان و، ئەوانیش خانەی زیندووی خوێنەرن.

## توانستی فیکری و داهێنان لە ناسنامەدا

لێکۆڵینەوە و پەیڤین لە بارەی هەر شاعیرێک، کۆمەڵێ بنەما دەرئەنجامێتی، بەنموونە: ئەزموون؛ تەکنیکی داهێنان، دارشتن؛ توانست و دەسەڵات لە بەکارهێنانی وشە و زماندا؛ پتەوی هزر و... ئەمانە و ئەوانی تریش زۆر هەڵدەگرن، چونکە پێشنیەکانی شاعیریەت و سروشتی چاکی شیعر لەم گەرایانە دەپیتێنرێن.

هەڵبژاردنی شاعیرێک و نیشاندانی، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە هەموو دەروازەکانی بەسەر پشت دەخرێن، یان ڕووپێوێکی گشتگیریی بۆ دەکرێت. ئەمە جگە لەوەش باسکردنی یەک کلاورۆژنەش خاڵی وەرچەرخانی شاعیریەتی ئەو شاعیرە نییە. شاعیر کۆمەڵێک ڕایەڵی تێک ئاڵۆزی چڕە سرووش و پەیژەکانی داهێنانی دروستیان پێوە بەندە، بەبێ ئەرک هەڵناکرێنەوە. هەر تاڵەیەک جیهانێکی زیندووی خوڵقاندن دەنوێنێ، فەزای ناخ بەشێوازێکی تەکنیکی و توانست، تێکڕای فەزای سروشت دادەپۆشێت، یان بەواتایەکی شیکاری: فەزای ناخی تاکی شاعیر ئاوێنەی ڕاستەقینەی هاوینکۆی فەزای جیهان و زومزوومە دیارە کە بمانەوێ تیشکێکی ئاسۆیی بخەینە سەر لێوارێک لە پانتاییی کێشوەری شیعری (جەلال بەرزنجی)،



نیازمان نییە نە شاعیر بەخوێنەر بناسێنین و نە لە سەرهەڵدان و ڕێچکەی شیعریەتی شاعیر بدوێین. ئەوەشمان بەلاوە ناوە کە شاعیر چۆنیەتی چالاکیی شیعر و داهێنان و نوێکردنەوە و جموجۆڵی نوێخوازی شیعری نوێ وەک قوتابخانە لە (هەشتایەکان)دا هەبووە، جێ پەنجەی لەسەر بەشاعیربوون و گەشەی شیعری کۆمەڵێ شاعیری دیاری ئەمڕۆ و کاریگەریی لەسەریان، یان لە نوێکردنەوە و بەکارهێنانی زمان دارشتن و شێوازگەریی و... تاد بۆراق قۆشمە بووە، بۆ گەواهی ڕاستییەکان و هزری پێشکەوتوویی و سەدای پێشوازی و قبووڵکردنی شاعیر لە ناوەندە گۆڕانکارییەکان ڕووەو نوێکردنەوە و شێوازگەریی تازە... شیعرەکانی ناو دیوانی (سەمای بەفری ئێواران – ١٩٧٩، گەرمنەبوونەوە – ١٩٨٥، یادەوەری کەسێکی بەربا – ٢٠٠٣) ئەسڵی مەبەستن. بەکورتی ئەم باسە، هەوڵدانێکە تەنیا بۆ ئاستی ڕووناکبیری شاعیر، چەندایەتی کارامەیی لە دەرەتانی دانان و بەکارهێنانی زمان و بەستنەوەی دیاردە سروشتییەکان بەناسروشتییەکان و لێکچوواندنیان بەمەبەستی خستنە ڕووی ڕووداوەکانی مێژوویی و ڕووداوە بەرجەستەکان، ئاقارێکی فرە فراوان، یان داهێنانی شاعیر، جیهانی پڕ مەخلووقی زیندوو و تایبەتمەندە. هێنانەوەی نموونە لە دیمەنی سروشتدا، قووڵایی تەقینەوەی

ڕووداوەکان و دەرخستنیانە، تێکەڵکردنی ڕووداوەکان بەیەک دیمەن، ڕووچوونێکی دیکەیە لە مەدای مەعریفی هزر بۆ «مەبەست» و هەیکەلی تازەی مەبەست دوور لە شێرەبەفرینە. مەیینی فیکر لە وێنە شیعرییەکان و واتای دەلالی مۆرفێم و وشە و ڕستەکان، ڕەگی فیکری و نووسینی شاعیرە. ئەم شیعرە مانا و دەلالەتێکی تێر ڕەنگی هەیە و هۆکار و مۆتیڤی مەبەستە.

تێکستی شیعر ڕەنگدانەوەی واقیعی فەنتازیای شاعیرە، ئەفراندنیش لە خولگەی هەستەوە دەبێت، وێناندنی لە خانەی ئەندێشەدا بەهاریکاری ئامرازی زمان بینای ناساندنی پێ دەگات. ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەردەوامی لەسەر نهێنییەکانی دەق دەشێ ئەو شتانەیان پێ بناسێنین کە لە واقیعدا سنووریان بەزاندووە، یان مەداری وەسف لێیانەوە بەدوورە.

شاعیرێک تەڕاتی و شێی داهێنانی نەڕەوییبێتەوە، ئەفراندن بەجیهانبینی واقیعێکی مەعقوول و پەسند دەڕەخسێنێ. کایەی مەعریفی چالاکانە مەوداکان بۆ وزە دەبڕێت: «ئەدەب بۆ ئەندێشە و شیعر مەعریفەکی فەلسەفی نییە، بەڵکو گوزارشت لە ئاراستەیەکی گشتی بۆ ژیان دەکات، شاعیرانیش بەشێوازێکی پرۆگرامی و نەخشەسازی، کێشە و دیاردەکان دەدۆزنەوە، کە ئەمەش بابەتێکە لە بابەتەکانی فەلسەفە، جا



شێوە وەڵامەکەی شیعر دەگۆڕێت بەگوێرەی گۆڕانی سەردەم و ڕووداو و گۆڕانکارییەکان"[٢] وێنە شیعرییەکانی «پەرتەوازەبوون» فەرهەنگی جەنگی بوون و ژیان دژەکەیدا هەڵنراوە، ماناگەلێک لە مانا دەبەخشێت، تێ ترنجاندنی گشت دژەکان لە ناوەندی کارەساتەکان دێنێتە پێشەوە و دەبنە سەکۆی دیالۆگ، ئەدەبیەت لە واقیعیەت دێنێتە پێشەوە. چەمکی بنەمای یاسایی (بوون)ی سروشتی لە شیعرەکەدا. «نەتەوە» هەڵگری بنەمای ناسنامەیە. کۆمەڵێک پەیگە دەیناسێنێ، هەریەک لەمانە هەڵگری ناکۆکی و دەرهاوێشتنی ناکۆکیشە، لەبەرئەوە لە زەمینەی خۆیدا تەرزە وێنەیەکی دژ بەیەک و نەگونجاو بەرهەم دەهێنێت.

نەتەوە دەبێتە یاسایەک هەموو دیاردەکانی تر، دژ بەیەک، لە وێنەیەک و پتریش ئامادەیی یاسایەکی تری سەرەکی دەبێت، نەتەوە و تێکڕای ئامرازە لێکچووەکان بۆ بوون و ژیان، یان مەرگ و مەرگەسات ئاوێزان دەبن، گەورەترین دەروازە دەکاتەوە کە هەموو دیاردەیەک و دژەکەی، یان هاوەڵەکەی بانگ دەکات، مەغزای ئەم دیاردەیە لە ناوەڕۆکی شیعرەکەدا ڕوکنێکی کاریگەر و چالاکیی ستاتیکی شاعیرە، کرۆکی قەسیدەکەش بورکانی ئەو سیستەمە ستاتیکەیە، چونکە: «ئەزموون لە کار و داهێناندا دەبێت. ئەزموونی هۆشیاری و سرووشی ئەوە

دەگەیەنێت، نووسەر هەرچی بیەوێت بیخاتە ناو کار و داهێنانەکەی، یان تێکڕای ئەزموونە هۆشەکی و ناهۆشەکی لە ماوەی درێژخایەنی داهێنانیدا، دیاری بکات»[٣].

شاعیر کە یەکەم وشە لە بەراییی قەسیدەکەیدا «نەتەوە» بێت لە هەموو پێناسەیەک تێپەڕترە. لە ناو واقیعی نەتەوەیەک سیستەمێک بۆ سروشت دادەهێنێت، یان پەیڕەوەکانی ئاسایی سروشت بەهەلومەرجی ئەو شرۆڤە دەکات، ڕاستەوخۆش ناونیشانی شیعرەکە کە لە دەروونی واقیعێک دەرچووە بۆ یاسایەک نەتەوەی پەرتەوازەبوو بۆ نەتەوەی کورد هێمایە. بۆچوون و گفتوگۆی هاوبەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە، لە دەستەواژەیەکی دی بۆنالد De Bonald وەرگیراوە: «ئەدەب گوزارشت لە کۆمەڵگە دەکات»[٤] (پەرتەوازە)یش نیشاندانی ڕووی ڕاستی زۆرلێکراوییە، بنەما و سەرچاوەیەکە بۆ بەرەبەیانی مێژوو، بەرایی (١٥٠٠) ساڵ پ. ز دەگەڕێتەوە. یان بەلایەنی کەمەوە بۆ مێژوو و ڕێکەوتی ڕووداوی مێژووی (چاڵدێران)ی ساڵی (١٥١٤)ی زاینمان دەباتەوە. یەک بەدوای یەک بەقۆناغە مێژووییەکانی کۆن و ناوەڕاست و ئێستادا تێپەڕمان دەکات و هەڵوەستەمان پێ دەکات: «ئەگەر ئەدەب وەک دیکۆمێنتی کۆمەلایەتی بەکار بهێندرێت، پێویست دەکات ڕایەڵە گشتییەکانی مێژووی کۆمەڵگە دیاری بکرێت»[٥]. وەک



زەروورییەت لێرەدا شاعیر پێویستە بەرانبەر بەو شتانەی شالاوی بۆ دێنێ، بپەیڤێ، ڕاستەوخۆیشە لەگەڵ خود و بابەتەکەی خۆیدا، کە بەشێکە لە خود و بابەتی بابەتییانەی نەتەوەکەی، مەبەستیش هەبوونە، یان وجوودبوونە.

## بینای کات و تێکهەڵکێشکردنی بەڕووداودا

شاعیر هەموو قۆناغەکان، ڕاستتر کاتی قۆناغەکان بەرجەستەی کاتی ڕوودان لە ڕووداوەکان لە تەنسی (ڕۆژ) کۆ دەکاتەوە. کات بەتەنیا کلیلی واتا و دەلالەتی نهێنی قەسیدەکە نییە، بەڵکو پێش فراوانی واتای فەرهەنگی ناوەڕۆکی تێکستەکەیە، تەوەری مەبەستەکان یەکسان دەکات، سەرەتا و کۆتایی لەگەڵ واقیعی ڕووداوەکان دەدرکێنێ. ئێستا بەڕابردوو گرێ دەدات و بەراوردیان دەکات، سەرەتا و ناوەند و کۆتایی قەسیدەکە لە ڕووی چەمکەوە، لە یەک چەقدا کۆ دەکاتەوە، هاوهێزییەک و یەکسانییەک لە نێوان:

میرنشین > هۆز> شۆڕش = درەخت> کانی> خاک = مەل> شاعیر= ئەزموون> عیشق × مردن لە یەک خاڵی دواییدا هاوسەنگ دەکات. شیعرەکە خوێنەر ڕووبەڕووی تەختەیەکی شانۆیی مەرگەسات دەکاتەوە، زنجیرەیەک لە گێڕانەوەی یەک بەدوای یەکدا دادەنێ، گێڕانەوەکەش لە لێواری دەریای ئەفسانە لەنگەر ناگرێ، بەڵکو واقیعی دەروونی نەتەوەیەکە، گێڕانەوە، بۆتە مولکێکی کولتووری نەتەوەیی و لە پەنهانیدا شتی دیکە دەورووژێنێ ئامادەییەکی زۆر سەخت و چڕ سەرهەڵدەدات و لە ناو ڕەگەزی نەتەوەکەوە سەردەم لە ناو





مێژوو، یان مێژوو لە ناو خودی سەردەمی نەتەوەکەدا، ڕێکخستن بەپێی مێژوو تەدارەک و ئامادەی دەکات. قۆناغی دەسەڵات و گۆڕانکارییەکانی دەسەڵات بەجۆرێک ڕێک دەخات، کە لە دواییدا لە خودی سروشتی مەبەستەکە یەک بگرێتەوە ئامادەییەکی زۆر ئەفراندنانە بۆ خەستی مەبەستەکە لە وێنە شیعرییەکەدا دەسازێنێت و ئەوپەڕی بیری هۆشیاری توانستی داهێنان تێیدا بەدی دەکرێت.

## دەسەڵات و چەمکی دەسەڵات لە بنیادی گۆڕانکاریدا

«میرنشین» سەردەم و قۆناغێکی بەدەسەڵاتی مێژووی پڕ لە شانازی نەتەوەی کوردە. «هۆز»یش یەکەی پێکهاتەی ئەو دەسەڵاتە (میرنشین)ەیە لە پاشان بیری داهێنانی شاعیر، میرنشین و هۆز بەرەو ئاسۆیەکی نوێتر دەبات. ڕووەو ئاراستەی بیری ئایدۆلۆژیەتی هزری ڕزگاربوون هاوشان و پلەی بیری ڕزگاری گەلانی پێشکەوتووی ڕۆژئاوا لەسەر بناغەی تیۆری وریابوونەوە و ڕێنیسانس، تێکۆشان و خەباتی کۆمەڵ دەکاتە هۆکاری شۆڕشی نەتەوەیی، دارمان و زیندووبوونەوەش لە سیما و بنجی وێنە شیعرییەکەدایە. ئەوەی جێگای سەرنج و سەرسووڕمانە، ئەو جیاوازییە، یان گەڕان بەدوای دەلالەتی جیاوازییەکان لە یەک پێکهاتەدا لە تێکڕاش، یان خوێندنەوەی شاعیر بۆ ئەو دەسەڵاتە بونیادە بونیەوییە دەروونییە لە دوای پرۆسەی داهێنانی شیعرەکەدا ڕادەوەستێ: «لە پرۆسەی داهێناندا هەر چارەیەکی تازە و جیهانبینییانە، پێش گشت شتێک گرنگیدانە و گرنگی دەدات بەو ڕۆڵە ڕێژەییانەی کە ئەقڵی هۆشیاری و ناوەندە ئەقڵ دەور دەبینێ»(٦). ئەو هۆکارە توانستە فیکرییەی کە لە ڕەوتی جیهانبینی ئەم شاعیرەدا ڕۆڵی کاریگەر دەبینێ، تەلیسمێکی



ئەلتەرناتیڤی مانا نەگۆڕ بۆ چەمکێکی نەتەوەیی سەبارەت بەشکان و قوربانی دەخاتە ڕوو، تیاچوون و قوربانی شۆڕش زەرووورەتی بوونن:

**نەتەوەیەکی پەرتەوازە بوو**
**ڕۆژێ**
**میرنشینێک**
**هۆزێک و**
**شۆڕشێکی تیا دەچوو**(٧)

## یاسایەکی ئۆرگانیکی
## بۆ ڕاستییە بێ تخووبەکانی دۆنایدۆنکردن

ئەگەر بەوردی سەرنج بدەین لە وێنەی شیعری: (نەتەوەیەکی پەرتەوازەبوو)، لە بەراییەوە پانتاییەکی بەرفراوان بۆ لەدایکبوونی زنجیرەیەک وێنەی گونجاو یەکانگیری پڕ مانا و دەلالی دروست دەکات، تا ئەو ئاستەی دەتوانین ئەوە ڕاگەیەنین کە ئەو سەرەتایە بۆ هێنانە کایەی وێنەی شیعری سروشتی پاڵنەرێکی بەهێزی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ناوکی مەبەستی واتاکە تەنیا لەو وێنەیەدا نییە، واتا لە ئالیی فەرهەنگەوە دەقەکە وەک بازنەیەکی تەواو ئاسا، لەو ساتە لە دایک دەبێت کە وێنەکانی دواتر (دژە وێنە)یەک دێت و تێکڕای ئەو پرەنسیپە ڕادەگرێت کە ڕەنگە لەبەر ئاوێنەی ئەندێشەی شاعیرانەی شاعیردا تەواو بەردەوام دەبێت و درێژە دەخایەنێت.

دژە وێنەکانیش دەبنە وێنەی ناوەند و چەقیو. جەوهەری ڕاگواستنەوەیەکی ستاتیکی لە جیهانی ئاسایی توانەوەوە بۆ جیهانی نائاسایی شیعرییانەی دۆنایدۆن پەیڕەو دەکرێت.

دۆنایدۆن پرۆسەیەکی ئۆرگانیکین بۆ گواستنەوەی ڕۆح لە ناخی جەستەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکەوە، هەردوو جەستەش هاوشانن، بەڵام شاعیر بەداهێنانێکی تازەوە بۆ گوزارشتکردن



لە باڵاترین چەمکی دەلالی، گەورەترین لێشاوی واتا لە وێنە شیعرییەکە بەپرۆسەی دۆنایدۆن دەتەقێنێتەوە، ئەویش گواستنەوەی ڕۆحی (نەتەوە)یە بۆ ناو ناخی (سروشت، ئاواز)، کە لە یاسا و سیستمی دۆنایدۆندا دوو یەکە و پێکهاتەی جیاوازن، واتا لە سروشتی بنیادیاندا هاوشان نین و لێک جیاوازن. ئەم پرۆسەیە پێچەوانەی دەستووری ڕاستەوخۆی ئاساییە، کە ئەویش: هێنانی ڕۆحە بۆ لەشێکی تر دوای مردن. توانست و شارەزاییی شاعیر لە داهێنانی تازەدا، ڕۆحێکی زیندوو بەبێ مردن بۆ لەشێکی دیکە دەگوازێتەوە بەمەرجێک بۆ جەستەی دووەم (سروشت: ئاواز) زیندووبەخشیش بێت، لە بەرانبەر یەکتر ڕاگرتنی زیندوویی جەستەی (نەتەوە) لەگەڵ (سروشت) و (ئاواز)، گەورەترین داهێنان و ئەفراندنی شاعیرە، لە پاشان شاعیر هەر بۆ مەبەستی بەیەکتربەستنەوەی یاسای ئاسایی دۆنایدۆنی یەکەم، لەگەڵ دەستووری نائاسایی دۆنایدۆنی دووەم و هەر سەبارەت بەدانانی بەهای فیزیکی و سروشتی هەردوو یاساکە، ڕۆحی (نەتەوە) لە ناو گیانی (شاعیر) دۆنایدۆنی پێ دەکات و هەموو ئەگەر و گومانەکان بەلاوە دەنێ.

هەموو وێنە شیعرییەکانی ناو قەسیدەکە، لە سەرەتاوە تا کۆتایی لە جیهانە سروشتییەکەیدا، جیهانی دۆنایدۆنی




تازەبەخشی شاعیر ئاشکرا دەکەن. ڕاستییەکانی یاسای سروشتی یەکەم، لەگەڵ ڕاستییەکانی یاسای ناسروشتی دووەم لە پرۆسەکەدا، ڕاستییە بێ تخووبەکانی دۆنایدۆنکردن خۆیەتی.

شاعیر، یان ئەم قەسیدەیە بۆ ئەوە نییە تەنیا ئەو ڕاستییە بێ سنوورانەمان بۆ دیاری بکات، بەڵکو مەبەستییەتی لەگەڵ گشت ئەو ڕاستییانەدا بکەوێتە دژایەتییەوە، یان تیۆری و بیردۆزی ڕاستییەکی دژ پێیان دابنێت. واتە نیشاندانی پێکهاتە بنیادێکی دیکەی دژی کە ئەویش دنیای هەقیقەت خۆیەتی کە لە دوا وێنەی شیعری قەسیدەکە ئاشکرا دەبێت. بیرۆکەی چەمکی وێنەی شیعری یەکەمی قەسیدەکە هاوواتا، وێنە شیعرییەکانی تر بەرجەستە دەکات.



## چەمکی دەلالی لێکچوواندن بۆ واتای فراوانتر

فەلسەفە و جیهانبینی ئەم شیعرە بەئامرازی یەکەیەکی ڕەوانبێژی (لێکچوواندن) لای شاعیر، مەبەست پێشکەوتنی فیکری دنیای شیعرە هێمای کامڵبوون پێگەیشتنی بیری تازەی داهێنانە... لێکچوواندنی (میرنشین) بەناوی (درەخت) و (هۆز) بە(کانی) و (شۆڕش) بە(خاک)، لووتکەی چەمک و دەلالەت و مانای لێکسیکی شیعرەکەیە. ئەم کارەش دیاردەیەکی سەرەڕۆ نییە. بەڵکو بەدێمەکارێکی هزری بەرهەم هاتوون. زۆرترین سەرمایەی فیکری شاعیر لەوەدایە، کە بتوانێت بەیاسایەکی سۆسیۆلۆژیی سروشتی، دوو یەکە و پێکهاتە لە ناو بنەمای یەک گەڕی ڕاستی و هەقیقیدا، بکاتە دوو جەمسەر. هەریەکەشیان چەقێکی هەبێت. چەقی یەکەمی جووڵەی (هۆز) بەرانبەر چەقی دووەمی جووڵەی سروشتی (کانی) دابنێت، لە پاشان لێکدانەوەیەکی فەلسەفییانە لە ئایدۆلۆژیەتیبوون، دوو پێکهاتە و یەکەی تر، تێکەڵ بەیەک دەکات و لە هەردووکیشیاندا یەک نیاز و مەبەستن، مەبەستە، ئەویش بوونی دیاردەی (شۆڕش) و (خاک)ە.

دەربڕینی بەم شێوەیە و لەو ئاستە ئاسۆییەدا، کە لێواو لێوە نهێنی و مەبەست و هێڵە ئاشکراکانی مەبەست، لە خزمەتی

ئایدۆلۆژیەتیی سیاسیدایە، وەلێ سیاسیی کوردانە، بۆ وەدەستهێنانی خەرمانی تراژیدیای کوردی. ئەم دۆخەش لەو ژینگەوە چەکەرەی داوە کە مەسەلەی ئێمە (کورد) پێیدا تێپەڕیوە و تێیدا گەورە بووە: «مرۆڤ ناتوانێت نکۆڵی لە بوونی هەندێ جیاوازی، نێوان واقیعی مێژووی سیاسی و هونەریدا بکات، لێرەدا هاوردێک بەدی دەکرێت لە نێوان مێژووی ڕابردوو و ئەو مێژووەی کە بەردەوام لە کاتی ئێستایە»[٨]. ئەو مەسەلەش زیاتر بۆ پاراستنی وشەی (نەتەوە)یە نەک مەغزایەکی نهێنی تر، چونکە ئەقڵی نەکوژاندنەوەی (سروشت)، نیشانەی نەسڕینەوەی بوونی دیاردەی کۆمەڵایەتییانەی (نەتەوە)یە:

**سروشتێکی پەرتەوازەبوو**
**ڕۆژێ**
**درەختێک و**
**کانییەک**
**پارچە خاکێکی تیا دەچوو**[٩]

شاعیر زۆر بەئاگایانە مامەڵە لەگەڵ ناوەڕۆکی شیعرەکەدا دەکات، بۆ ئەوەی لۆژیکێک لە زمانی وێنە شیعرییەکاندا هەبێت، بەدوای ئەو وێنانە دەگەڕێ، کە لە ڕەگدا پەیگەیەکی



هاوبەشیان هەبێت، یان شاعیر دەیەوێ زیندوویی ڕەگەکانیان تێکەڵ بکات، بۆ نموونە و جەختی گوتن:

ئایۆنینی وێنەی: (نەتەوە) و (سروشت) لەگەڵ (ئاواز)دا هاوبەند دەکات و کە کراوەترین کلاوڕۆژنە لە توانستی داهێنانی شاعیر دەکاتەوە، ئەویش داهێنانی شێوازگەرییەکی نوێیە بۆ دەربڕینی هەموو ئەو بنەما و شتانەی پێوەندی بازنەییان بەخودەوە هەیە:

**ئاوازێکی پەرتەوازەبوو**
**ڕۆژێ مەلی نۆتەیەکی باڵیان دەگرت**[١٠]

## کاری هاوسەنگی هاوکێشەکان
## بۆ دەرئەنجامی زیندوو

یەکەی پێکهاتەی هاوکێشەی وێنەکان بەوێنەیەکی شیعری دیکە هاوسەنگ دەبێت. یەکەم وشە لە وێنەی شیعری دەستپێکی قەسیدەکە، وشەی (نەتەوە)یە، زیرەکانە و کارامەییانە لەگەڵ وشەی (شاعیر) لە وێنەی شیعری (شاعیرێکی پەرتەوازەبوو...) تێک دەکرێنەوە؛ یەکەی سروشت لە پێکهاتەی (نەتەوە)، بەفەلسەفەی جوانی دەربڕین، هێڵەکانی کۆتایی ڕایەڵ دەکات، بەمەبەستی کارێکی فیزیکی (داخستن) لە هەردوو نیوە چیوەی بازنەی مەبەستدا، دەرئەنجام خولانەوەیەکی میکانیکی بۆ تەواو چیوەکە لە بازنەی سروشت نەتەوە و سروشت و ئاواز و شاعیردا تەواو بێت.

بنچی داهێنانی شاعیر، بنچێکی هزرییە و لە پێناو واتای مەبەستدایە. مەبەستیش زلترین چەمکی ڕاستی دەردەخا، ئەلبوومی هەقیقەتیش، یەکێکە لە کایە مەعریفییەکانی شاعیر بۆ ناساندن و زیندووکردنەوە و سوود وەرگرتن. چەمکی: (میرنشین) و (درەخت) و (مەل) و (ئەزموون) لە جوگرافیای: (نەتەوە) و (سروشت) و (ئاواز) و (شاعیر)دا دەلالەتی زیندوو، ڕاستی هەقیقەتن. لە ڕێڕەوی مێژووی ڕووداوێکی ڕاستیی



نەتەوەی کورددا، تاکی (شاعیر) و کۆی (نەتەوە) بنیادی یەک دیاردەی هەقیقین، تەوژمی گێژاوی شەپۆڵێ سەرنگوومیان دەکا، بەڵام ژیلەمۆی ژێرخانی بیر و هەست و پەروەردە و نەتەوە، لە هەریەکەیاندا هێز و گوڕ و تینی هەیە.

عیشق و سروشت دوو پەیگەی سەرچاوە زیندووی شاعیرن، بۆیە شاعیر لە ڕوانگەی ئەم دوو هۆکارەوە، گەورەترین ماکیبوونی شاعیریەتی (شاعیر) دەردەخا. ئەگەر (عیشق) یەکەم هۆکاری شاعیریەت و بزوێنەر و...ی شاعیر بێت، ئەوا (سروشت) دەتوانێت جیهانی ناوەوەی فەزای شیعر، ڕازاوەتر بکا، لە هەمان کاتیشدا میکانیزمی خاپوورکردن و تواندنەوەی ڕایەڵەکانی (عیشق)ە، جێگایەکی لە ناو شیعردا دیار نییە. دەکرێت (سروشت) لە ناو گشت وێنە شیعرییەکاندا قووت ببێتەوە، دەکرێت تەواو ڕووبەر داگیر بکا، دەکرێت بەلاوازیش بەدەربکەوێت... وەلێ ئەم (دەکرێ)یانە موولوولەکانیان لە ناو گیانی داهێناندایە، لە ئاسۆ ستوونییەکانی مەعریفی و هۆشیاری شاعیردا دەژین و گەشە دەکەن. شاعیر دەتوانێت بەم حاڵەتانە نوێنەرایەتی خۆی بۆ ژیان و واقیع دابین بکات... بۆیە ئەم کۆپلە و وێنە شیعرەی خوارەوە تێکڕای مەخسەد و چەمکی وێنە شیعرییەکانی دیکە تەواو دەکەن. لە پەرتەوازەبووندا، سێکوچکە بنەماکانی (شاعیر و ژیانی

شیعری): (ئەزموون) و (عیشق) و (سروشت) تێیدا دەمرن. (ئەزموون) بەبێ (عیشق و سروشت) نامرێت، (عیشق و سروشت)یش بەبێ (ئەزموون) نامرن. هەرسێکیان بۆ ژیان و مەرگ خاڵ و ناوەندی (شاعیر)ن:

**شاعیرێکی پەرتەوازەبوو**
**ڕۆژێ**
**ئەزموونێک و**
**عیشقێک و**
**سروشتێکی تیا دەمرد**[١١]

هۆکاری دۆخی مەرگەساتی: (ئەزموون) و (عیشق) و (سروشت) جیاواز لە فاکتەرەکانی دیکەی دۆخی لەناوچوونی: (شۆڕش) و (خاک) و (مەلی نۆتە)وە، حاڵەتێکی سایکۆلۆژییە، تایبەت بەسروشتی (شاعیر) و کەمی توانسی دەسەڵات لە بەرانبەریدا، ئەویش (غەریبی)یە: «ڕێبازی تەواو بۆ شرۆڤەکردنی بەرهەمی ئەدەبی ئەوەیە، کە خودی بەرهەمەکە شی بکرێتەوە و ڕاڤە بکرێن، دیوی ناوەوەی لێی بکۆڵدرێتەوە، مەبەست لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی بونیادی هونەری بەرهەمەکە بکۆڵدرێتەوە».[١٢]

(غەریبی)، ڤایرۆسێکی بکوژە، لە لێوارەکانی دەریایەکی



دوودڵی و ڕاڕایی لەنگەری پێ دەگرێت، ئەو حاڵەتە دەروونییەش لە بۆتەی ڕاستی دەری دەهێنێ و لە ئاراوی (دوودڵی) و هەڵبەز و دابەز و هەڵفڕینی (یەقین)ی وەردەدات. (دوودڵی) نەک وەک حاڵەتێکی دەروونی، بەڵکو لە کۆتایی وێنەی شیعری: (دوودڵییەکی دوور لە یەقین!)، کار پراکتیزەیەکی ئاسا، پەردەی فەرهەنگی دادەداتەوە:

**غەریبی ئارامیان لێ هەڵگرت**
**غەریبی مەنفایان پێ نەهێشت**
**غەریبی دوودڵیان کرد**
**دوودڵییەکی دوور لە یەقین**[١٣]

سەلماندنی بیردۆزی شیعرەکە لە تێڕوانینی شاعیردا ئەگەر بەتێڕوانینێکی بونیادگەرییانە بۆ ناوەڕۆکی شیعرەکە بڕوانین و ڕووپێوێکی فەرهەنگی بۆ واتا و دەلالەتەکانی سەرجەم وشە و ڕستە و وێنە شیعرییەکان بکەین، دەبینین: شاعیر دۆخ و فەزایەکی تایبەتی هەیە، ئەویش بەئاگایی و هۆشیارییە و گوزارشتیش لە هەمان هۆکاری دالەکانی گشت دەکات. جگە لەمەش، کێشەی ئاگایی شاعیر لە ناو هۆشیارییەکانی دیکەدا، یان ئاستی هۆشیاریی شاعیر، گەرایەکانی لە قووڵاییی ڕەوت و ڕووداوەکانی مێژوو و سروشتدا، ترووکاون.

شاعیر خاوەنی ناوەڕۆکێکی پڕ ڕۆشنبیریی پتەو و جەوهەرێکی بەمانای تایبەتە. درێژی کاتی تاقیکردنەوەکانی شوناسنامەی ئەزموونێکی سەرکەوتووی پێ بەخشیوە. بەئەرک و داهێنان و ئەفراندن، جەوهەرێکی پڕ مانا و دەلالەتی بەئاگایە و هەموو دەرەتانەکانی ژیان لە واقیعی قۆناغ و سەردەم دەگرێتەوە، هاوبەندی تەنسەکانی کاتی ڕووداوەکان و مێژووە. ڕێبازی توێژینەوە و دیاریکردنی سەرجەم ماک و بنەماکانی دەروونی سروشتی و ناسروشتی لە خۆ دەگرێت. هاوبەندی نێوان تاک و کۆمەڵ، وەک یەکە و پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ڕووداو و مێژوو، حاڵەتە تایبەتییەکانی تاکی کۆمەڵ و دەربڕینیان، نیشان دەدات.



## ئەنجام

جەلال بەرزنجی، شاعیرێکی خاوەن داهێنان و ئەزموونە. ساڵانێکی زۆرە بەتاقیکردنەوەی نوێخوازی خەریکە، خاوەنی ئەفراندن و ڕێبازێکی سەرکەوتووە، بەسەر دەسەڵاتی زمانی شیعردا زاڵە، لەم لایەنەدا چەندین دیوانی پێشکەش کردووە، بەو هیوایەی هەڵچوونەکەی نەنیشێتەوە و بەردەوام بێت لەسەر داهێنانی تازەگەرییانەی شیعردا.

لە شیعری (پەرتەوازەبوون)دا، خوێنەر ئەکتیڤکارە و ئایۆنی پۆزەتیڤی جەمسەرە دەقەکە: ڕایەڵەکانی داهێنان و ئەفراندن و جیهانبینی و گەمە و گەشەی مۆرفێم و وشە و زمان و توانستی هزری و سرووش و لێکدانەوەی واقیع و سایکۆلۆژی ڕۆح و سەمای بەهرە... لە خۆ دەگرێت.

شاعیر ئاستی ڕووناکبیریی بەرزە، چەندایەتی کارامەیی و شارەزایی لە بوارەکانی شێوازی بەکارهێنانی زمان و دانانی وشەکان، هاوبەندکردنی دیاردە سروشتییەکان بەناسروشتییەکان و لێکچوواندنیان بەمەبەستی خستنە ڕووی کارەسات و ڕووداوەکانی مێژوو و ئامادەییەکان، پانتاییەکی ڕووبەر فراوانە؛ یان داهێنانی شاعیر جیهانی پڕ مەخلووقی زیندوو و تایبەتمەندە. ئەزموونی نوێ و بیری داهێنانی تازەی

شاعیر لەم شیعرەدا لەوەدایە، کە هێنانەوەی نموونەی لە دیمەنی سروشتدا، قووڵاییی تەقینەوەی ڕووداوەکان و دەرخستنیان و تێکەڵکردنی ڕووداوەکان بەیەک دیمەن، ڕووچوونێکی دیکەیە لە مەدای مەعریفی هزر بۆ (مەبەست) و هەیکەلی تازەی مەبەست... مەیینی فیکر لە وێنە شیعرییەکان و واتای دەلالی مۆرفێم و وشە و ڕستەکان، ڕەگی فیکر و نووسینی شاعیرە. ئەم شیعرە مانا و دەلالەتێکی تێر ڕەنگی هەیە و هۆکار و مۆتیڤی مەبەستە.

دەسەڵاتی ڕەوانبێژی لە بواری لێکچوواندندا بۆ دیاردەکان و وێنەیەکی شیعری هاویەک و دژ بەیەک ئامادەییەکی دەبێت، ئەم سیمایەش بۆ بوون و ژیان، یان مەرگ و مەرگەسات تێکهەڵکێش دەبن، ئەم دیاردەیەش لە ناوەڕۆکی شیعرەکەدا ڕوکنێکی کاریگەر و چالاکی ستاتیکی شاعیرە.

ئەم شیعرە بەقۆناغە مێژووییەکانی کۆن و ناوەڕاست و ئێستادا تێپەڕمان دەکات و وەک زەرووڕەتیش شاعیر بەرانبەر بەو شتانە دەدوێ کە شاڵاوی بۆ دێنن، ڕاستگۆشە لەگەڵ خود و بابەتەکەی خۆیدا، کە بەشێکە لە خود و بابەتی بابەتییانەی نەتەوەکەی، مەبەستیش «بوون»ە.

شاعیر لە دەسەڵاتی نووسینی داهێنان و فیکرەکەی زاڵ و بەتوانایە کاتی ڕوودانی قۆناغەکان لە تەنسێکی دیاریکراو





(ڕۆژ) کۆ دەکاتەوە. کات بەتەنیا کلیلی واتا و دەلالەتی نهێنیی شیعرەکە نییە، بەڵکو پێش فراوانی واتای فەرهەنگی ناوەڕۆکی تێکستەکەیە، تەوەری مەبەستەکان یەکسان دەکات سەرەتا و کۆتایی لەگەڵ واقیعی ڕووداوەکان ئاشکرا دەکات، سەرەتا و ناوەند و کۆتایی شیعرەکە لە ڕووی چەمکەوە، لە یەک چەقدا کۆ دەکاتەوە. هەر لەم شیعرەدا دەسەڵات و چەمکی دەسەڵات لە بنیادی گۆڕانکاریدا وزەبەخشە، هەنگاوی پێ هەڵدەهێنێ و بەرەو بیری ئایدۆلۆژیەتی هزری ڕزگاری دەبات، وریابوونەوە و ڕێنیسانسیش دەکاتە چەکی ئەو دیاردەیە. ئەو هۆکار و توانستە فیکرییەی کە لە ڕەوتی جیهانبینی ئەو شاعیرەدا ڕۆڵی کاریگەر دەنوێنێ، تەلیسمێکی ئەلتەرناتیڤی مانا نەگۆڕ بۆ چەمکێکی نەتەوەیی، سەبارەت بەشکان و قوربانی دەخاتە ڕوو. تیاچوون و قوربانی شۆڕش زەرووڕەتی بوونن.

دۆنایدۆن پرۆسەیەکی ئۆرگانییە بۆ گواستنەوەی ڕۆح لە ناخی جەستەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە، هەردوو جەستەش هاوشانن، بەڵام شاعیر بەداهێنانێکی تازەوە، بۆ گوزارشتکردن لە گەورەترین چەمکی دەلالی، باڵاترین لێشاوی واتا لە وێنە شیعرییەکەدا بەپرۆسەی دۆنایدۆن دەتەقێنێتەوە، ئەویش گواستنەوەی ڕۆحی (نەتەوە)یە بۆ ناو ناخی (سروشت و ئاواز) کە لە یاسا و سیستەمی دۆنایدۆندا دوو یەکە و

پێکهاتەی جیاوازن. دوندی داهێنان و جیهانبینی ئەم شیعرە، ئەوەیە لایەنی لێکچوواندن بۆ سۆنگەی واتای مەبەست، پێشکەوتنی فیکری دنیای شیعرە. هێمای پێگەییوی بیری تازەی ئەزموونە، لێکچوواندنی (میرنشین) بەناوی (درەخت) و (هۆز) بە(کانی) و، (شۆڕش) بە(خاک)، لووتکەی چەمک و دەلالەت و مانای فەرهەنگی شیعرەکەیە.

بناغەی داهێنانی شاعیر بناغەیەکی هزرییە و لە پێناو واتای مەبەستیدایە، مەبەستیش گەورەترین چەمکی ڕاستی دەردەخات. هەقیقەتیش یەکێکە لە کایە مەعریفییەکانی شاعیر بۆ ناساندن و زیندووکردنەوە و سوود وەرگرتن.

ئەگەر بەتێڕوانینێکی بونیادگەرییانە بۆ ناوەڕۆکی شیعرەکە بڕوانین و ڕووپێوێکی لێکسیکی بۆ واتا و دەلالەتەکانی سەرجەم وشە و ڕستە وێنە شیعرییەکان بکەین، دەبینین: شاعیر دۆخ و فەزایەکی تایبەتی هەیە، ئەویش بەئاگایی و هۆشیارییە و گوزارشتیش لە هەمان هۆکاری دالەکانی هەموو دەکات. جگە لەمەش کێشەی ئاگایی شاعیر لە ناو هۆشیارییەکانی دیکەدا، یان ئاستی هۆشیاری شاعیر، گەرایەکانی لە قووڵاییی ڕەوت و ڕووداوەکانی سروشت و مێژوو، ترووکاون.

ئەیلوولی ٢٠٠٥ هەولێر



## سەرچاوەکان


١- جەلال بەرزنجی، یادەوەری کەسێکی بەربا (کۆ شیعر)، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (بەدرخان)، سلێمانی، (٢٠٠٣)، لاپەڕە ٧٧.

٢- كمال خيربك، حركة الحداثة في الشعر العربي المعاصر، بيروت، (١٩٨٧)، ص ٢٤.

3- Discussions of intention, in Literavy works Coomaraswamy, Amanda k., Intentin' American Book man, I 1944, p.p 41,8.

٤- رينيدويليك، اوست وارين، نظرية الادب، ت: محي الدين صبحي، مراجعة: د. حسام الخطيب، المجلس الاعلى لرعاية الفنون والاداب والعلوم الاجتماعية، مطبعة: خالد الطرابيشي، ط٣، (١٩٧٢)، ص ١٢٠.

٥- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣١.

٦- محمد الجزائري، متن الابداع، دارالشؤون الثقافة العامة، بغداد، (١٩٨٣)، ص ٨١.

٧- جەلال بەرزنجی، یادەوەری کەسێکی بەربا، ل٧٧.

٨- رينيدويليك، اوست وارين، نظرية الادب، ص ٣٣٦.

٩- جەلال بەرزنجی، یادەوەری کەسێکی بەربا، ل ٧٧.

١٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.

١١- سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.

١٢- رينيدويليك، اوست وارين، نظرية الادب، ت: محي الدين صبحي، ديمشق، (١٩٧٢)، ص ١٧٩-١٨١.

١٣- جەلال بەرزنجی، یادەوەری کەسێکی بەربا، ل ٧٨.

# هۆشیاری لە شێوازی شیعریدا

## پێشەکی

ئەزموونی هۆشیاریی شیعر وەک یەکێک لە ئەرکە نەگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هاوبەند لەگەڵ کێشە جەوهەرییەکانی جیهانی دەرەوە، هەمیشە زەمینەی بەپیتی بیرکردنەوەیە و ڕۆحی جیهانی شیعر دەخاتە هاوشانی ئەزموونەکانی دیکەوە. ئەمەش بەکەرەستەی هزری مێژوو لە تاقیگەی ئایدیۆلۆژییەتی زەینیدا ڕەها دەبێت و دینامیکییەتی شاعیر دەپارێزێت.

هۆشیاری، وێستگەیەکی ڕۆشنبیری گەورەیە و ڕێنوێنی ڕاگەیاندن دەکات، لە پانتاییی مێژوودا یەکەی بابەتی بەمەعریفە دەبەخشێت. لە بڵندگۆیی شاعیر و جیهانی ڕۆحی شیعریدا، ناسنامەیە. خاوەن تێڕوانینێکی قووڵ و دیدێکی سیاسی بەرین دەبێت. هۆشیاری بیر قووڵی و فراوانی شاعیرە، لە بەرانبەر هەر چ شتێک تیۆری بێدەنگی ڕەت دەکاتەوە، لە هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکانیش بەهەڵە ناڕوات. جێگۆڕکێی تەکانی خولی شاعیر ڕووە و پێوەندیی ستاتیکی و ئۆرگانی هەڵوێست و مێژوو دەبات. پێوەری دەمکاتی مێژوو دەخوێنێتەوە، ڕووداوی ناو مێژوو و ڕووداوی واقیع و مێژوو، هەل و هەڵەی مێژوویی دەنووسێتەوە. ناونیشانی سیاسەتی



هزری و هزری سیاسەت لە خەیاڵ دەهێنێتە پێش. تیشکۆی تەوەری هێما و نهێنی و سیاسەت دەدۆزێتەوە. جەمسەری پۆزەتیڤی کەرنەڤاڵی تراژیدیای کورد لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی ئەزموونی هۆشیاریی شیعرە. سەرەڕای تراژیدیای تابلۆی ڕۆحی "بوون" لە قەڵەمڕەوی شوناسنامەدا و تێوەردانی شیعر لە ئاراوی جیهانبینی و هۆشیاریی و مێژوو ئاوتێکردن، "لە ڕاستیدا مەسەلەی شیعر لە هۆشیاری و شێوە جیاوازەکانی هۆشیاریی جیا نابێتەوە و لە مەسەلەی پێوەندی هۆشیاری و مێژوو نابێتەوە"(١). هەستی مرۆڤانە بەرانبەر بەڕووداو و مرۆڤ دەبزوێنێ، ئایدیای مرۆڤ بۆ مرۆڤ و کێشەی مرۆڤ ناوەڕۆک و ناوەندی دەربڕین لێکردنییەتی. دیاردە و فاکتەرە نامرۆڤییەکانی ڤایرۆسی تواندنەوە و سڕینەوەی مۆری مرۆڤایەتیی دەنەخشێنێت. بۆیە دەلوێ بڵێین: لەگەڵ قووڵبوونەوە و تێکەڵاوبوونی مێژووی شیعری هاوچەرخ ئەو دەرەئەنجامانەی کە گرفتە جەوهەری و بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا و تاکی کورد لەو ساتانە تیایدا دەژی، "دڵشاد عەبدوڵڵا" ئەو ڕابەرە شیعرییە بێت، کە گەیشتبێتە ئەو ئاستە ڕووبەر فراوان و ئەزموونە گشتگیرییە. هەرچەندە ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدانی بەدیارخستنی بۆچوونێکە لە جیهانی ئەم شاعیرە و ناوەندی تراژیدیا و برِوا بەپراکتیککردنی ئەم بۆچوونە لە تێکستی شیعری "مۆمیا"(٢)، کە هەردوو ناوەندەکە لە بەرهەمهێنانی بەشدارن.

## پەڕەناوکردن

هۆشیاریی شاعیر گەییوە و درەوشاوەیە، دەزانێ چۆن ناوەڕۆکی بابەتی شیعری و بابەت هەڵدەبژێرێت. لە شتێکی ئاسایی ڕووداوێکی چارەنووسساز دەتەقێنێتەوە. شاراوە لە ناو ئاشکرا دەتوێنێتەوە و دیار دەکاتە هەوێنی نادیار ئامادەکەر و پێگەیەنەری دیارە. گەورەترین نهێنی ڕووداوی سەردەم لە بنیادی پیشەیەک، یان خولیایەک بەشێوازێکی مۆدێرنیزم دەخاتە ڕوو. نهێنی بەهۆشیاریی لە ڕوانگەی جیهانبینییەوە دەبینێ. لە تێڕوانین و پێڕستی فەرهەنگی لێکسیکی شیعر و ئایدیا بۆ بابەت، کارامەیە. لە نادیارەوە گەورەترین واقیع دەهێنێتە بەر زەین و خەیاڵ. دەنگدانەوەکەی فیزیکە دەنگە. تاکە ڕیانێک لە پێش دەم جەماوەر دادەنێت، بەشێوەیەکی زۆر ستاتیکی وەرگر بۆ دەقەکە پەلکێش دەکات و حەسانەوەی دەروونی بۆ دەڕەخسێنێ.

شوناسنامەی فەنتازی سەرەتا ڕووداوئامێزە بیرێکی خۆپەرستیی جوانترین هیوا لە دۆڵی نامرادی دەخنکێنێ. ڕۆحێک لە جەستەیەکی بێ ڕۆحدا زیندوو دەکاتەوە، تێگەیشتن لە جەستەی ڕۆحی بێ ڕۆح و مراندنی ڕۆحی ڕۆح بۆ ڕۆح بازنەی مەبەستن. شۆڕشی خواست و هەوەس، شۆڕشی



عیرفانی دەخواتەوە، ئایدیای توانست متووربەی زڕە. هێما بەها دەلالییەکانی ئەو سیستەمەیە، شاعیر ڕووداوی لێ وەردەگرێت و قووڵی دەکاتەوە. "مۆمیا"ش شکستی ڕەهای توانستە و ڕاستەڕێی ژیان نییە، چونکە خودی مەرگ هەزار بەند بەژیانەوە دەمانبەستێتەوە. هۆشیارییەکەش لەوەدایە زیرەکانە سنووری گۆڕەپانێکی ڕووداو، پابەند بەهیوا و دواڕۆژی بوون لە بەردەم تاک و کۆ والا دەهێڵێتەوە.

بەمتمانەوە پەی بەیەکێتیی ئۆرگانی نێوان ڕووداوەکە و بوون دەبات، ئەو مانا و زۆرانبازییەش تەنیا لە بنیادی سیاسییەوە سەیر ناکرێت، بەڵکو بەجیهانبینی بۆ مەسەلەیەکی مرۆڤی دەچێت. شاکەسی شیعرەکە و هەرەمی فیکرەکە هێمایە، "هەر هێمایەک لە پێناو خزمەتی فیکر و بابەتی شیعریدا، خاوەنی گەورەترین تین و هێزە"[٣]:

**"بازێک لەنێو بۆفیەدایە**

**بانگی دەکەمە دەرێ"  ل: ٧٧**

سەکۆی جیهانبینی لە جوگرافیای هۆشیاریی ئەزموونی شیعرە، کەواتە شیعر: "بۆ تێڕوانین و جیهانبینی و بینین و خەون هۆشیارییەکی بەگڕ و تینە، واقیع هەڵدەلووشێ نەک تەنیا دیوی دەرەوە بەڵکو بەناخیشدا ڕوو دەچێت. بۆ جەوهەر

دۆزینەوە، زیندوو و چالاک و پڕشنگدارە، ژیان و مرۆڤ و بوون ڕادەچڵەکێنێ"(٤)، یەکەی پێکهاتەی هاوکێشەی مۆمیا دەستنیشان دەکات:

هۆشیاری <—> کەرەستە + بابەت <—> جیهانبینی

**"لەسەر بەرزایی شیعرێک هەڵنیشێ" ل: ٧٧**

فەلسەفەی شاعیر لە گشت دەراوەکانی فیکر و سیاسەت و کارگێڕی، ڕەخنەیەکی بونیادە و بودجەی بنیادی سۆسیۆلۆژییە، دەتوانێ لە ئاستێکی مەعریفیدا ڕاستییە دیاریکراوەکان شی بکاتەوە، ئەو مۆتیڤە هاوسەنگ ڕابگرێت توانستی داهێنانی هەبێت. "هەر فەلسەفەیەکیش پابەند نەبێت بەمجۆرە کارکردنەوە و توانای خۆی نەخاتە گەڕ بۆ لەخۆگرتن و ئابڵووقەدان، دەبێتە فەلسەفەیەکی هەمەئاست و ڕەخنەی نێگەتیڤ دەکاتە ئاسۆیەکی گەوهەریی لێکدانەوە و دەقێکی هەمەلایەن بەرهەم دەهێنێت کە لەسەر تاکە ڕاستییەکی (حەقیقەتێکی) ڕەها ناگیرسێتەوە"(٥). بۆ ئەوەی پتر هێزەکانی خاڵی ناوەوە، کە جەوهەری کێشە سەرەکییەکەن بەهێزەکانی خاڵی دەرەوە ئاشنا بن، هێڵی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکگەیشتن تۆختر و جغزی ئەقڵ گشتگیریی دەبێت. قووڵبوونەوە لە زەمینەی بابەت و کاریگەرترین ڕووداو لە ڕووداوێکی بەرچاودا،



واتا دەقی شیعرەکە بۆ دەربڕین و مەبەست گەیاندن لە نێوان دوو تاقی ئایدیادایە. تێکهەڵکێشی هۆشیاری خاڵی یەکەم لە بۆتەی کاریگەریی پڕ بەرزەڤی نهێنیی خاڵی دووەم، جەمسەری سووری ڕووداوی مێژوویی – خاڵی دووەم– لە بێنگرتنی جەمسەری سەوزی ئاسایی – خاڵی یەکەم – دەردەچێت:




**"بازێک هێندەی چنگێک دەبێ**
**لەسەر بەردێکی بۆیەکراو**
**ڕەق بۆتەوە" ل: ٧٧**

شاعیر لە ناو شیعری کوردیدا لە هاونەوەکانی خۆی درەوشاوە و سەرپەڕترە. بەپراکتیکی ئەزموونی گۆڕانی قووڵی ڕیشەیی بەدەست هێناوە و سەراسۆی قۆناغی هۆشیارییە. "شیعری کوردی لە کلاسیکەوە تا بەئەمڕۆی گەیشتووە لە باری وەستاو نەماوەتەوە، بەڵکو قۆناغ بەقۆناغی بڕیوە. ئەگەر گۆڕانی ڕیشەیی و داڕشتنی قووڵیشی پەیدا نەکردبێت، ئەوە بەبۆچوونی ڕەسەنی لە ئاست شارستانییەتی وڵاتەکەی

هەندێک بنەمای جەوهەری دۆزیوەتەوە کاری لەسەر کردووە. قۆناغی کلاسیک، قۆناغی گۆڕان، قۆناغی ڕوانگە، قۆناغی هەشتایەکان. بوون بەچوار قۆناغی دانپێدانراوی شیعری کوردی، بەڵام قۆناغەکان قۆناغی درەوشاوە نین، بەڵکو لە هەریەک لە قۆناغەکان دەنگی درەوشاوەی نوێنەرایەتیی قۆناغەکەی کردووە: ١- نالی و هاوڕێکانی، ٢- گۆران و هاوڕێکانی، ٣- شێرکۆ بێکەس و هاوڕێکانی، ٤- دڵشاد عەبدوڵلا و هاوڕێکانی"(٦)

فەرهەگی تابلۆ بۆ خزمەتی پرەنسیپێتی مانا، تواناداری لە توانستی شاعیر بەدەردەخا. گەڕان و داگیرکردنی پانتاییی تخووبەزێن بۆ سیمانتیکی نیازئامێز، باوەش بەگشتگیریی دەکات. دەربڕینی بۆچوون و خەون و بینینی شاعیر بۆ زندەنگی و جیهان "دەرەتان بۆ خوێنەر دەڕەخسێنێ دوای ماوەیەک ڕێچکەی یەکێتیی ئەزموونی شاعیر و هاوشێوەکانی بگرێت و بەدوایدا بچێت و دووبارەیان بکاتەوە"

**"تەیرێکی چکۆلەی گرتووە**
**بەئامان و زەمان بەری نادا"** **ل: ٧٧**

لادانی پەردەی گومان لە ڕووبەری ڕاستی و حەقیقەتی ڕووداو، بەندە بەهەندێ هۆکاری پێوەندی نێوان هزری شاعیر



و پەیگەکانی تێکستەکە، ئەمەش "لەسەر ئاستی پەیوەستی زۆر فراوانەوە دێتە دی، کە سەرجەمی کێشەکانی مرۆڤ دەنوێنێت لەگەڵ خۆی و دەوروبەری خۆی و گەردووندا، ئەو بنیادەی کە نووسەریش بەدوایدا دەگەڕێت ناوکی هەموو بنیادە ڕووکەشەکانە و سەرجەمی نەگوتراوەکانە و هەموو تێدا چڕ دەبێتەوە"(٨):

**"بازێک سەیری یەک شوێن دەکا**
**تەلێک لەشی ڕاگرتووە**
**با ناچێتە ناو باڵیەوە**
**فڕینی لە بیر چۆتەوە"** **ل: ٧٨**

دیارە فەلسەفە، یان ڕوانین بۆ فەلسەفە تەنیا خەیاڵکردن و تارمایی وەهم نییە، هۆرکهایمەر دەڵێت: "هێزێکی مێژوویی ڕاستەقینەیە، مۆرکی ئایدۆلۆژی فەلسەفەش ئەو مانایە ڕەت ناکاتەوە کە دەیکاتە هۆکارێکی مێژوویی، چونکە فەلسەفە دەربڕینی هەڵوێستێکی بنەڕەتییە بەرامبەر بوون و بوونەوەر کە لە نێوانیاندا ئاستێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی بەئاشکرایی باس لە خۆی دەکات بەدەربڕینێکی قووڵ کە هەروەکو لە بوارەکانی ژیانی بەکاربردندا بەرجەستە دەبێت".(٩)

چنگەڕنێ لە دەستەواژەی یەکەی بابەتەکە گرفتە

شاردراوەکان دادەماڵێت، واتای بابەت لە قووڵاییی مەغزا، ڕاستەوخۆ ناسادە داخراوەکان دەبڕێت و چێوەی بازنەیەک دادەپۆشێت. بەهێزترین سۆزی ئەبستراکت و هاوبەندی گەردوونی دایک و بوونەوەری دایک بۆ کرۆکی پەنهانەکان دەگوازێتەوە و بەرەو ئاقاری بنەڕەتی "مەبەست" دەبات، چەمکی "نیشتمان" دەگەیەنێت. هاوبەندی (دایک و نیشتمان و باز) لۆژیکە و بلیمەتی ئەقڵی هۆشیاری و جیهانبینی چڕۆی پێ کردووە. بنەمای هۆشیاریی و دایک لە خانەی ئاوەزی زەیندا نیشتمان و بازیش مرۆڤی جەربەزەی نیشتمانپارێز ڕووگەش دەکا. شاعیر بەبەردەوامی خەریکی دنیای شیعرە و زیاتریش لە ناو جیهانبینییە قووڵەکان و مۆرکی مانا و دەلالەدا کار دەکات":[١٠]

**دایکم حەزی لە بازێک بوو**
**لەگەڵ خۆی بیباتە بازاڕ**
**وەختی چێشت لێنان بەدیارییەوە بێ**
**ئاوی بن کوویە بخواتەوە**
**خواردن لە قاپی نایلۆندا بخوا" ل: ٧٨**

هۆشیاریی توخم و کەرەستەیەکی بەرجەستە نییە بەڵکو کاری لێ دەکات و دەیگۆڕێت، بەرانبەر متووربە دەکات. ڕەهای دەلالەتەکانی داهێنان هەنیەی دەسەڵاتی بیر تێرزانە، وەک



توخمێک بەشداریی هەرەمی سۆسیۆلۆژییەکی پێشکەوتوو دەکا. شاعیر هەوڵدەدات خۆی لە جغزە داخراوەکانی هۆشیاریی چینایەتیی ڕزگار بکات، بەهۆشیاریی جیهانبینی تاک و کۆمەڵی کۆمەڵایەتیی بارگاوی بنوێنێ. بۆ ئاگای تێگەیشتن و هەرس پێکردنیان بەجێیان ناهێڵێ بۆ مەبەستی **"مەبەست"** پاڵنەری قووڵاییی هزرە. هەوڵدەدات پێوەندی ڕەوتی خولگەی نێوان شاعیر و دەرەوە، پەردەی لەسەر لابدات و بۆ تێگەیشتنی ڕەها، تارمەییەکانی واتا دەڕوێنێتەوە لە وشەی (بەغدا) ڕستەی ڕایەڵی خەست کراوەتەوە، پشدێنەیەکی پتەوی لە نێوان دەستەواژەکان پێکهێناوە، دوور لە هێما ئەرکێکی دەلالی دەستنیشان دەکات. بەسۆنگەی جەوهەری دەرەوە و لەدایکبوونی مێژووی شکست و سەرهەڵدانی ناوەندێک، ئاستی هێما لەم کردارە دەلالییە کزە. واتا ناوەندی هۆشیاریی شاعیر بەچەقی مەبەستەوە، بەهەمان چەق بۆ ناوەندی تێگەیشتنی گشت باز دەدات:



هەمـوو خـولگە پۆزەتیـڤـە چالاکـەکـان، خـولگە نێگەتیـڤـە سستەکان دەتوێننەوە و ناوەندێکی پڕ واتا لە ڕۆحی شیعرەکە ئامادە دەبێت:

**"بازێک لە ناو بۆفیەدایە**

**باوکم بەدیاری هێنابووی**

**لە سەفەرێکی بەغدادا"          ل: ٧٩**

پێوەندیی نێوان جیهانبینی و دەق، بەشێوازێکی زۆر تایبەت و جدی لەسەر ساغەی "ئاوێتەبوون" دەبێت، ئەرکی کرداریشی پێویستە، کارامەیی شاعیر لە شێوازی نووسین و جۆری دەربڕین دەردەخات، سەرباری بەدواداچوونی زمانی شیعریی." لە ناو ڕۆشنبیری کوردیدا هەوڵی جیدی هەندێ شاعیر دەبیندرێت وەک: (دڵشاد عەبدوڵڵا، جەلال بەرزنجی، ئەحمەدی مەلا، سەباح ڕەنجدەر) کە توانیویانە نزیک ببنەوە لە دید و دیگە و ڕۆشنبیریی کوردی، بەجیهانبینی ڕوونی کوردی دەقە شیعرییەکان دابڕێژن و کەشوهەوایەک دروست بکەن زیاتر کەشوهەوا و مۆڵکی کورد بێت"(١١):

**"نە بایەک چووە ناو باڵی**

**نە تیشکی هەتاوێک لێی دا**

**نە دایکمی ناسی"     ل: ٧٩**

ئازاد ئەحمەد مەحموود (٤)



وێنە شیعرییەکە: "نە دایکمی ناسی" هەڵئاوساوە لە مانا و پڕاو پڕە لە مەبەست. پێوەندیی نێوان چوار میتاڵی سروشت: (دایک، نیشتمان، باز، مرۆڤ)، پێشتر ئامادەی بۆ کراوە، پێوەندییەکی دیالیکتیکییە و ئاوەژوو بوویتەوە. کرداری دەرەکی ناوەندی (دۆڕاندن)ی پێکهێناوە لە دەرئەنجامی جووتە ناوەندی "شکست" و "دۆڕاندن"، هۆکاری ناکردن ناوەندی "بڕوا"ی هێناوەتە ئاراوە:




لە هاوکێشەی "بوون"ی سروشت و مرۆڤ، مردن تەوژمی بڕوایە:




شیعر نەریتی هاوهێزی سروشت و مرۆڤە، بەداهێنان و هۆشیاری، شاردراوە ڕۆحییەکانی مرۆڤ شرۆڤە دەکا و

دیکۆمێنتی وەڵامی پرسیارە، هەروەها "ئەوەمان فێر دەکا ئەو گرفتە ڕاستەقینەیەی ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە ژیانە نەک مردن"(١٢).

شیعر بەلای شاعیرەوە چەتری بوونە و کۆرپەی بینین و جیهانبینییە. دەربارەی دیاردەکانی بوونی شاعیر و مرۆڤ، مرۆڤی بەئاگا بۆ بوون دەزانێ بۆ ژیان چ دەکا:

**"بازێک بانگ دەکەمە ناو شیعرێکەوە**
**لە تەنیایی دەیهێنمە دەرێ و**
**فێری دەکەم**
**چۆن خۆی بکوژێ"      ل: ٧٩**



## ئەنجام

شاعیر بەئەزموونی هۆشیاری بۆ جیهانبینی دەڕوانێ. ڕووداوی مێژوویی دەکاتە هەوێنی واقیع و تیۆری بێدەنگی ڕەت دەکاتەوە، چونکە مەسەلەی شیعر لە هۆشیاری و شێوە جیاوازییەکانی و پێوەندیی هۆشیاری و مێژوو جیا نابێتەوە. شاراوە لە ناو دیاردە ئاشکراکان پێدەگەیەنێ و پێچەوانەشیان دەکاتەوە، پەی بەنهێنی سەردەمیش دەبا. لە جەستەیەکی بێ ڕۆحدا مراندن و زیندووکردنەوە، واقیعی ڕووداوی مێژوویی پێ شی دەکاتەوە، هزری مرۆڤ بۆ کێشەی مرۆڤ بەکار دێنێ. بەدوای جەوهەری کێشەکان دەگەڕێ. ئەو دەرئەنجامانەی کە گرفتە جەوهەری و بنەڕەتییەکانی تاک و کۆی کورد لەو ساتانەی تیایدا دەژی، بەدەردەخا. لە کەرەستەیەکی سادەدا بۆ گوزارشتکردن لە بۆچوون و خەون بینین و ڕوانین، یەکەیەکی بابەتی گەورە لە قووڵاییی مەغزا بەدەست دێنێ. گەڕان و داگیرکردنی پانتاییی بێ سنوور بۆ دەلالەتی سیمانتیکی مەبەستئامێز، شاعیر باوەش بەگشتگیریی دەکات. فەلسەفەی شاعیر ڕەخنەییە و لە بنیادی بووندایە، هزر باڵادەستە. پێوەندیی جیهانبینی و دەق لەسەر بنچینەی ئاوێتەبوون دەبێ و کارامەیش بۆ چییەتی نووسین و شێوازی دەربڕین ڕۆڵ دەبینێ.

دەرئەنجامی (شکست و دۆڕاندن) لە تێسکتی شیعرەکە ناوەندی (بڕوا) پێکدێنێ. لە هاوکێشەی بوونی سروشت و مرۆڤ، مردن تەوژمی بڕوایە. شیعری هۆشیاری، هاوهێزی سروشت و مرۆڤە. گرفتی ڕووبەڕووی مرۆڤ ژیانە نەک مردن. ئەو داهێنانەی شاعیر لە جیهانی شیعردا هێناویەتە کایەوە، زۆری هۆشیاریی هزر و ڕوانینی شاعیرە بەرانبەر مێژوو و ڕووداو و مرۆڤ. بینینێکە بۆ لاوازکردنی ترادسیۆنی ڕوانین.

ئەیلوولی ٢٠٠٣ هەولێر

## سەرچاوەکان

١- بەختیار عەلی، تیرێژەکان و شیعری شێرکۆ بێکەس (لێکۆڵینەوە)، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ، چ1، سلێمانی، 1999، ل21.

٢- دڵشاد عەبدوڵڵا، بزربوونی ناوێک (کۆ شیعر)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2001، ل77 – 79.

٣- د. علي جعفر العلاق، في حداثة النص الشعري (دراسات نقدية)، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، 1990، ص56.

٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل40.

٥- ڕۆشنا ئەحمەد، تیۆری ڕەخنەیی و فەلسەفە، گۆڤاری ڕامان، ژ64، هەولێر، 2001/10/5، ل219.

٦- سەباح ڕەنجدەر، شیعر پاکیەتی ژیان ڕادەگرێت، گۆڤاری ڕامان، ژ50، هەولێر، 2000/8/5، ل 254.



٧- د. سلمى الخضراء الجيوسي، الشعر العربي المعاصر (الرؤية والموقف)، مجلة الاقلام، العدد6، 1986 ، ص13.

٨- نەجات حەمید ئەحمەد، تیۆری بنیاتی شاراوەی دەق، هەولێر، 1998،ل 4.

٩- ڕۆشنا ئەحمەد، تیۆری ڕەخنەیی و فەلسەفە، ل 219.

١٠- هاشم سەراج، دەنگێکی ڕووناکبیر و بونیادێکی قورس، هەڤپەیڤینی: مەحموود زامدار، گۆڤاری ڕامان، ژ38، هەولێر،1999/8/5، ل 122.

١١- ئوسامە حوسێن ڕەسووڵ، سەرەتایەک لە پەخشانە شیعری کوردی، گۆڤاری ئایندە، ژ 37، سلێمانی، ئەیلوولی 2002، ل 48.

١٢- ئاسۆ جەبار، تازەگەری (لێکۆڵینەوە)، چ 1، سلێمانی، 2002، ل 168.

# نوێگەریی شێواز لە پەخشانە شیعری کوردیدا

## پێشەکی

لە سەرەتای دروستبوونی ژیانەوە ئەدەب بەهەموو شێوەکانی گوزارشتی لە خەون و هۆیەکانی مانەوەی مرۆڤ کردووە، هەستی تەبایی و دژیشی تێیدا ورووژاندووە، تێڕامان و تاسە و پەرۆشییەکانی زیندوو ڕاگرتووە.

چامەی درێژ کە چەشنێکە لە چەشنەکانی شیعر، کۆڕەگەزە، ڕەگەزی ئەفسانەیی و دەمامک و مێژوویی کردووەتە بنەمای فرە دەنگی و فەزایەکی بێ پایانی بۆ کردووینەتەوە، زۆرترین مانا و بیر و هونەر لە سیما و سروشتیدا مایەی گفتوگۆن، خۆی کردووە بەناوەندێکی گرنگ و کاریگەر. لە ڕیتم و ئاوازیدا دەتوانرێ دەنگەکان ببیسرێن و سنوورەکانی بیرکردنەوە تێیدا کراوەن، نوێگەری شێوازی فرە دەنگی ئاسۆکانی دیاری دەکەن. دەتوانێت هونەری ڕۆمان، پەخشان، چیرۆک، بەیت، شانۆنامە، سینەما، نۆتە، گۆرانی، شێوەکاری... تاد، بهێنێتە ناو ڕایەڵی ڕستەکانی، بەهونەریترین شێواز پەخشی بکاتەوە.

ئەم چەشنە شیعرە مێژوویەکی لک و پۆپداری لە ناو ئەدەبی



کوردیدا بۆ خۆی تایبەت کردووە. هەر لە دوو چامە هەواڵئامێزەکەی «نالی و سالم» تا دوو هاوینە گەشتە فۆتۆئامێزەکەی «گۆران».

لەگەڵ بزووتنەوە و گەشەکردنی شیعری نوێ لە سەرەتای حەفتایەکاندا، جۆرێک دەربڕین و شێوە و زمان و شێوازێکی دیکەی وەرگرت. شاعیران لە برەوپێدانی بەردەوامن. «سەباح ڕەنجدەر» لە ناوەڕاستی هەشتایەکانەوە هەموو خولیا و توانستە هەڵبژاردراوەکانی لەم ژانرە ئەدەبییە تاقی کردووەتەوە. شاعیرێکی پڕ کار و چالاک و بەخششداری ئەو چەشنە شیعرەیە، لەسەر ئاستی (زمان: شێوە: مانا: جیهانبینی) جۆرە قووڵاییەکی والای خۆڵقاندووە. مێژووی کردووەتە سەرچاوە و هێزی نووسین، بەڵام مێژووی نەگێڕاوەتەوە. پابەندی هەستی بەسیاسەتبووی دیاریکراویش نییە. خەمی گشتیی کردووە بەهەقیقەتی بینین و کەناڵی جیا جیای خەیاڵکردن، نوێگەری و داهێنان وەک ڕووداوێکی ئەدەبی لێیەوە تەماشا دەکرێت، دینامیکییەتێکی دیکەی داوەتە زمانی ئەم چەشنە شیعرە، ڕۆحی ژیان لە ئامێزی زیاتر پێوەندی بە"بوون"ەوە کردووە. (سرووش)[١] چامەیەکی درێژی تۆکمە و بژاردەی پەخشانە شیعری[٢] کوردیمانە.

## نزیکبوونەوە لە هێما و ئاماژەکانی چامەی سرووش

ئەگەر بەشێواز و هێمای هەمەچەشنە و توێژینەوەیەکی فرە بینین و ئەندازەیی بەئاست و ئاراستەی هونەر و مانای چامەکەدا برۆین، گەشانەوە لە شێوەیەکی بەرزدا دەست بۆ نهێنییەکانی ژیان و بەرگری لە شیعرییەتی خۆی دەکات، چونکە هەڵقوڵاوی بیری واقیعێکی دیار و ڕووناکە. کولتوور دەهێنێتە دواندن و هێز لە گەلێک میتۆلۆژیا وەردەگرێت، باوەشی بەنوێگەری و هاوچەرخییەتی دەکاتەوە. شاعیر لە جەستەی چامەکەیدا: (مەجاز و ئیستیعارە و کینایە و مۆسیقای جوانی تێدا بەخەرج دراوە. نرکەی "ئیعتیراز" و "تووڕەیی" تێدا هێمنانە بەدەنگ هێناوە... وێنەکان زۆریان لە خەونی ناخۆش دەچن، بەڵام بەم دێرە شیعرانە سەرلەنوێ لە جەنگەی ژیاندا، تێهەڵدەچێتەوە)[٣]. لە کەشی واقیعەکەی خۆی و خێرایی واقیع و ڕووداوە سەپێندراو و سروشتییەکەدا، بەئاگایانە هاوسەنگییەک پێک دەهێنێت. بێتو مرۆڤێک هەستی جوانناسی لا پەیدا بووبێت بەوردی و هێمنی و کامێرای ڕەخنەی پەسندی بنیادەوە، پەخشانە شیعرەکە، یان ڕۆمانە شیعرەکە بخوێنێتەوە ئەو بۆچوونەی بەلاوە سەیروسەمەرە نابێت بڵێین: شاعیر ئەزموونی تەمەنی ڕۆشنبیریی خۆی لەم



چامەیەدا چڕ کردووەتەوە، ساڵەکانی ژیانی بەهەموو گۆڕانکارییەکانەوە لە: بینین و خودی وریایی: ژینگە و بوونەوەر: سیاسەت: کۆمەڵایەتی: دەسەڵات و ژووردەسەڵات و... تاد. ئەندازەییانە ڕایەڵی خۆی لە گشت بوارێکدا هۆنیوەتەوە، لەگەڵ ئەمەش ئەم قەناعەت و ڕاستییە ڕاگەیاندراوە: (سەباح ڕەنجدەر ستوونێکی سەرەکییە لە بزووتنەوەی نوێگەری شیعری کوردیدا)[٤] پتر لە خوێندنەوەیەکی بۆ واقیعی گەرم و چالاک خستووەتە گەڕ، ژیانی لێکداوەتەوە و هەوڵی گۆڕینی دەدات، ئەم هەوڵەشی پاڵپشت و بزوێنەر و کار پێ کردووە بەوەی ئەوپەڕی بڕوابوونی بەهێزی مرۆڤ و مرۆڤپەروەری دەهێنێتە دی.

هەر لەو کاتانەی شاعیر تازە سەرەتای ئاشنایەتی بوو لەگەڵ شیعردا من کەرخی شیعرەکانیم هەڵگرتووە و بەدوایدا چووم، تا ساتەوەختی ئەم چامەیە بەخششدارەی. هەرچەندە چامەکە لە دەفری "خەون"دا قاڵ بووەتەوە کە دەستەبەری شێوازێکی ئاخاوتن و جۆری گفتوگۆیەکە، شاعیر توانیویەتی لە هزری خەونەکەدا، کە زمانی دەربڕین و گێڕانەوەیە، واقیعێک لە جەستەی واقیعێکی جووڵانەوەی هەمیشە بەرەو گۆڕان لەگەڵ ئایدیا و ئایدۆلۆژییەتی بیری مرۆڤ، ڕاکێشێتە ناو نووسین. خەونی شیعر: (پێش هەموو شتێک پشدێنە خەونبینێکە،

تێڕوانینێکی سۆفیانەیە، یەکبوونی شتە خەو پێ بینراوەکەیە)[٥]. خەونی شیعر لە لای شاعیر: (گۆڕانکارییەکە لە سیستەمی ئەو شتانەی کە خەونیان پێوە دەبیندرێت و لە سیستەمی بۆچوون و تێڕوانینی کەرەستە و شتەکانی خەونەکە)[٦]. ئەم خستنە ڕووانەش ڕەنگدانەوەی توانستی بیرکردنەوەی شاعیرە، چونکە پێی وایە ئەنجامی بیردۆزی ژیانی ڕاستەقینە "خەون"ە. هەر لەو خەونەدا کە تەنیا خاڵی بەیەکگەیشتنی شاعیر و ئاواتەکانی نییە، بەڵکو تێکەڵ و توانەوەی هەردوو جەمسەرەکەن "شاعیر و خەون" هەر لەو خەونەدا سەربەستی ژیان بەدەست دەهێنێت لە ژیانی ڕاستەقینەدا دەسەڵاتی بەهێز مافەکان بەرزەفت دەکات. وا بیر دەکاتەوە کە زمانی هەقیقەت هێشتان دانەمەزراوە و ئاخاوتنی پێ نەکراوە، "خەون" بەرپرسی ئەم زمان دامەزراندنەیە.

## بەشی یەکەم: بەدیهێنانی خەون

باره جۆربەجۆرەکان و پێکهاتەی گەشەکردن کە دەیەوێت بەشداری داڕشتنی ئەزموونی جوانکردن بکات، ئەم چامە بەخەون بووە، ئاماژە گرتنە لە نووسین و کتێبە فرە واتا و فۆرمە ئاسمانییەکان: "تەورات: ئینجیل: قورئان". هەرچەندە پیرۆزییان لە پەردەی خانەکانی مێشک و شەپۆلەکانی هزردا



حەشار دراوە، شاعیر ویستوویەتی بابەتێکی لێوە بهێنێتە بوون. لواوترین و لە هەمان کاتدا بەرپرسانەترین دەرەتانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نهێنی و پرسیاری پەسند، بایەخدانە بەو ڕۆڵە تایبەتییەی دەری خستووە. ژیان و واقیع لە نووکەوە دەست پێ دەکاتەوە:

**"کتێبی چی ئێمەی هێنا بەکراوەیی**
**لە دەستە گوناه نەکردووەکانی**
**بووە گیانێکی شیاو دابەزییە سەر زەوی"   ل: ٣٩**

شاعیر بەوردبوونەوەیەکی وریایانە لەگەڵ شوورەیەکی بوونەوەر بەبیری ئەنثرۆپۆلۆژیا ڕسکاو بەرێوە دەڕوات، تا لە ناکاو و پشووی درێژی دەکەوێتە دڵەکوتە و بەئەوپەڕی توانستەوە بەژیانەوە دەلکێ. ئەو ژیانەی شاعیر لە ناو چامەکەدا دروستی کردووە، دەیەوێت کۆمەڵگای کوردی بگەیەنێتە بەختەوەری و گەیشتن بەهەستەکان:

**"بەهەردوو دەست توند ژیانی گرت و دەمی کردەوە**
**بڕوای کرد بەبازێکی ژیر**
**بۆ حیکمەتەکانی ڕووناککەرەوەی چاو و نیگا**
**ئاسمانی سەرگەردانی بەئاسوودەیی پێوا"   ل: ٣٩**

پاشان بۆ ژیان ڕووبەڕووی پرسیارێکی هزری، وەڵام

چاوەڕواننەکراو دەبێتەوە:

**"بۆچی بوو ئەی ئاسمان" ل: ٣٩**

بەهای ئەدەب ئەوە دەیسەلمێنێ سنوور و گشتگیری قەڵەمڕەوی خستووەتە ئەو تای تەرازووەی کە تاکەکان بەڕوونی و بەڕاستی مافی سوود وەرگرتنی ئازادییان لە ئەقڵ و جەستەی خۆیاندا هەبێت، چونکە شیعر: (لە هەموو کات و شوێنێکدا، بەڕێگایەکی زۆر کاریگەر لە مرۆڤدا، نوێنەری هامرازی دەربڕینی ڕەسەنایەتی و واقیعیەتە)[٧]. هەستە گیانییەکان خراوەتە کار و بیر لەوە کراوەتەوە، کە فەلسەفەی ئەدەب بۆ ژیان، کاری ئەفراندن لە تاکەوە دەست پێ دەکات:

**نامە ئاڵوگۆڕکردنی نێوان ئادەم و حەوا**
**هاوسەنگی زەویی تێک دا**
**مەلەوانی لە ناو شەپۆلی توورە و توند و هەڵچوو**
**خوێنی ماسوولکەکان دەکاتە**
**دارگێلاسێکی وشکبووەوەی لە بیر کراو ل: ٤٠**

ئاماژەی گرینگ بەبیری فەلسەفیی دەدات. چی ئەم ئاماژە گرینگەی پێ داوە. بێگومان "ژیان" ماکەکانی ئاسوودەیی: ئەو هۆکارانەی کە دەبنە ژێدەری بیر ئاڵۆزبوون: حەوسەڵەی ململانێی ڕاکێشانی گومان و ڕاستەقینەیی: سرووشی ئاگای



سروشت[٨] و توانستی دەسەڵات و زۆر شتی دیکە، بوونەوەری سڕیوو ڕادەچڵەکێنن:

**"شەپۆڵێک گومان توورە و توند و هەڵچووی کردبێت" ل: ٤٠**

لە ڕێگای خەونی ژیانەوە پەیتا پەیتا خۆی لە ناو خانەکانی مێشک دەئاخنێت و بەئەسپایی هەوڵی ڕاستی دەچەسپێنێت. وا دەکات بیر بۆ بوون و ژیان بجووڵێت. شاعیر بێ وچان هەوڵدەدات ئەو کەرەستە زیندووانەی کە لە ناخیدا نیشتوون، بۆ جەستە و گیانی گشت مرۆڤێک بیگوازێتەوە:

**"سەرگەرمی نەمریی نییە**
**لە پەناکانی ژیان**
**فریشتەیەکی ڕەخسیوی ساکار**
**بەپێی کوتراو ڕادەکات" ل: ٤٠**

بەتیۆری ڕەخنەیی و فەلسەفی بەڕێوەبردنی ژیان ئاشنایە. بەسۆنگەی ئەوەی کە فەلسەفە ڕوونکردنەوەیە لە واقیعی کۆمەڵایەتیدا بۆ پراکتیککردن، کلاوڕۆژنەیەک دەکاتەوە، بەپانتایی و تیۆری فەلسەفیی کارامانە دژە وشە و دژە واتا بەنیاز و مەخسەد لە ڕاستیی واقیع هەڵکێشراو بەرامبەر بەیەک دادەنێت.

شاعیر لە فەرهەنگی لێکسیکی کوردیدا، ئەم وشە و

دانەوشانەی بۆ ژیان و مردن، بوون و توانەوە: هەنگاوە بەراییەکان و دواییەکانی ژیان: تێکۆشان و داتەپیوو: پڕ واتای ڕاچەنیو کردووە. توانستی تاکی وشە: (زۆر جار جەستەی بابەت پەرت دەکەن و هەندێک جاریش وشە و پەیوەستەکانی وشە بەیەکترەوە ئەوەندە چڕ دەبنەوە کە لە تەنیا وێنەیەکی شیعریدا بابەتێکی کامڵ دروست دەکەن، ئەو کاتەش شیعر بانگێشە بۆ بابەت ناکات، بەقەدەر ئەوەی لە بابەتەکانی ورد دەبێتەوە و شییان دەکاتەوە بۆ ئاماژە بۆ کردن ئیحای زۆر چڕ و سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێتە سەر دەسەڵاتی وشە لە نواندندا)[٩]:

**منداڵدان و کفن**
**لانک و گۆڕ**
**بێ وچان بەدوایەوەن**    **ل: ٤٠**

هەموو تاکێک و گشت شاعیرێک لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەو مافەی هەیە لە سێبەری ژیان داڵدەی "خۆشی" بدات، پەردە لەسەر ئەڤین و ئارەزووی خۆیەتی و چەندایەتی و چۆنایەتیی ئەو خۆشەویستییەی وەلابنێت. لە ناو گێژەن و چاودێر و ماندووبوونی ژیاندا، ڕاستەوخۆ بانگی خودی بەتینی خۆی بدات. زەمینەش بۆ ڕەخنەگرتن لە بوون





خۆش بکات، بەڵام کام ڕەخنە. ئەو ڕەخنەیەی کە کراوەتە هۆکارێکی بنەڕەتی فەلسەفەی تێڕوانین.

شاعیر وردبینانە تێڕامان لە "هەفتەی ئاسوودەیی" دەگرێت، بەلای ئێمەوە چەمکێکە دەلالەت لە خودیەتی پەتی دەدات و بەڕێگا نادیارەکانی خودی پەتی گوزەرمان پێ دەکات. وزە و بزاوتی ئەفراندن دەمانگەیەنێتە ماڵی حەوانەوەی شیعر. ئاشکراشە کە شیعر: (زمانی دەروونە و شاعیریش وەرگێڕی ئەو زمانە دەروونییە)[١٠]:

**"هەفتەی ئاسوودەیی ئەی بەردەوام لە پێشبڕکێ و پێشوازی**
**ئەم گیتار و ئاوازە دیاری خوای دڵکەش و ئارام بەجوانیی بوو بۆ من**
**نەیانهێشت لە ئاهەنگی سەرکەوتنم**
**بیانکەمە سروودی گوڵی لە سێبەر گەشە کردووی**
**ئەو مێوانانەی بەفەرمانی نووسەری هەموو ژیان**
**لەبەر تیشکی بەرهەمی بێ پەروایی**
**پەرستراو و سروشت خەونیان دەگەشاندەوە"**    **ل: ٤١**

جووڵانەوەی پاڵەوان لە بوون و بونیادی چامەکەدا خاوەن بڕوایە، بڕوا بەدیاردەی پراکتیک نەک وەهم و حەز، کێلبوونەوە ڕووەو میتافیزیک، پێوەندی کاری مرۆیی بەفەلسەفە: هەڵوێست

وەرگرتنی ڕەخنەیییانەی چییەتی بەرامبەر دەرخستن دێنێتە سەر ئەوەی، کە بۆچوون بەچالاکی و کارەوە ببەستێت. هزر بەمێژووەوە گرێ بدات: ناوەندی هەڵوێستە فیکرییەکە بەئایدۆلۆژیەتی پێشکەوتنخوازییەوە پەیوەستە، لە مێژوو وەربگرێت. فەلسەفەی پێشکەوتنخوازی پەیژەی سەرکەوتنی تاک و کۆمەڵ. نەک دۆڕاو و ژێرکەوتوو.

واتە تێڕوانینی واقیعییانە بۆ واقیع و بوون:

**"دوو چاوی نیوە کراوی قاچ بەهێزەکان**
**پاراستنی تایبەتمەندییەکانی ئەو ئاوەن**
**کە ئێستاش کەشتی لافاوە گەورەکەی تێدا لە گێژەنە**
**گێژەن شاباش**
**لەشکرێک بەدیل گیرا**
**سەرلەشکریان کەشتییەوان بوو"          ل: ٤٢**

لە دووڕیانی بیرێکی ئاینی هاوتەریب بەکۆمەڵگای کوردی بۆ دەرخستنی لایەنی پەسندکراوی چاکە و بەسوود: ناپەسند و زیانبەخش: خۆی دەبینێتەوە. خوای خێر و بەرەکەت و باشە "ئوهرەمەزد" و خوای خراپە و ئاژاوە و ئاشووب "ئەهریمەن" بەدەستەبەری وشەی "دووگورد"ی نوێژ، هێمایە بۆ ئوهرەمەزد و پیرۆزکردن و خوادواندن و وێرد خوێندن. بۆیە "دووگورد"ی



هەڵبژاردووە چونکە هێمای ئەدەبی بریتییە لە: (وشەیەک، یان دەستەواژەیەک نیشانە و دەربڕینە بۆ شتێک، یان ڕووداوێک)[١١]. ئەو هێما ئەدەبییە: (ڕۆڵی هەیە لە دەربڕینی شتێکی دیاریکراو و پانتایی هەموو شتەکە دەگرێتەوە و جاری واش هەیە سنووری شتە هێما بۆ کراوەکە دەبەزێنێت)[١٢]. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە شاعیر پێی وایە: گۆڕانکاری و دژایەتی کۆمەڵگا پێوەرە ئەقڵییەکان پێکیان هێناوە. نرخ و بەها بەلایەنی یەکەم و لایەنی دووەمی "ئەهریمەن" ڕەتکردنەوەیە:

**"زیندوویی**
**مردوویی**
**باڵی بۆنخۆشی یەک بازن**
**زەمینی وشک**
**ئاسمانی بەباران**
**ئەوانیش باڵی بۆنخۆشی یەک بازن**
**باڵێک هێندەی دووگوردی نوێژ**
**دڵنیا و ئازاد و بڵند و بەپەیمان"          ل:٤٣**

لەوەش وردتر دەربارەی دوو باڵی ئاماژە بۆ کراو، فەلسەفە ئەقڵییەکەی شاعیر لە ئاسمانی بەخششی خۆیدا، وێناکردنی

خەیاڵی و وەهمی نییە، بەڵکو بنچینەی: ڕەسەنی: بیردۆزی گشتیی نەتەوەیی دەرخستووە: دوو ئایدۆلۆژی خاوەن سەرکردە و جەماوەر: لووتکە و بنکەی نیشان داوە. تەنیا بەوەش قنیاتی نەکردووە لە ناوەندی تێڕوانینی تیشکی خۆیدا پتر بەناوی باشە و چاککردندا ڕوو دەچێت و متمانە دەبەخشێت، مشەخۆر و هەلپەرست ڕیسوا دەکات، نهێنیی بوێری و دلێریی والا دەکات، وێردی ڕۆح بەهۆکار و بنەمای بردنەوە دادەنێت. قوربانی و مردن بەسەرەتای ژیانێکی نوێ دەخوێنێتەوە. تەلارێکی بلوورینی سایکۆلۆژی پتەو بۆ ژیان بەمردن دەڕازێنێتەوە. مردن کلیلی نهێنییەکانی ژیانە:

**"چی ژیانی بەزەوی بەخشی**
**زەوی چی بەژیان بەخشی**
**ژیان چی بەزەوی بەخشی**
**مردن نهێنی هەموو ژیانە"      ل: ٤٣**

(سەباح ڕەنجدەر شاعیرێکی هێمن و لەسەرەخۆیە، ئەگەر سەرکێشیش بکات بەڕێی خۆیدا تێدەپەڕێت، دەنگی بەسەر کەسدا بەرز ناکاتەوە)[١٣]. بۆیە دژوارترین باری دەروونی و سایکۆلۆژی بۆ هەلپەرست: کە بەزەبروزەنگی واقیعی نامەعقوول بنیاد نراوە پەڕەناو دەکات، بچووکترین مافی منداڵ



کە "گەمە"یە لە لای ئەم چینە ڕەت دەکرێتەوە. ئەخلاقییەتی سڕینەوە و خۆخۆری، پێکهاتەی بنەڕەتی ئەم گوممەتەیە:

**"قۆپچەی برۆنزی بەکراسی ئەو منداڵانە دەدرەوشێنەوە**
**لە بەرامبەری گەمان دەکەن**
**ئەو بەشەوق و تاسەی منداڵان دڵ توندە"      ل: ٤٣-٤٤**

شاعیر لە ژیانی ڕۆژانە و سروشتی خۆیدا فرە پرسیار نەک تەنیا لەمەڕ شت و چەمکە شاراوەکان، بەڵکو لە ئاشکراکانیش دەکات. لە کۆمەڵگای کوردی: ژیان: تاکەکان: بوون. پێی وایە لە ڕێگای ئەم پرسیارانەوە توخم کرۆکی مرۆڤ و هەموو شتەکان دەدۆزێتەوە، تیۆری ڕاستیی ئەقڵی بەدەست دەهێنێت. ئەم دیاردەیە لە ناو چامە پەخشانییەکەیدا بەهێزەوەبوونەکانی بەر دیدە تووشی ڕاوەشاندن و بەئاگاهاتنەوە و بەخۆداچوونەوە دەکات. دوای کۆمەڵە پرسین و ڕوونکردنەوەیەک: بەڵێ و نەڵێ: بەکارامەیی بەکارهێنان و هەڵبژاردنی وشە بۆ وشە: دژە واتا و هاوواتا: دەستەواژەی ئەبستراکت بۆ پراکتیکی دیتنکاری: سێرکەوان و خۆشی: سێبەر و هاوین: هەتاو و زستان: برین و ڕۆنی بەڕوو. بەپەیگەیەکی ئەندازەیی بەزین زۆر بەتوندی پشتەوشار دەکاتەوە، گەشبینی لە بەکارهێنانی ئەقڵدا دەورووژێنێت. شاعیرێکی بەئەزموون بەشایەنی زانیوە بڵێ: (سەباح ڕەنجدەر شتی باش دەنووسێت)[١٤]:

**"سێرکەوان خۆشییەکانی لە ژیانت بینیون**
**دەتوانی چەندیان بژمێریت**
**سێبەر لە هاوین وشیارە**
**هەستی منداڵیی ڕێبواران**
**لە گۆرانیدا دەکاتە پاداشتی ژیاننووس**
**هەتاو لە زستان وشیارە**
**هەستی منداڵیی ڕێبواران**
**لە گۆرانیدا دەکاتە یاداشتی ژیاننووس**
**داهێنەری ئاگری ئەمەکدار**
**برینەکانی لەشی بەڕۆنی بەڕوو تیمار دەکات**
**هێشتان بەهار لاوە گیایەکانی بۆ دەرمان دەشێن**
**بۆنی گیای تەڕ و پاراوی پڕ وزە**
**دڵخۆشی و خوێن جمانی ئەسپە**
**ئاوێنە لە سێبەری پیلانگێڕ نییە**
**هاوپەیمانە لەگەڵ ڕاستگۆیی ڕۆشنایی"          ل: ٤٤-٤٥**

سۆز بەسەر هێڵە تەریبەکانی بۆچوون و چارەنووس و دواندنیدا زاڵە، بیری پێشتر دووبارە دەبێتەوە، درێژەی بەچەمکەکە داوە، ئەمە ئەگەر هەر تەنیا بێنگرتنی خولی خۆشەیستی و وەفایی بێت ئەوە زووتر بەئەنجام گەیەندراوە.



بێتو مەبەستی ڕوویەکی دیکەشی بیر و بۆچوون و دابینی پتری ئامادە بووبێت و هاوئاواز دەبن، ئەوە بۆ شاعیر نامۆیە. تەنانەت لە دوا وێنەدا پێوەندییەکانی نێوان دەق و خوێنەر دەهەژێ. سنوورەکانی نێوان سەرەتا و کۆتایی لە کوێوە دیاری دەکرێن. ئەم پرسیارە بوونییە دەبێتە سەرچاوەی ئەم وێنە پڕ وزەیە:

**"وابزانم چاوم بوو نەیزانی بۆنی ژیان**
**لە کوێ پەخش کات و هەڵەی پێ کردم"     ل: ٤٨**

## بەشی دووەم: تێڕامانی زەینی

بەئاگایانە و ژیرانە چووەتە ناو حیکمەتی جیاکردنەوە و ناسین. تیۆری ڕەخنەیی پرسیاری فەلسەفە لەگەڵ زانستە مرۆییەکان یەکسانن و هاویەکن. فەلسەفە لەم چامە شێواز پەخشانییەدا فەلسەفەیەکی ڕەخنەییە، لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا هەوڵی بنیاد و داڕشتنی تیۆرییەکان دەدات. لەگەڵ بەئەنجام گەیاندنی ئاکامی زانستیی کۆمەڵایەتی دەستەویەخەیە، بەبێ ئەوەی پابەند و ملکەچی ئەنجام و کات بێت. چامەکە جەمسەری تیۆری ڕەخنەیی لە کەشی ڕاستەقینە بەیەک دەگەیەنێت، لە ڕاستگۆیی سۆسیۆلۆژی دەسەڵات بەگومانە، پێشی وایە توانستی بەدیارخستن و پێشکێشکردن، فۆرمێکی

سەرتاسەری نییە، بەتایبەتی ئەو وێنانەی کە لە ژێر چاوڕوونی تاقیگە و ئەزموونە بەئەنجام گەیاندراوەکان قوتار بووبن:

**"نووسەری هەموو ژیان بەناوبانگ و فەرمانڕەوایە**
**پێویستی بەناونیشان و کات دیاریکردنە بۆ دیدار**
**زەوی و ئاو و ئاسمانی خستە بەرنیشان و ئەڵقەی**
**کەوان**
**لەبەرچی نهێنیی هەموو چاوەکانت دزی**
**بەبێ چاودێریش ڕێیان نەدای ناسیار و کەسوکارت**
**ببینی**
**چاوێک بەبێ چاودێریکردن ڕووگەی لە بینین**
**بچووکبووەتەوە**
**ئەی بۆ هێزت دایە خەیاڵی باوەڕپێنەکراو**
**نەتهێشت بازی دەنگ گەرم**
**ببێتە بیرەوەرییەکی لە هەتاوی چاوساغ موتوربەکراو**
**یان دڵخۆشی مێوانەکانی ئاهەنگ**
**دزەکانی دەریات دەوڵەمەندکردن بوون بەرابەر"  ل: ٥٠**

بیر لەم چامە پەخشانییە، یان ڕۆمانە شیعرەدا. بیری ناوەندێکی تلاوەی هەمیشە لە هەوڵی خۆ ڕزگارکردندایە، ئایدیای ناخی ئەم کۆمەڵگایە گوڕ و هێز و توانستی پێ



بەخشیوە، تەلاری بلوورینی ئاینده و خەون و خەیاڵی هەر ئەم دەستەیەن. لە ناویاندا ناسنامەی خۆی ئاشکرا و ڕوون نیشان داوە. خۆی نەدزیوەتەوە و جیهانبینی وێنە کردووە، چرای دەربڕین و جیهانبینی هەڵکردووە، بەرامبەر سروشت و بوونەوەر نهێنییەکانی درکاندووە:

**"منداڵەکانی کتێب بەسەر چەندین کیشوەر دابەش کراون تۆماریان بەگەڵێ زمانە"  ل: ٥٠**

میکانیزم و نەمری ڕۆح دەگاتە بزووتنی بێ وچان. هەڵخستنی ڕوویەکی دیموگرافییانە. لە ڕووبەری هەستی شاعیرانە بۆ بەرامبەر تەکنیکێکی هونەرییە، تەمی ئەگەر و گومان لە ئاسۆی دنیابینیدا دەسڕێتەوە:

**"پەیام ڕەگەزی خوێنپاک نووسیوەتی**
**پەیامبەر ماڵی سرووشی لە ناو دڵی گوڵە**
**خاڵخاڵۆکە بردییە ناوی**
**خوێنی دڵی بەجۆشی پەیامبەر ڕژایە لوولەی تفەنگ**
**خوێنی دڵی بەجۆشی پەیامبەر ڕژایە گۆڕەکەی**
**میکرۆفۆن"  ل: ٥٢–٥٣**

ئینجا بەرەچاوکردنێک وەک حەکیمێکی ناسنامەدار دێوەزمە

و ئاوەژوویی پەیامبەر دەدۆزێتەوە، بەوپەڕی متمانەوە ڕستەیەک دەتەقێنێتەوە:

**"نووسەری هەموو ژیان مقەڵێت بکە بەچاوی ژەنەراڵی دۆڕاو"**
**ل: ٥٣**

دەربڕین و مانا ئازادکردنی ئەدەبی داینەمۆی هەستی جوانناسی جەماوەرە، باری داتەپین و نائومێدی هۆکاری بەرگری و بەگژداچوونەوەی دیکتاتۆری جوانیکوژە. دەربڕین و مانا ئازادکردنی ئەدەبی زەمینە خۆشکەرە بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین و بەگژداچوون. ژیان ناوەندە. هەموو نووسەرێکی خاوەن هێمای ڕووناکی کە مێژووی جوانناسی ئەم بوونە دادەڕێژێت، ڕادەکێشێتە ناو خۆی بۆ بەرزی و بەرگری ئامادەی دەکات:

**"بازی خرۆشاو بڕوای بەزەوی نەما**
**دەنگی لا جێ بهێڵێ بردیە ئاسمان**
**دەستێک لە ناو وەرزەکان**
**بەفری کردە دەنکە گەنم بوون بەدۆستی کێڵگە**
**ئەسپ فەرمانت بەچییە**
**سەرپێچی و پێداگرتن**
**بەهێز بڕوانە و تێپەڕە " ل: ٥٦**



لە بینینێک کە لە سەرجەم حەسانەوە دەروونییەکانی مرۆڤ خوڵقاوە، دەڕوانێتە ژیان و کۆمەڵێک ئاراستە دەگرێتە خۆی، هەمیشە لەگەڵ هیوادا دەژی، لە کەشی هەست نقوم بووە. ئەو کەشە دەکاتە مێژووی جوانی، هەموو زەمین بەهارمۆنیەتی ڕەنگی تابلۆ دەبینێت. وێنە لای خاوەن گیان و هەستی شێوەکارییە. تابلۆ دەبێتە شیعر و شیعر دەبێتە تابلۆ: "تابلۆ و شیعر" یەکەیەکن زەینی بەزاخی شاعیریەتی "سەباح ڕەنجدەر" بەرەو یەکیەتییەکی هونەرمەندانەی دیاردە ئەدەبییەکان دەبەن:

**"دایکی هەر هەموومان هات ڕستەیەکی ئاسوودە کرد**
**سێبووری نەیهێناوین**
**ڕەنگی ژیان لە ئێوارە دەگۆڕێ و خەڵات دەهێنێ**
**بۆ کوێ دەڕۆین**
**دیارییە سادەکانمان بدەین بەکێ**
**زەمین بریتییە لە ڕوخساری ماندووی**
**کەسنەناسێکی ناو تەپوتۆزی پەرش و بڵاوی**
**برادەری ناز و مەنزڵ و نیاز بەدوایدا نایەن**
**دڵنیایە لە هەموو شوێنێک خوای لەگەڵدایە**
**لە ماڵ و سەیرانیش منداڵەکانی" ل: ٥٧–٥٨**

## بەشی سێیەم: بەکارهێنانی زمان

بۆ دروستکردنی جیهانی بێ گەرد و شکاندنی پێکهاتەی ناسروشتی، لە خەون دواندن بەردەوامە، بەڵام خەون لە چامە پەخشانییەکەدا خەونی بێهۆشی نییە. خەونی واقیعە، ئەو واقیعەی بەدوارۆژ و ناوەندی کۆمەڵگای کوردی و جوانناسییەوە بەندە . واقیعی واقیعییەت دەدرکێنێت، کە لە ژێر یاسای زانستی پاراسایکۆلۆژیدایە، شاعیر وێنەی[١٥] دەکێشێت، دەربڕین لە ڕاستیی ئەقڵی مرۆڤ دەکات. هەستکردنی پێش ڕووداو: ئینجا ئەنجام.

کۆمەڵە شتێکی وەک سۆز: بێ گەرد: جەربەزە. کە مایە و بەهای سەروەری و سووری ژیانی ئادەمیزادن، لە کتێبی چارەنووس ناویان تۆمار دەکات و دەیانکات بەناوەند و ڕستەی ڕاستەقینەی شیعر. لە بانێژەی وەفا و بەجەرگی، برادەرایەتی لەگەڵ ئەو تاکە دەبەستێت کە لێک دوور نین، خودی خۆی، ڕوونتر پێوەندی ناخ بەناخی ناخەوە، کە ئەقڵانییەتی کۆمنیکاشیۆنی باڵادەستە، یان بەرپرسیارە لە چارەی گشت کێشە فەرهەنگی و سیاسی و هێماییەکان. بەوردی پەیگەکانی پەروەردە دەکاتە ئاوێنەی خۆناسین و بازنەی چاوهەڵهێنان تا کۆتایی پێیدا دەڕوات، چەند واتایەکی لێکسیکی تەواوی



بازنەکە تەواو دەکەن: منداڵی: چارەنووس: شکۆ: سەرەتا.

ڕیزبەندی وشەکان بەو شێوە و فۆرمە دروستتر دەبوو: سەرەتا: منداڵی: شکۆ: چارەنووس. لەبەرئەوەی هەموو شتێک وەک دیارە لە سەرەتاوە دەست پێ دەکات، دواتر ماوەی گەشەی "منداڵی"، پڕ سەروەری "شکۆ"، چارەنووس "تەواوبوون"، بەڵام ئەمە بەهیچ جۆرێک دەربڕین و جیهانبینی لە چامەکەدا لێڵ و دژ بەیەک نەکردووە. چونکە دەق لای: "گەمەیەکی ئیستاتیکی وای تێدا کراوە، زەحمەتە لە سنووری فۆرمێکی کلاسیکیدا پۆلبەند بکرێت"[١٦].

شاعیر کە لە ڕوانیندایە، دوندی هەورازتر بۆی دەبنە هەوڵ و تێکۆشانی بێ وچان، چونکە لەسەر بنەمای دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینە بەسۆنگەی گفتوگۆی سەربەستانەی نێوان ئەندامان و تاکەکانەوە، نیشاندانی واقیعی دوارۆژی ڕوون و داتەپیو، لە سەرەتا و ناوەند و کۆتایی چامەکەدا جێی کردووەتەوە:

**"دایک و باوکم و منداڵەکانیان**
**لە شادیی بەهەشت درەختی بنەماڵەیان خوێندووەتەوە**
**دەستەویەخەی ئەو ناز و مەنزڵ و نیازەن**
**تەنیایی پەیکەرە برۆنز و مەڕمەڕییەکان سەرکەش نابێ**
**بەوەی ناوبانگ و پایتەخت نابێ بە هی ئەوان**

**شەقامی ژێریان ژێرابە لەسەرمخۆ شەق دەبا**

**کتوپڕ دەکەونە ناوی"   ل : ٥٩**

"نالی" لە دروستکردن و بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە بۆ مەبەست و پڕوزەکردنی هونەر و واتا: بلیمەت و وریا و ژیرە، بەڵگەش تێکڕای شیعرە فرە دەنگ و فرە ئاستەکانیەتی. "سەباح ڕەنجدەر" هەمیشە لە زۆرانبازی لەگەڵ وێنە و پێکهاتەکانی "سرووش" کاتێک لەسەر بنەمای هزر شێوازی سۆسیۆلۆژی فەلسەفە، پراکتیک دەکات. بەشێوەیەکی فەلسەفیش لەسەر فەلسەفە نموونەی پڕ جووڵە و بەخششدار هەڵدەداتە پانتاییی چامەکە. بەجۆرێکی فەلسەفی ئەو تاکە لەخۆبایی و دڵڕەقانە نیشان دەدات، کە سنووری نێوان فەلسەفە و زانستیی مرۆیی دەبەزێنن. ئەم یاخیبوونەشیان لە ئاسۆ مەعریفییەکاندا بوونەتە کەمێک لە کردار و وروژاندن:

**"نووسەری هەموو ژیان تەنیا لە بۆنەی**

**خۆشییەکانی ناوەند و گومانەکانی دامێن**

**بەکتێبی چی ئێمەی هێنا دەچێتەوە"   ل: ٦١**

لە درێژەی چامەکەدا دەگەینە ئەم وێنە دەگمەن و درەوشاوانەی هەموو هەستەکان سەرسام دەکات و بیر بەبەرامبەر دەکاتەوە، لەگەڵ ئەمەش پێوەندیی هەستی لە نێوان وێنەکان دروست دەکات:



**"سەرەتای ژیان بوو بەفری بێ پەیمان قاچی**

**خانووەکانمانی تەزاند**

**سەرەتای ژیان بوو بارانی شاڵاوهێنەر دەمی خوشک و براکانمانی کلیل دا**

**سەرەتای ژیان بوو کوللە بەسەر خوانی خێزانیمان پژمی**

**سەرەتای ژیان بوو مشک جلوبەرگی گەشتی کونکون**

**کردین"   ل: ٦١**

شاعیر نیگەرانە و دەگەڕێت کام وشە خوانی ژیان بۆ مرۆڤ دەڕازێنێتەوە، بیدۆزێتەوە: گەڵای خەنەیی، پەرەمووچی باڵە بەهێزەکان: ڕەنگی خواوەند و ژیان: خوێنی مردن: شیر: نانی گەرم: سادەڕوو: سادەدڵ. ئەم وشانە گرنگییەکی تایبەتییان هەیە. بەهاریکاری ڕوانین و ڕەهەندەوە حوکم بەسەر واقیع دەکەن. ئەقڵ بەڕوونی دەڕوانێتە مێژوو. هەر یەکێک لەو وشانە هەڵبژاردەی ڕۆشنکاری گیانی ڕستەکانن، دەمانبەنە ناو تێڕوانین و ئاسۆی تایبەتییەوە، زۆر بەزیندوویی و نەمری بەکارهێندراون. دۆزینەوەی بەکارهێنانی وشەکان لە تەلاری بلوورینی داڕشتنەکاندا لە شوێنی داهێندراو جێیان بۆ کراوەتەوە. جێیەک ئەندازەیی خۆی وەرگرتووە:

دۆزینەوە + بەکارهێنان = مانا و جوانکاری ڕستە و وێنەی پڕ بزاوت.

بۆچوون و دەربڕینە فەلسەفییەکان بەتای تەرازووی ژێریی کێشراون. ئایدۆلۆژیەتی سیاسی، نائایدۆلۆژیەتی ئیستێتیکی ئەدەبی پێشکێش کردووە:

**"ماڵی ئەشق چەند گەرم و مانادارە خوێنی لە زەوی ڕسکاند**

**لە دەمودووی دایە شازادە ئاگر دەکەوێتە سەر زەمین" ل: ٦٢**

هەروەها ڕێگاشی بەخۆی داوە، لە تیۆری فەلسەفی کۆمەڵگای کوردیدا شت وەربگرێت دووبارە لە زەینی شاعیریەتی بیخەڵمێنێت و بەئاستێکی جوانناسی، پێشکێش بەکۆمەڵگای بکاتەوە. هەستی ناوەندی کۆمەڵگا و جوانناسی نە ماکی لە بیرچوونەوە وەردەگرێت و نە لە هزردا کاڵ دەبێتەوە:

**"سووتان گەورەییەکی خودایی دەداتە**

**بیرنەچوونەوە و دەمودووی پێوەندییەکان**

**پەپوولەی ئاڵوودە بڕوای بەبرادەرە دڵناسکەکانی هێنا**

**خاوەنی هەموو گوڵ و گەڵاکانە گوڵ و گەڵاڵەکانیش**

**مێژووی ئەون" ل: ٦٢**

بەتوندی و گرژی لەسەر سیستەمی پچڕانی پێوەندی نێوان ژینگە و کۆمەڵ و زۆرەکانی تاک (مەرجی دەستەبەرکردنی ڕەخنەن). چەترێکی ڕەخنەیی دەکاتەوە، ڕووبەڕووی ئەوانە دەبێتەوە کە بەچوستی کۆمەڵایەتی و مێژوویی خۆیان





بەتوانست و زانا و بلیمەت دەهێننە پێشەوە. شاعیر بەهیچ کلۆجێک مەبەستی نییە ڕاست و چاکیان بکاتەوە، بەڵکو دەیەوێت ڕیسوا و بوودەڵەیان بکات:

**"مێژوونووس لە بەردەرگای ماڵی گورگ دانیشتووە**

**نووسینەکانی ئەرشیف دەکات**

**هیچ ناز و مەنزڵ و نیاز ماوە سەرنجت بورووژێنێ**

**تەرازووی سەموونخانەی گەڕەک**

**بنیادەمێکی دەست لە ناو ژیان بەدیار جوانییەوەی**

**بەختیار بوو**

**نیگایەکانیم بەچارۆگەی بەلەمی هەڵخەڵەتاندن**

**هەڵواسی**

**دوور زۆر دوور لە کانیی وەفادار و سێوە لاسوورە**

**تەنیام کرد" ل ٦٢-٦٣**

ئەو واقیعەی نەخشەی بنیادی کێشراو: بستووی ئاوات: نەوی نائومێدی: خەبات و ملکەچی: ڕاستی و درۆ: سەربەخۆیی و بەندی. لێیەوە یاداشت و تۆمار کردووە. ئاسۆیەکی شانازی ڕوونی تێدا بەدی دەکرێت. شاعیر خۆی ئاشکرا دەکات و شانازی بۆ چەرخی مێژوو دەگەڕێنێتەوە، چونکە ڕووداو لە پانتاییی مێژوو سەرپێچی لێ ناکرێت. قازانج

و سەرمایەی شانازییەکەی بەبەرسێبەری ئەو زیانانەی کە لێی کەوتوون و دەکەون، دەزانێت. زیانی هزر و فکر: سیاسی و کارگێڕی: چامەکە گۆڕانێکی چۆنایەتی گەورە دەهێنێتە ئاراوە:

**"گۆرانی هەواڵێکی خۆشە ئەلبومی منداڵی لە کراسێکی ناسک هەڵگرتووە**

**نوێژکردنم لە ناوی چاو لە هیچ ناترووکێنێ لەگەڵ بەهەشتەوان ئاشنایە" ل: ٦٤**

ئەو هۆکارانەی چامەکە بەدرەوشانەوە دەگەیەنێت ئەوەیە: تابلۆیەکی فرە ڕەنگ و فرە شێوازی بۆ ئەو کۆمەڵگایەی کە زەمینەی ڕاستین، قەڵەمکێش دەکات و ڕەنگکردنی بۆ بەشداربووان جێ دەهێڵێت. ئەو شتە ناوەکییانەی کە بەئاوەژووی بیر هەڵفرێندراون لە کەناردا دەنیشنەوە و لەنگەر دەگرن:

**"سۆزی منداڵی**
**بێ گەردیی چارەنووس**
**بەندەناسی شکۆ**
**جەربەزەیی سەرەتا**
**دەگەڕێنەوە ماڵەکەت" ل: ٦٤**

نیشاندانی باری نێگەتیڤی ناوەوە، کە پڕ و خەستە بەگومان



و کینە و پڕوپاگەندە. بەتەواوی پێچەوانەی باری پۆزەتیڤی "شانازی"یە، دینامیکییەت دەبەخشێتە بینینەکانی واقیع و بیناکردنەوەی:

**"زەبروزەنگ لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ**
**لە لایەنگریمان بۆ ژیانی نازپەروەر و شیاو ڕوێندران**
**فڕوفێڵ لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ**
**لە لایەنگریمان بۆ ژیانی نازپەروەر و شیاو ڕوێندران**
**ڕک و کینە لەهۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ**
**لە لایەنگریمان بۆ ژیانی نازپەروەر و شیاو ڕوێندران**
**پڕوپاگەندە لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ**
**لە لایەنگریمان بۆ ژیانی نازپەروەر و شیاو ڕوێندران"**
**ل: ٦٥**

چامە پەخشانییەکە زەین تێیدا کراوەتەوە. کە دەکرێت وەک "ڕۆمانە شیعر"یش بخوێندرێتەوە، زۆر جیاواز و پڕ سەرسامیتر لەو ڕۆمانە شیعرانەی پێشتر لە ئەدەبی کوردیدا نووسراون. بەدەستاژۆی خەون کەشتی واقیع وەگەڕ دەخات. ئەم خەون گێڕانەوەیە "خەونە واقیع"ە. ئەو واقیعەی کە لە ناو بۆتەی خەونەکەدا قاڵ بووەتەوە، ئەو واقیعەی بۆ نووسین هەڵبژێردراوە نەک واقیعی سەپێندراو هەمیشە لای نووسەری سەرکێش ڕەت کراوەتەوە. لەگەڵ ڕاستی بەدەرخستندا لە

سیستەمێکی گشتیی پاسادان بکات، لە ئاستێکی مەعریفی گونجاودا یەکسانیان بکات و گردیان بکاتەوە: (شتێکی سەیر نییە ئەگەر بڵێین شاعیر هەوڵی داوە شێوازێکی تایبەت بەخۆی، جودا لە هەندێک شێوازی تری دەربڕینی شیعری، بنیاد بنێت. شێوازێک کە لە هەندێک ڕەگەزی جودا و تایبەتییەوە لە زۆربەی کاریگەرییەکانی شێوازی شیعری قۆناغە جوداکانی شیعری کوردی دەردەچێت)[١٧].

شەپۆڵێکی فەلسەفی لە دەریایەکی تا چاو بڕ بکات پانوپۆڕ دێنێتە ئاراوە. ئەم فەلسەفەیە توانستی سۆراغکردن و بەرهەمهێنانی چەمکەکانی هەیە. هێمای "نالی" نوختەی درەوشانەوەی چامەکەیە. ئەو هێڵ و جەمسەرانەی پێش گفتوگۆکردن و دواندنی "نالی" پەرش و بڵاوی کردبوونەوە دنیای فیکر و خەیاڵ و واقیعی پێ تەنیبوون، لە بازنەی "نالی"دا یەک دەگرنەوە، چونکە: (هێمای کەسی ئەو هێما پڕ لە داهێنانەیە شاعیر دای دەهێنێت.

بەشێوەیەکی لاوەکی و سەرەکی لە سەرچاوەکە، یان لە ناوەڕۆک و بۆماوە ڕەسەنەکەی هەڵیدەهێنجێت. لە پاشان بەچالاکییەکانی خۆی، کە لە ئەزموونە تایبەتییەکەی خۆی بەدەستی هێناوە پڕ و بارگاوی دەکات. لەم دوو بوارەش هێما تام و چێژی کەسیەتی شاعیری تێدا هەیە، کە کلیلی



تێگەیشتنی ئەزموونی شاعیرە. دەرگای غەم و پەژارە و یادە شاراوەکانی بۆ دەکاتەوە)[١٨]:

**"ماوەیەکی کورت لە بەردەم کتێبخانەکەم وەستام**
**هۆشم هاوێشتە ناویان**
**دیوانی نالیم بۆ خوێندنەوەی شانازی کەوتنە گیان**
**دەستنیشان کرد"     ل: ٦٥**

پێکهاتەی "نالی" بریتییە لە: کورد: وشیاری: تێکۆشان: زەمان: ڕاپەڕین: ڕەتکردنەوەی واقیعی ناپەسند: دارشتنەوەی تەلاری بلوورینی نوێ: نوێنەری هزری نەتەوەیی: زمانی زگماک و دایک: خۆشەویستی: نیشتمان. ئەمە سەرەڕای پتەوی و پڕ واتای دەستەواژەی ڕستەیەک بۆ وێنە "ماوەیەکی کورت" نیشاندانی ئەوپەڕی بەئاگایی و هەستکردنە. کورت لە درێژ هەڵهێنجراو، کورتی زادەی بەروبوومی درێژی، بریسکە و جلیوە جلیوی ئاسۆی روون، بەرزاییی مەبەست. "هۆشم هاوێشتە ناویان" بەگەڕخستن و بەکارهێنانی ڕێچکەی ئەقڵی نەک خولیایی لە هەڵبژاردن، بڕیاری مێشک: هزری جەربەزەیی: "دیوانی نالی" ڕێسا و بنەماکانی واقیع: کتێبی پیرۆزی کوردبوون: هێمای نەتەوەیی: بڕیاری چارەنووس: مان... تاد.

لەبەر ئەزموونی ئەم ڕاستییانەدا هەوڵدەدات دیمەنێکی جوان، بێ گەرد بۆ چامە بژاردەیییەکە قەڵەمکێش بکات. مێژووی سەرهەڵدانی ژیانی ڕیالیستی مرۆڤ کە مەزەندەی تێکۆشانیەتی بۆ مانەوە و بەرگری، یەکەم خۆراکی بەردەوامی بۆ ژیان لە زەوی و سروشت دۆزینەوە، دەبەستێتەوە بەبوون و دیاردەکان. لە پاشان خەباتی فیکری لە ئەزموونی ئایدۆلۆژی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژگار و بنیادنانی پردی پێوەندی نێوان "هەردوو واقیع". ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، ئەگەر ژیان ئەم چامە بژاردەییە، یان ڕۆمانەی نەنووسیبێت، هێڵی تەریبی نێوان تارمایی و خەون بەڕیالیستی واقیع نەبەسترابێتەوە، چۆن لە ڕوونی و لێڵی جامخانەی ژیان و واقیعدا چوار وشەی فەلسەفی دۆزرایەوە کە ستوونی ژیان ئاراستەی هێڵی ئاسۆیی جوانی دەکات. لەودیودا هەمان هێڵی ستوونی زیندوویی ئاراستەی هێڵی ئاسۆیی نەمری بکات، هاوکێشەیەکی کۆمەڵایەتی سایکۆلۆژی هاوسەنگ دەبێت:

ژیان = زیندووبوونەوە

جوانی = نەمری

**"چ جوانە**
**جووکە جووکی یەکەم فڕین**
**دەنگوباسی پشووی هەفتە**



**بەروبوومی کشتوکاڵ**
**گیانی گەرمی ئیماندار**
**کتێبی چی ئێمەی هێنا ئەی گیانی ڕێزلێگیراوی**
**نووسەری هەموو ژیان**
**تارمایی یان خەون یان مرۆڤی ڕوون مانایان بەژیان دا**
**تارمایی یان خەون یان مرۆڤی ڕوون مانایان بەجوانی دا**
**تارمایی یان خەون یان مرۆڤی ڕوون مانایان بە**
**زیندووبوونەوە دا**
**تارمایی یان خەون یان مرۆڤی ڕوون مانایان بەنەمری دا"**

**ل ٦٦ – ٦٧**

لە ڕستەکانی دواییدا وەک زانستی مەنتیق لە پەردە و لەمپەری "قیاسی موثەبەت"دا، تەمی ئەگەر و گومان لەسەر دوو ئایۆنی سارد و گەرمی سۆسیۆلۆژیی و دەروونی، بازنەکانی پەسند و ناپەسندی لە یەکتر دوور دەخاتەوە و کرۆکی ڕاستی و تەڵەکەبازی، ڕاستگۆیی و فڕوفێڵ بەدوو ئەوزار و ئامرازی "لێچوون و لەوچوو" لە نێوان دوو کەرەستەی لێکسیکی "کوندەبۆ" و "باز" لێک دەداتەوە:

**"کوندەبۆ ئەی پرسیارەکانی چارەنووس و دۆستی کۆیلەیی**
**باڵەکانت لە خێزانی ناکەسبەچە ڕواون**

ئاژاوەکانی زەوی بۆیە توانییان
شلی بکەن و لە فڕین دایبگرنە سەر گردە نزمەکان
دڵنیاییت لە دەست دا
ژیان بەو ڕەنگە دەبینی دوژمنایەتی جۆشاندبی
هێلانە و ماڵ سامانی باپیرانی فرۆشت
ئەم و ڕەچەڵەکی جەژنی بێ کۆتاییان لە بەیندا نەبوو
لە دەنووکی نووسراوە ڕۆژگارێک چاوەڕوانمانە جێی
شانازی نییە
کلیلی خەزێنە لە دەستی نەزانێکی دێرین
دەشاردرێتەوە
بەدبین هیچیان زمانی خەزێنە فێر نابن
کتێبی چی ئێمەی هێنا دادەخرێ

***

باز ئەی پرسیارەکانی چارەنووس و دۆستی بێباکی
باڵەکانت لە خێزانی خانەدان ڕواون
ئاژاوەکانی زەوی بۆیە نەیانتوانی
شلی بکەن و لە فڕین دایبگرنە سەر گردە نزمەکان
دڵنیاییت لە دەست نەدا



ژیان بەو ڕەنگە دەبینی برایەتی جۆشاندبی
هێلانە و ماڵ و سامانی باپیرانی پاراست
ئەم و ڕەچەڵەکی جەژنی بێ کۆتاییان لە بەیندا بوو
لە دەنووکی نووسراوە ڕۆژگارێک چاوەڕوانمانە جێی شانازییە
کلیلی خەزێنە لەدەستی زانایەکی دێرین دەناسرێ
ڕوونبین هەموویان زمانی خەزێنە فێر دەبن
کتێبی چی ئێمەی هێنا دەکرێتەوە"     ل: ٦٧ – ٦٨

# ئەنجام

لە بینینی شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی پراکتیکییەوە گەیشتینە ئەم دەستنیشانکردنانەی چامەی "سرووش":

هەیکەلی گشتی چامەکە (٧٥٠) دێرە و دابەشی سەر سێ بەشی سەرەکی کراوە. هەر بەشەی (٢٥٠) دێری سەربەخۆیە. (٢٣٦) دێر پێکهاتەی بەشەکەیە، (٢٤) دێریش وەک تەئویلی کراوە بۆ بەشەکە لە پانتاییی چامەکەدا جیا کراوەتەوە.

شێوازی نووسینی تەئویلەکان جیان لە شێوازی نووسینی بەشەکان. چ وەک زمان: چ وەک دەربڕین: چ وەک ڕستەبەندی.

(٢٤) دێری تەئویلەکانیش دابەشی دوو بەش کراون. (١٢) دێر بە(١٢) دێر. دابەش و هاوسەنگکردنی ئەندازەیی هەرسێ بەشەکە وەک یەک لە چوارچێوەیەکی جوانناسی دیاری کراون.

لە تەئویلی بەشی یەکەم بابەت و هەڵوێستی دژایەتییەکانی بەرامبەر ئەو دیاردە و ڕووداوانەی کە ژیان بەڕێوە دەبەن، یان لێیەوە دروست دەبن خستووەتە ڕوو.

لە تەئویلی بەشی دووەم و سێیەمدا ڕستە و وێنە دژەکان لە ئاست یەکتر ڕاگیراون و ئاستەکان ئامادەی ململانێ و وتووێژن.



کۆکردنەوە و یەکخستنی دژەکان بۆ شاعیر گەلێک ئەستەم و دژوارە. هارمۆنیەتی گونجاندن و شیعرییەت لە مەودای نێوان دژایەتییەکان بدۆزێتەوە. ئاستەکانیش لە خاڵێکی گرینگ ئەزموون دروست بکەن، زۆر کاریشی لە پێوەندییەکانی مۆسیقای زمان بەشێوازی پەخشانە شیعرەوە کردووە. شیعرییەتی بەنێوان دژەکان داوە، هێما و ئاماژەکانی بەڕوونی گەیاندووە. لە شێوازێک کە بە ناو خەون و هەستەکان گوزەر دەکات دەلالەتەکان خۆیان ئاشکرا دەکەن. دەتوانین بوێری ئەم دەربڕینە بکەین "سەباح ڕەنجدەر" لە هێنانە بەر زەین و هەستپێکردنمان بەو مەودایانەی کە ئەمڕۆ لە شیعری کوردیدا دەیناسین، خاوەنی پرسیار داڕشتن و تێگەیشتن لە خود و "خەیاڵی ئەفراندن"ە.

ئایاری ٢٠٠٤ هەولێر

سەرچاوە و پەراوێز

١- خەون وا خۆی گێڕایەوە، ناونیشانی کتێبێکی "سەباح ڕەنجدەر"ە. ساڵی "٢٠٠٤" دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس لە هەولێر لە (١٩٠) لاپەڕەدا چاپی کردووە. پێنج بابەتی تێدا بڵاو کراوەتەوە، "مانیفێستی شیعری" و چوار چامەی پەخشانە شیعر، یان ڕۆمانە شیعر: (١- سرووش، ٢- بلیمەت، ٣- پێغەمبەر، ٤- زێوان). ئێمە بۆ لێکۆڵینەوەکەمان تەنیا چامەی یەکەممان هەڵبژاردووە.

٢- پەخشـانە شیـعـر وەک تاڵە تیـشکێک لە شیـعـری نوێی کـوردیدا لە سـەرەتای حەفتایەکان دەرکەوت. قۆناغ دوای قۆناغ هێڵی کارکردنی ئاشکرا کـرد و سیـمـای جیـهـانی جـیاواز و گۆڕانی خـۆی دارشت. شاعیرانێکی زۆریش لە بەشداری و گەشەپێدانی رۆڵی داهێنەرانەیان بینیوە، "سەباح رەنجدەر" تا رادەیەکی هەستپێکراو جیاوازتر بیری کـردووەتـەوە بەدیاریکراوی لە دوورەوە نـەیبـینیـوە. وەک بەرهـەمی ئەزمـوونی جـوانکاری پێـوەندی لەگـەڵ دروست کـردووە. هـەوڵی رێکخستنی زەمینەیەکی بەپیتی داوە بۆ دامەزراندن.

٣- شـوکـور مسـتـەفا، گـەشتێک بـەناو زمان و فیکر و ئیستێتیکادا، هەڤپەیڤینی: ئازاد عەبدولواحید – مەحموود زامدار، کتێبی گولان، هەولێر، ١٩٩٨، ل ١١٩.

٤- كمال غمبار، موت المرآة، ترجمة وتقديم: سامان دزەيي، جريدة ميديا ، العدد ١١٨، ٢٠٠٣/٣/٥، ص ١٠.

٥- د. علي جعفر الحلاق، في حداثة النص الشعري (دراسات نقدية)، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٩٠، ص ١٧.

٦- ادونيس، زمن الشعر، دار العودة، بيروت، ١٩٧٢، ص ٥٤.

٧- د. علي جعفر الحلاق، في حداثة النص الشعري، ص ١٦١.

٨- "سـروشت نـەک لێـرە لای سـەباح رەنجـدەر، بەڵکو لە لای هەمـوو کەسێک و لە هەموو جێیەک رەمزە بۆ ئادەمزاد" د. مارف خـەزنەدار، خـەونی خودایی لە کۆ شیعری (ڕووەکەکانی خـواوەند)دا، گۆڤاری رامان، ژمارە ٤٥ ، هەولێر ، ٢٠٠٠/٣/٥، ل ٢٩٥.

٩- نەجات حەمید ئەحمەد، مێژووی خود لە ناو لەنگەرییەکدا، چاپخانەی کریستاڵ، هەولێر، ١٩٩٧، ل ١٠.



١٠- محمد الاسعد، بحثاً عن الحداثة، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت – لبنان، ١٩٨٦، ص ١٧.

١١- د. علي جعفر الحلاق، في حداثة النص الشعري، ص ٥٥.

12- MH. Abrams, A Glossary of Literary terms, Fourth Edition, 1981, p 195.

١٣- کەریم دەشتی، بەشێک لە یاداشتەکانی ـ با ـ، هەڤپەیڤینی: تەڵعەت تاهیر، گۆڤاری ئێستا، ژمارە ١٢، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ٦١.

١٤- ع. ح. ب، شاعیری ئێمە نابێ لە میللەتەکەی خۆی دوور بکەوێتەوە، هەڤپەیڤینی: ئازاد عەبدولواحید، گۆڤاری رامان، ژمارە ٣٣، هەولێر، ١٩٩٩/٣/٥، ل ١٢١.

١٥- سیـمـوندس دەڵێت: "شیـعـر وێنە و نیگارێکی بەئاخـافتنە، وێنەش شیـعرێکی بێدەنگە" محمد غنيمي هلال، النقد الادبي الحديث، دار النهضة، مصر – القاهرة، ص ٥٥.

١٦- فوئاد رەشید، نووسەر و کێشەی ناسنامەی دەق، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە ٣٠، سلێمانی ، ٢٠٠٢، ل ١٤٨.

١٧- نەجات حەمید ئەحمەد، مێژووی خود لە ناو لەنگەرییەکدا، ل ١١.

١٨- د. علي جعفر الحلاق، في حداثة النص الشعري، ص ٥٥.

# تێڕوانین لە ناوەندی فینۆمینۆلۆژیادا

# پێشەکی

ئاکامی شیعر، شیعر خۆیەتی – بۆدلێر. بەو مانایە شیعر لە ناو کایەی خۆیەتی دەخولێتەوە و لێی دوور ناکەوێتەوە، یان شیعری جوان پێویستە و دەبێ لە پێناوی شیعردا بنووسرێت. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە شیعر هەموو کاتێ لە دۆخی واتاییدا بێت و ئەوانی دیکە فەرامۆش بکات، نەخێر، تەنیا ئەوە ڕادەگەیەنێت، کە پانتاییی شیعر بێت و گوێڕایەڵی خاڵە دیاریکراوەکان نەبێت، ئەمەش بەتاقیکردنەوەی نوێی شاعیر لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونەکانی دیکەی دەسەلمێندرێت، کە بەڕادە و بڕی کۆشش و گشتیی لە دایک دەبێت. شاعیر ناتوانێت هەنگاو بەرەو داهێنانی قەسیدە بهاوێت ئەگەر پەیژەی داهێنانەکانی پێشووی خۆی نەبڕێت، ئاوێتەبوون و کاریگەریی ئەزموونی خۆی پێش هەموو شتێک بابەتێکە بۆ داهێنانی تازە، ئاوەژووەکەی جوینەوەیە و بەهای شیعری نابێت.

شیعر بەڕێگای جەمسەری کایەی مەعریفی، لە دۆخی مەیو ئازاد دەبێت، لە ژێر باری ڕەخنەی ئەکادیمی و ئەتمۆسفیری: (بۆچی؛ بۆ کێ؛ چۆن دەنووسرێت)، ڕووبەڕووی ببینەوە،





سەدەی ئەزموونەکەی هەڵسەنگێنین. سێ پرسیارەکە پێوەندییەکی دیالێکتیکی بەیەکیان دەبەستێتەوە، لە سێڕیانی (شیعر؛ شاعیریەت: و شیعرییەت) ڕوخساری یەک دیاردەی هونەرین، بەو مەبەستەش «شیعر: هونەر؛ شاعیریەت؛ مەهارەت و لێزانین؛ شیعرییەت: داهێنانە، لێرەوە هونەر و لێزانین و داهێنان، کاتێک سەرهەڵدەدەن، کە بیر؛ بینین؛ زمان؛ هەست و بزاڤی تەواو پێگەییو بێت»[1].

کەریم دەشتی لەدورجی قەسیدەی «کاسەیێک چەنگاڵ»[2]، ڕەگەزی یەکە پرسیارەکانی شیعر – کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کردن – بەداهێنان ڕەنگاو دەکات و لەسەر ڕێبازی فینۆمینۆلۆژیادا ـ Phenomenlogy ـ جەستە و خانەی زیندوو لە ناجەستە دەخولقێنێ.

# ڕاڤەی ناوەڕۆک

شاعیری (کاسەیێک چەنگاڵ) شاعیرێکی قووڵە، لە فەزای شیعردا خاوەنی تێڕامانە، هزری ناباو بیری نائاسایی، بەردەوامی و ئامادەیی خۆی لای ئەو هەیە. یەکێک لە هۆکاری سازدانی مەزنێتی ئەوەیە، کە یەکێکە لەو شاعیرە بەرهەم زیندووانەی بەبێ خۆفریودان لە داهێنانی ڕوانیوە. ناوونیشانی دەقیش دەرئەنجامی ئەزموونی داهێنانە و پێوەندییەکی جووڵەی ڕۆحی زیندوو و جوانناسی لەگەڵ تێکستدا هەیە. لای شاعیر هەموو مانا دەلالییەکان تێیدا کۆ دەبێتەوە، لە خاڵێکی فەرهەنگی تێکەڵ بەیەکتر دەبن و لە ناو یەکتردا دەتوێنەوە.

لە زەمینەی ئەزموونی ئەم شاعیرە، گشت ناوونیشانە ئاسایی و نائاساییەکانی دەق گرت دەبنەوە و یەک دەگرنەوە. گرنگی ناونیشانی دەق لە گەردوونی شیعر، ژمارەیەک شارەزایان و ڕەخنەگرانی بەخۆیەوە خەریک کردووە، هانی داون لە هەموو ڕەخنێکەوە ڕاڤەی بکەن و لێی بکۆڵنەوە تا بەو ئاکامە گەیشتن: یەکێک لە گرنگترین مەرجەکانی دەقی شیعر، (ناوونیشان)ە.

کاسەیێک چەنگاڵ، بۆ دیمەنی واتای فەرهەنگی سروشتی تێکستەکە و هەموو یەکە وشە بابەتییەکان، زومزومە. دەکرێت



بڵێین: ئاگایی شاعیر لە هەموو بوارە جیهانبینێکی مەودا کورت بەدوور خستووە و لە دیدگایەکی ڕووناکبیریی – سیاسیی نەتەوەیی، کەنارگیر کردووە. تەختەڕەشی حوجرەی مەعریفی بابەت و وانەیە. ناوونیشان و تێکستەکە، کەینونە و شوناسی هزری نەتەوەیی و هۆشیاریی جەستەی مردووان بەرانبەر بەپەتای دەرەوە، ڕادەگرێت.

سەرەتا شاعیر خوێنەر وا ڕادەهێنێت، لە دنیای گێژاو و جەنجاڵی ئاڵۆزی کەفوکوڵی زەبری تەوژمی نیگەران و سەرسووڕانی سووڕ و...

بەرجەستەبوونێکی هێور، لە ساتێک لە ساتەکانی ڕۆح سەرهەڵبدات. ڕەواندنەوەی گرژی دەماری جووڵە و وەستانی شلەقاو لە ماتریالی ئاو بنیشێت و هەنگاوی تەواوبوونی مەییو جێگیر بێت، ڕووەو قووڵایی تیۆری گەورەیان ببات، گوێ بۆ پێوەندیی ڕۆحی زیندووی شیعر و شاعیر و زیرەکیی هەڵخات. بەراییەکی پرسیاری چاوەڕوانکراو، لە ئەنجام ڕامان، سەرابی غەفڵەت هەڵدەبڕێ. بەشێوازی «دواندن» ئەبلەقبوون دەڕەخسێنێ: «لە پێناو بنیادنانی گوتارێکی شیعریدا کە ئەنجام پەیامێکی ئیستاتیکی و گوتارێکی نەتەوەیی بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە لە پشتی دەقەکانییەوە ئامادەن»[٣]. کۆپلەی یەکەم دەنووسێت. بەچوارینە گۆشەیەک سووڕی جیهانی هزری

ڕاستەقینەی شاعیر، ڕەها و تەواوکەر و کارەساتی کارستانی گشت دیدگە و پەیگە ئەگەر و بوونەکانی خۆی لە ناخەوە هەڵهێنجراو لە دوو توێی ئاوەز و تەنی ڕاستەقینەی مەبەست، دەگوازێتەوە. سووڕانەوەی سووڕی تەواو بەدوو نیوە سووڕ دەخولێتەوە. لە نیوەی یەکەمدا: گێڕانەوەی بەئەسپایی هەوڵە بۆ دروست و تێگەیشتن. واتا نیشاندانی دێوەزمەی شەوارەی خەواڵوو..، یەکە پێکهاتەکانی ئەم نیوە: (پاسەوان؛ خەفەر؛ سوار؛ شەمەنەفەر)، کەرەستەی **(تاریکی)**ن. نیوەکەی دیکە و دووەم: کۆششی هەڵماڵینە بۆ خاک و ئاسۆ و هزر و تاک. مەبەست پێکهاتە پێویستییەکانە بۆ: بوون؛ ژیان؛ تاک و جەربەزەی میکانیزمی ئازایی... ماددەکانیشی: (چاو؛ ئاینده؛ ئەقڵ؛ باستیل)، کە دەستەی: **«ڕووناکی»**ن:

سەرەڕای چوارینەی جەمسەری تاریکی و لە بەرانبەر چوارینەی جەمسەری ڕووناکیی ڕاگرتن، کە بڕوانامەی جۆرەها واتا و مەغزا و دەلالەتی پڕ لە کارەسات و مەرگ و درکی ژیان و شەیتان و پشووسوارین... لە دژایەتیبوون و هەوڵیبوون و ماکی ژیان و بنەما و ئازایەتی... جێناوی «ئەوان» میتۆدی ئەکتیڤە لە لێکسیکی نەتەوەییدا، هۆکاری گرنگی بزاوتی قەسیدەکەیە و درێژکراوەی ئەو کێشە و ململانێی وجودییەتەیە کە لە سەرەتاوە تێیدا ژیاوە، سیستەمە






*پاسەوانەکان: خەوتن بۆ ئەوان ژەهری چاومانە.*

*خەفەرەکان: خەوتن بۆ ئەوان کوژانەوەی ئایندەیە.*

*سوارەکان: خەوتن بۆ ئەوان پایزی ئەقڵە.*

*شەمەنەفەرەکان: خەوتن بۆ ئەوان باستێلی ئەبەدییە. ل: ٢٩*

دەلالییەکەی دەکەوێتە پێش مەودایەکی بەرفراوانی واتای قووڵ. شاعیر هەمیشە لە پرۆسەی داهێنانەکەدا لە کاردایە، ئەویش ئەلتەرناتیڤە لە ئیرادە و شکۆی ژیان بەرانبەر مەرگ، یان بەپێچەوانەوە هۆشیاری و ئاگایی سیاسەتیش هەر لەم ئالییەوە ئەفرینی خۆی مسۆگەر دەکا. هەوڵی خۆدۆزینەوە بۆ ژیان وا

دەکات، شاعیر هەموو کات لە پاوانی تازە و زیندەگی درەوشاوەتر بگەڕێت.

مۆرفێمی وشەکان بەچەشنێک پەیکەری دەوری ژیانی جێناوەکەن بەپرۆسەی جیا جیا بۆ ساباتی یەک بنیادی دژە هەڵدەبەستن. جگە لە داماڵینیان لە واتا سادەییە رووکەشییەکەی، لە بەکارهێنانیان بۆ «هێما» ئەوەندە چڕ و ڕووچوو و هزرین، کە ئەست بەند ناکرێت، بەڵکو بۆ جیهانی شوناسی نەتەوەیی، پەلکێشمان دەکات . مانا و دەلالەتی هەریەکەیان دەبێتە ئەو ئەستووندەیە کە کۆ ڕووداوەکان لە دەوری یەک دەگرنەوە. تارماییی نهێنییەکان لە تێگەیشتن دەڕوێندرێنەوە. کەرنەڤاڵی فەرهەنگی مەبەست لە خولگەی شاراوە دەرباز دەبێت، چونکە لە کەنار و سکێچی پێکهاتەکان، ئەگەرچی لە ڕواڵەتی فۆرمەوە ورد و ڕووتن، بەڵام گەنجینەی تۆڕی مانا و چەمکی زۆرن. هێما بۆ هێمای مەبەست دەبێتە هێما:

**هێما.. هێما> هێما > هێمای مەبەست**

**پاسەوان.. ژەهر > چاو > نیشتمان**

**خەفەر.. کوژانەوە > ئایندە > منداڵ**

**سوار.. پایز > ئەقل > کتێب**

**شەمەنەفەر... باستیل > ئەبەدیی > بوون.**



شاعیر بەتوانست و داهێنانی خۆی لە تێکڕای ئەم تێکستە، هەوڵ دەدات، لە شتی بێ ئاگایی و مردوو، جەستەیەکی زیندوو و ڕاپەڕیو بهێنێتە دی. تێگەیشتن لە قەڵەمڕەوی کۆمەڵگا، یان نەتەوە بەشێکە لە مەعریفە و بەکۆمەڵێک ڕایەڵ بەستراوەتەوە، پاشان جۆرێک لە ئەبستمۆلۆژیای تایبەت بەئەنجام دەگەیەنێت، چونکە نرخ و بەهای هۆشیاری و ڕووناکبیری بۆ هەموو هزر و شتەکان، بۆ سروشتی پێوەندیی نێوان ڕووناکبیری و تاکی کۆمەڵ دەگەڕێتەوە، بەو پێوانەیەی کە: «ڕووناکبیری بریتییە لە: دەربڕینێکی هەستی دەربارەی پێوەندیی نێوان تاک و ئەو جیهانە»[٤] لە ئاکامی ڕاڤە و شیکردنەوەی هزر و مەعریفەوە میتۆد و ستراتیژیەتی «تێگەیشتن» لە پەتاکان و هۆی پەتاکان و چارەکردنیان و ڕاچڵەکین، دێتە ئاراوە و گەشە دەکات.

پێوەندیی هاوکێشەیی لە نێوان هەریەک لە هێما سەرەکییەکان و یەکە پێکهاتەکەی هاوکێشەکە بەجۆرێک هاوسەنگ کراون تەنیا هاوهێزی ئاوەز دەتوانێت پلەی چالاکییان دیاری بکات. هەریەک لە وێنە شیعرییە بارگاوییەکان، وێنەی تر بەرجەستە دەکەن. لۆژیکی بنیادنانی دژایەتی و هاوبەندی دوونایدوون نیشان دەدەن. جگە لەمە چەقی دوونایدوونی ژیان بەرجەستە دەکەن. بازنە دەلالییەکانی شیعرەکەش لە ناو ئەو وێنانەدا، چالاککردنی بزاڤی وێنەکانی

تریشە بۆ زناکی وێنەکان، کە هێزی دووری مەودای شیعرەکە و پێکهاتە بونیەوییەکە، خولقێنەریەتی. شاعیر لە وێنەی شیعری و هونەریدا، پێچکەیەکی ئیحائی و داهێنان دەگرێتە بەر. توانستی ئەو وێنە شیعرییە بەبێ خۆبەستنەوە بەئاگایی و هۆشیاری و شێوازەکانی کۆمەڵایەتی، بۆ تێگەیشتن لە واقیع و جیهانی خۆی سەرکەوتوو نابێت، شاعیر «هونەرمەندێکە لە ڕوانگە و دەرەتانی ڕۆڵی مرۆڤانە و هەستی شاعیریانەی خۆیدا، واقیع تەتەڵە دەکات و شی دەکاتەوە، کە دەبینێت ڕاستیی بابەتییانەی هونەری شیعری بەواتای واقیعی دەبێتە بناغەی شاکارە سەرکەوتووەکانی و ڕۆحی ژیانی و ئارەزووی لە داهێناندا»[٥]:

**پاسەوانەکان: خەوتن بۆ ئەوان ژەهری چاومانە.**

**خەفەرەکان: خەوتن بۆ ئەوان کوژانەوەی ئایندەیە.**

**سوارەکان: خەوتن بۆ ئەوان پایزی ئەقڵە.**

**شەمەنەفەرەکان: خەوتن بۆ ئەوان باستێلی ئەبەدییە. ل: ٢٩**

سەرجەم وێنە شیعرییەکانی قەسیدەکە لەسەر ڕێبازی فینۆمینۆلۆژیا گەشە دەکەن. وێنەکان لە ئاوێتەی دەلالی قەسیدەکە، وێنەی نوێتر دەپیتێنێ و گەردوونێکی تازە بۆ بەخششی واتای ئامانج لە دایک دەبێت. ئەم هەنگاونان و



ڕاگواستنەوەیە، کە – میلی هەڵستانی جیهانبینی شاعیرە – ئەو چەمکە دەخاتە سەرجەم واتا و دیالێکتە میتازمانییەکان و تاڤگەی شیعرەکە، بەو مەبەستە زیاتر دیالێکتییەکی هزری بخاتە ناو ئاوەز و کولتوورەوە، پتر دەرگا لەسەر سیما و کرۆکی قەسیدەکە والا بکات و بۆ توانست و داهێنانی شاعیر پرەنسیپێکی ئەکتیڤکارە.

سەبارەت بەتێگەیشتن و قووڵبوونەوە لە تێکڕای تیۆلۆژیی شیعرەکە و لە پێناو بەرهەمهێنان و ڕەخساندنی ئەزموونێکی لێواو لێو لە داهێنان و هیۆمانستی لە ناوەندی میتۆدەکانی شرۆڤەکردن، شاعیر هێدی هێدی تێکەڵ بەڕایەڵی بیری خوێنەر دەبێت، چونکە دەق: «پەیامێکە لە دیدگای نووسەرەوە بۆ دیدگای خوێنەر ئاراستە دەکرێت و دەبێت بە(گوتار) یان پێوەندیی دیالۆگی نێوان نووسەر و خوێنەر بەندە بەو لە میانەی کە لە دەق دەبەسترێ و گوێگریش گرنگیێکی دیکەی ئەم پێوەندییەیە لە سنووری دەقدا»[٦]. لە ئاکامدا بەو بۆچوونە دەگەین، کە شاعیر فەزای بینینی بۆ شیعر لە دوو توێی هەر شیعرێک بەریان بۆ (تێکست و خوێنەر)، کایەی مانای تازە دەخولقێنێ و دیدگای دوو ئاسۆ دیاری دەکەن: نووسەر گفتوگۆ و دیالۆگ ساز دەکات، دووەمیش: خوێنەر فەزای تێکست بەپەیڤین دێنێت. بۆیە تەوەری خوێندنەوەچییەتی خۆی لەبەر

ئەنجامی سەرهەڵدانی مانا لە سروشتی تێکست نیشان دەدا. میکانیزمی خوێندنەوە: «هەر جۆرە چاوپێداخشاندن و خوێندنەوەیەک جەستەیەکی تازەی لێ پەیدا دەبێ و ستوونێک و ڕایەڵەیەک لە ڕایەڵ و ستوونەکانی جیهانی تێکست ئاشکرا دەکا و دەیدۆزێتەوە»(٧)، پەیتا پەیتا خوێنەر لە ناو دەقەکەدا دەتوێنتەوە و ئاشنایی لەگەڵ واتادا پەیدا دەکات، دەقیش بەمانا خوێنەر پەلکێشی دنیای لێکسیکی خۆی دەکات. تواندنەوەی گیانی یەکەم لە ناو هزری دووەم و زیندووکردنەوەی دووەم لە مێشکی یەکەمدا، هەوڵێکی داهێنانی ئەم شاعیرەیە. هێڵی ئاسۆی فراژۆی شاعیر لە بەکارهێنانی شێوازی دەربڕین ڕووەو ژووررووە، لە یەک ئاسۆ بۆ دوو خاڵی هاویەک لە دیواو دیو ڕاگرتنی دوو وێنەی شیعری بەرانبەر بەیەک لە جیهانی سینتاکسی (ئەرێ و نەرێ) بۆ خزمەتی خوێنەر و دەلالەتی واتابەخشە دوو دووانە (ئەرێ و نەرێ)، بۆ هاومەبەست، میکانیزمی دوو بەریانی یەک مەغزا واتایە. لێرەدا بەو ڕاستییە دەگەین، کە لە جیهانی سروشتی تێکست وەک پرەنسیپ و پێکهاتەیەکی تۆکمە، لە توانستیدا هەیە دیوی ناوەوەی خۆی شی کاتەوە و ڕاڤەی بکات و بیخاتە ناو فەزا و زەمینە پانتاییە فراوانەکانی دیکە، چەندین واتای نوێ سەرهەڵدەدەن و دەبنە خودی دەق:



**پاسەوانەکان ئەو کات خەوتن**

**کە نیشتمان بەتۆزێ ئاگاهی غەرقی خوێن نەدەبوو**

**خەفەرەکان کاتێک خەوتن**

**کە منداڵەکان بەتۆزی مەرحەمەت ئایندەیان دەنەخشاند**

**سوارەکان کاتێک خەوتن**

**کە کتێبەکان بەتۆزێ خوێندنەوە ڕزی نەدەبوون**

**شەمەنەفەرەکان ئەو کات خەوتن**

**کە هەموویان لەبەر بارانی مەرگدا چاوەڕوانی سەفەر بوون ل: ٢٩**

پێشتر وتمان، لە ئاکامی شرۆڤەکردنی واتاکانی دەق، سەرلەنوێ گیانی تێکست بنیاد دەنرێت و مانای تازەش وەردەگرێت. فینۆمینۆلۆژیا لە هەردوو چەمکە گۆشەی تیۆری پراکتیکەوە خۆ دەئاخنێتە ناو قەڵەمڕەوی خوێندنەوە. بیستی خوێنەر بۆ شاعیر و دەق، دەبێتە پرۆسەیەکی هزری و فەلسەفی بۆ دەمکاتی خوێندنەوە و ڕاڤەکردن.

ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەم دەقە شیعرە بدەین، دەبینین شاعیر پتر جیهانبینی خۆی بەرەو فینۆمینۆلۆژیای فەلسەفەی سیمانتیک دەبا و دەبێت بەژێدەرێکی ئەبستیمی واتابەخش. فینۆمینۆلۆژیا بریتی دەبێت لە: ستوونێک لە ستوونەکانی

شیکردنەوە، کە زیاتر لەسەر شێوازی دیالۆگ جەستەی بنیاد دەنێت، لە هەموو شەپۆڵ و سکێچێکی دارِشتەیی و سەلەفی و دۆگمایی بەرگری لە خۆیەتی خۆی دەکات، پاردەیەک لە واتای رِەبەق و رِەهەند هەڵدێنێت، لە پێناو ئاشکراکردنی تێکرِای مانای دیاردەکان کار دەکات، کە بەرانبەر گەلێ حالات ئاگایی بەجۆرێک لە نامۆیی دەگرێت:

**پاسەوانەکان کاتێک بێداربوونەوە**
**کە تەرمی نیشتمانیان بەرِێ دەکرد**
**خەفەرەکان کاتێک بێداربوونەوە**
**کە منداڵەکان بەبچووکی سەریان نایەوە**
**سوارەکان کاتێک بێدار بوونەوە**
**کە رِەشەبا خۆڵەمێشی کتێبەکانی پەرت کرد**
**شەمەنەفەرەکان کاتێک بەگرِ کەوتن**
**کە مەرگ هەمووی دروێنە کردین    ل: ٣٠**

سەرنج و هەڵوەستە لەوەدایە، شاعیر لەم قەسیدەیەدا پێ بەپێی بیردۆزی ماتماتیکی، رِەگەزی سەرەکییەکانی واتا و مەبەستی تێکستەکە ئاشکرا دەکات، بەسەر کاتی دوان لەگەڵ دەمی بەردەوامی بەپێوەندی ئۆرگانیکی بەدوای یەکتردا، کە شێوازێکی نوێبەخشە، شاعیر بەدوندی داهێنان دەگەیەنێت.



بستووی داهێنانی یەکەم، ساتی ئاشکرابوونی پێوەندیی ستاتیکی و ئۆرگانیکی نێوان: (نیشتمان) و (تەرم)؛ (منداڵ) و (ئاینده)؛ (کتێب) و (رِزی)؛ (ئەوان) و (چاوەرِوانی)یە. لە وێنەکاندا شاعیر خەفیەی نهێنییەکانە، ئەو نهێنییەش هێزی هاوبەندی یەکە وێنەکانە. بستووی داهێنانی دووەم: ساتی چرۆکردنی چوزەرەی پێوەندییەکی گەورەیە، ئەویش بەرزەفرِینە لە رِوانگەی ئازار و هۆشیارییەوە بۆ هاوارکردن.

شاعیر توانستی خۆی بەبەراییەکانی هاوارەوە دەبەستێتەوە، خولیا و مەراق و رِۆشنایی دەبنە مەغزایەکی ئەم قەسیدەیە. هەرچەندە ئەم هاوارە لەگەڵ نهێنی لە پێوەندییەکی میکانیکیدا نییە، بەڵکو ئەرک و مافە. واتا ئاراستەکردنی مانا و بابەتەکانییەتی. ئەم پەیوەندییەش وەک گرنگییەکی زیندووبوونەوەی پرۆسەی شیعری بەردەوام دووبارە دەبێتەوە و بەداهێنانی هزر بۆ زیاتر درکاندنی نهێنییەکانی واتا، هەردوو وێنە شیعرییەکانی کۆپلەی سێیەم (خەوتن)، دەبنە میکانیزمی میکانییەتی واتای کۆپلەی پێنجەم (بێداربوونەوە). بەنیازی دەلالەتی گەورەبوون و گەشەکردن لە بەرانبەر هاوار و ئاگایی و شاعیر نهێنی دەمەیێت، جیهانی شاعیر لە هەردوو وێنەکاندا دەبنە دوو وێنەی یەک جەستەیی و دەلالی. دوو لایەنی یەک لایەن بۆ یەک واتا. ئەم ئاسۆیەش تێکرِای فەرهەنگی دەلالی و

زمـانی شـاعـیـر دەجـۆشـێنێ و چەندەها ئاسـتی دژ بـەیەک دەخرۆشێنێ. لەم ڕەوتەشدا زەمینـەی دوو پێوەندییـەکـان پتر دەردەکەون و پێوەندییە دەلالییەکان لەگەڵ مۆرفێمە نزیکەکان، سەرچاوەی لەدایکبوونەوەی دووبارەی پێوەندییەکانن. داهێنان ئاسا، هاوشێواز و پێوەندیی ئەرکییانە دروست دەکەنەوە. شیعر هونەرێکی مرۆڤانەیە و تێکەڵاوییەکی پتەوی بەبیری مرۆڤ و کولتوورەکەیەوە هەیە. لە چوارچێوەی شارستانیەتێکی گشتی و پێشکەوتوو، لایەنی مەعریفی و جوانناسییە، بۆیە شاعیر «بەهایەکی نەگۆڕە و زمان و شێوازەکەی پیر و کەنەفت دەبێت، بەڵام ناخ و جەوهەرەکەی وەکو خۆی دەمێنێتەوە»(٨).

جیهانی شاعیر جیهانێکی ڕووناک و تۆکمەیە: «پڕە لە جەوهەری شیعر. لە هەرسێ ئاسۆی: شیعری چێژ؛ شیعری ڕوئیا؛ شیعری مەعریفی بەخششی بیرکردنەوەی کارامە و چالاکی پێشکێش کردووە... لە ساتە درەوشاوەکانی سرووش: زمان و فۆرم و شیعرییەتی تێیاندا کردووە بەناوەندێکی کراوە. لە ناو ڕایەڵی ڕستە و وێنەی دەگمەندا زاڵی کردوون»(٩). سەرەڕای ئەمە هزری دەربڕینی ترس هەڵدەبڕێت. دەربڕین و ترس بەپێوانەیەک چوونەتە ناو یەک، کە جیاکردنەوەیان ئاسان نییە و جەمسەرەکانیان نادیارن... جیهانە ڕووناکەکانی هۆکاری خولقاندنی وێنەیەکە بۆ تخووبی خۆی، کە تیایدا



| وێنە شیعرییەکانی خەوتن | وێنە شیعرییەکانی بێداربوونەوە |
| --- | --- |
| کە نیشتمان بەتۆزێ ئاگاهی غەرقی خوێن نەدەبوو | کە تەرمی نیشتمانیان بەڕێ کرد |
| کە منداڵەکان بەتۆزێ مەرحەمەت ئایندەیان دەنەخشاند | کە منداڵەکان بە بچووکی سەریان نایەوە |
| کە کتێبەکان بەتۆزێ خوێندنەوە ڕزی نەدەبوون | کە ڕەشەبا خۆڵەمێشی کتێبەکانی پەرت دەکرد |
| کە هەموویان لەبەر بارانی مەرگدا چاوەڕوانی سەفەر بوون | کە مەرگ هەمووی درەوێنە کردین |

مانای یەکەکان و جۆری پێوەندیکردنەکان ئاشکرا بێت. بوێری، یان ئەزموونە وجودییەکەی شاعیر لە ئاستی پرسیاری بوێری ئەبڵەق و کۆتایی نییە، بەڵکو هەموو ئاماژەیەکی دلێری و ئازای و بوێری دەربڕین، لە هەر کوێی ئەم فەزا ڕۆحییەوە هەڵبقوڵێت، کە شاعیر هاوئاهەنگییەکی ڕۆحی لەگەڵدا هەیە هەمان ئەزموون و هەمان ئازادی دەربڕین و ئازایی خۆی تێیدا دەبزوێنێتەوە، کە دەبێتە بەرئەنجامێکی سروشتی ئەو گەورەبوونەی، کە جەستەی بەخۆیەوە دەبینێ، وا دەکات شاعیر لە ناو دەرەتانە بزوورگەکانی ژین بژی و دەستەویەخەی ژیان و مەرگ ببێتەوە. مەبەستیشی خودی خۆی نییە. لە فەنتازیادا هاوبەندی خۆی لەگەڵ سروشت و نیشتمان و... ڕاگەیاندووە و هەوڵیشی بۆ دەدات، لەم پێکبەستە ڕۆحییە لە شێوەی واقیعییەکانیدا ببینێت. هونەر بەتایبەتی شیعر: «هاوواتای مەعریفی ئازادە، هاوبەش و بەشداریشە لە نێوان خۆیەتی هونەرمەند و خەڵکانی دیکە، لە کاتی ئەو هاوبەشییەدا شیعر لە واقیع نزیک دەبێتەوە لە دواییدا دەبێتە ڕاستیی دەربڕین بۆ ئەو واقیعە»(١٠).

ئاشکراتر دەتوانین بڵێین: شاعیر هاوکێشەی (خاک و کورد و تاک) پێک دەهێنێ و دڵنیاشە کە هاوکێشەیەکی ئەوەندە چڕ و بەهێزە، دەلوێت هارمۆنییەتیان لە نەمان و کوژانەوە تاکە





ڕێگەی ڕزگاربوون بێت. پەڕینەوەی ترس بێت بەرانبەر بەنەترسی، ئەمەش وا دەکات بەردەوام یەکێتی ناو هاوکێشەکە پتەو بێت، بەتەنیایش وشە دوورگەی فەنتازیا نادۆزێتەوە، بەڵکو پێویستە لە بونیادنانی ئەلتەرناتیڤیشدا بەهەموو ڕەخ و چەمکەکانییەوە بەشدار بن:

**پاسەوان لەگەڵ تۆمە هەی موخەننەت: نیشتمان موقەددەسە**

**خەفەر لەگەڵ تۆمە هەی بەدنمەک: منداڵەکان هی مەلەکوتی خودان**

**سوار لەگەڵ تۆمەی هەی نەگریس: کتێبەکان کلیلی ئازادین**

**شەمەنەفەر لەگەڵ تۆمە هەی بەدڕۆح: هەموومان سەفەری بووین.**

## ئەنجام

شاعیر پێش ئەوەی هەوڵی داهێنانی تازە بدات، ئاوڕ لە داهێنانەکانی پێشووی خۆی دەداتەوە، کە مەرجێکی سەرەکییە بۆ نیشاندانی توانستی شاعیر و دیاریکردنی خاڵی جێگیربوونی لە پانتاییی پێشکەوتن و کاریگەریی لەسەر بەخشش و وەرگرتنی نوێخوازی لە کایەی ئەدەبدا.

شیعر بەرێگای جەمسەری کایەی مەعریفی لە دۆخی مەییو ڕزگار دەبێت و بەپرسیاری: بۆچی؛ بۆ کێ؛ چۆن دەنووسرێت، سەدەی ئەزموونەکەی هەڵدەسەنگێندرێت. شاعیر لە ژێر ئەم کلاوڕۆژنە و لەسەر ڕێبازی فینۆمینۆلۆژیادا کە ڕۆح وەبەر جەستەی مردوو دەئاخنێ، داهێنانی خۆی ڕەنگاو دەکات.

سەرەتا ئەم شیعرە وا لە خوێنەر دەکات، لە نیگەران و گێژاودا، بەرجەستەبوونێکی هێمن لە ساتەکانی ڕۆح سەرهەڵبدات، بەراییەکی پرسیاری چاوەڕوانکراو لە ئاکامی ڕامان سەرابی بێ ئاگایی بڕەوێنێتەوە، بەجۆری «دواندن» تاسەیی دەڕخسێنێ. مۆرفێم و وشە و دەربڕین بەچەشنێک داڕێژراون و ئامادە کراون، پرۆسەی جیا جیا بۆ ساباتی یەک بنیادی دژە پێوەندی دیالێکتیکی هەڵدەبەستن. جگە لە واتا بناغەییەکەیان لە بەکارهێنانیان بۆ «هێما» زۆر چڕ و قووڵ و



هزرین بۆ جیهانی شوناسی نەتەوەیی پەلکێشمان دەکات. مانا و دەلالەتی هەریەکەیان دەبێتە ئەو کۆڵەگەیە کە کۆ ڕووداوەکان لە دەوری کۆبنەوە. تارماییی نهێنییەکان لە «تێگەیشتن» دەڕوێنێتەوە. گەنجینەی تۆڕی واتا و چەمکی فرەن. هەوڵ دراوە لە شتی بێ گیان، جەستەیەکی زیندوو و ڕاپەڕیو بهێنرێتە دی، چونکە تێگەیشتن لە قەڵەمڕەوی کۆمەڵگا. یان نەتەوە بەشێکە لە مەعریفە و بەهەندێ ڕایەڵ بەستراوەتەوە، پاشان جۆرێک لە ئەبستمۆلۆژیای تایبەت بەئەنجام دەگەیەنێت.

سەرجەم وێنە شیعرییەکانی قەسیدەکە لە ژێر سایەی فینۆمینۆلۆژیادا گەشە دەکەن، وێنەکان لە ئاوێتەی دەلالی قەسیدەکە، وێنەی نوێتر دەخولقێنێ و گەردوونێکی تازە بۆ بەخششی مانا سەرهەڵدەدات، بەمەبەستی درکاندنی نهێنییەکانی واتا، شاعیر دوو وێنەی شیعری لە دوو کۆپلەی جیاوازدا بەرانبەر بەیەکیان ڕادەگرێت. بەنیازی دەلالەتی گەورەبوون و گەشەکردن لە بەرانبەر هاوار و ئاگایی و شاعیر نهێنی دەمەیێت. جیهانی شاعیر لە هەردوو وێنەکاندا دەبنە دوو وێنەی یەک جەستەیی و دەلالی.

ئۆقیانووسی شاعیر پڕ بوونەوەر و ئاوەدانە، بۆیە لە دەربڕیندا چاونەترسە. بوێری یان ئەزموونە وجودییەکەی شاعیر لە ئاستی پرسیارەکانی بوێری، دۆشدامان و نەمانی

نیـیـە، بەڵکو هـەمـوو ئامـاژەیەکـیـان لە هەر کـوێی ئەم فـەزا رۆحـیـیـەوە هەڵبـقـوڵێت، هـەمـان ئەزمـوون و هـەمـان ئازادی دەربڕین و ئازادیی خۆی تێیدا دەدۆزێتەوە و دەیخاتە جووڵەوە.

ئەم قەسیدەیە هاوکێشەی (خاک و کورد و تاک) پێک دەهێنێ و بەدڵنیـاییشـەوە کە هاوکـێشـەیەکی ئەوەندە بەکار و پتـەوە، دەشێت هارمۆنیـەتییـان لە نەمان و فـەوتان و سڕینەوە تاکە هەوڵ و ڕێگە ڕزگاربوون بێت، شوورەی ترس دەڕووخێنێ، هەر ئەمەشـە وا دەکات هەمیشە یەکێتیی پێکهاتەکانی هاوکێشـەکە بەهێـز بێت، بەتەنیـاش وشـە دوورگـەی فـەنتـازیا نادۆزێتـەوە، بەڵکو پێویستە لە بونیادنانی ئەلتەرناتیڤیشدا بەگشت ئالی و چەمکەکانییەوە بەشدار بێت.

حوزەیرانی ٢٠٠٤ هەولێر

## سەرچاوەکان


١- الدکتور عناد غزوان، مستقبل الشعر وقضايا نقدية، ط١، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٩٤، ص: ٤١-٤٢.

٢- کـەریم دەشـتی، درەخـتی حـیکمـەت (دیوانی شـیـعـر)، چاپخـانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠١، ل : ٢٧-٣٠.

٣- عـەتا قـەرەداغی، گـەڕان بەدوای ناسنامـەدا، دەزگـای سـەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل: ١٦٩.

٤- سارتر، دفـاعـاً عن المثـقـفين، ترجـمـة: جـورج طرابيشي، دار الآداب،





بيروت، ١٩٧٣، ص: ٣٣-٣٤.

٥- بوريس سوتشكوف، المصادر التأريخية للواقعية، ترجمة: محمد عيتاني واكرم الرافعي. ط١، بيروت، ١٩٧٤، ص:٤٥، ٤٦، ٣٢٣، ٣٢٤.

٦- د. محـمـد عـابد الجـابري، الخطاب العربي المعـاصر (دراسـة تحليلية نقدية)، ط٤، دار الطليعة للطباعة والنشر، ١٩٨٥، ص: ٨-٩.

٧- علي حرب، النص والحقيقة (النقد الحقيقة)، المركز الثقافي العربي، ط٢، ١٩٩٥، ص: ٩.

٨- الكسندر بلوك، دراسات ادبية وفكرية، ترجمة: يوسف الحلاق، دمشق، ١٩٧٧، ص: ٦٤، ٦٥، ٧٣،٦٨.

٩- سـەباح ڕەنجـدەر، لـە ناو کـەوانەی کـولتـووری نـەتەوەیی شـوێنێک لە شـوێنێکی لـە شـوێنێکی دی بەرزتر نییـە، گـۆڤـاری کاروان، ژمـارە: ١٧٤-١٧٥، هەولێر، ٢٠٠٣، ل: ١١١.

١٠- جلال العشـري، أزمة الشعر الجديد والبكاء بين يدي زرقاء اليمامة، الفكر المعاصر، عدد ٥٣، يوليو ١٩٦٩، ص: ٧٠-٨١ . هەروەها بڕوانە وتاری ناوبراو: محمد مندور... الناقد الايديولوجي، الفكر المعاصر، عدد: ٧ سيبتمبر ١٩٦٥، ص: ٦٤-٧٤.

# چەمكی خەیاڵكردن لە شێوازی شیعریدا

# پێشەکی

دیاردەی پێشکەوتن و تەکانی شیعری کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەدەبی ئەمـــڕۆی کـــوردیدا – ئەدەبی دوای ڕاپەڕین – ماوەیەکی کورتە کلاورۆژنەی لەسەر کراوەتەوە. دیاریکردن و نیشاندانی فاکتەرە سەرەکییەکانی گرفتەکان و ئاڵۆزی سۆسیۆلۆژیی بەپێش ژانری شیعر یان ئەدەبی سیاسی کەوتووە. دەراوی ئەم شێوازەش بەبیرکردنەوە و خەیاڵکردن (Imagination) پاسادان دەبێت. واتا فۆرمی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هزر و ئەندێشەدا، بەئاکام و بەرهەم هاوسەنگ دەبێت. بەڵێ هاوســەنگییــەکی قــووڵ و پتــەو لە نێــوان بیــرکــردنەوە و خەیاڵکردندا هەیە. خەیاڵکردن "دەتوانێ شت خەڵق بکا زیاتر لەوەی لەسەر یەک کۆیان بکاتەوە. بەنەهێشتنی شتی چەسپاو و دیاریکراو ئەو وێنە زەینییانەی لە مانا وەرگیراون و لە یەکەیەکی گشتیی تازەدا یەکیان دەخا"(١).

تاقیکردنەوە و تێڕوانین گشتگیری و بەرفراوان بێت، ئەوەندەش بیردۆزی خەیاڵکردن پانوپۆڕ و دەوڵەمەندتر دەبێت. کۆلیرج دەڵێ: "خەیاڵکردن شێوەی تایبەت بۆ خۆی خەڵق



دەکات و بەرهەمی دێنێت، یاساکانیش لە توانای گەشەسەندن و بەرهەمهێنانەوە خۆیان دەنوێنن".(٢) تێڕامان و بیرکردنەوە و خەیاڵ (ئەندێشە)ی شاعیر بالادەستـرە لە تاکێکی دیکە و بەوردیش دەچێتە نێو بابەتەکانەوە.

شۆڕبوونەوە بەرەو قووڵاییی کۆمەڵگا و وێنەگرتنی دیوی ناوەوە و دەستنیشانکردنی پەتاکانی پێشکەوتن و شیکردنەوەی باری دەروونی و ناوئاخنی واقیع و سوود وەرگرتن لە کولتوور و هۆرمۆنییەتی زیندوویی نەریت و... تێکهەڵکێش بەباری ڕووناکبیری و ئابووریی مێژوو ئاین و.. لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی ئەم ژانرە شیعرەیە، چونکە وێنەی ئەم جۆرە بەکاریگەریی ئاوەز لە مێشک دروست دەبێ، هەرچەندە ئەو شتە لە بەرچاو نییە و هەستیشی پێ ناکەی لەوانەشە پێشتر نەشبووبێ. موحسین ئاوارە توانستی خۆی تێدا تاقی کردۆتەوە. لەبەر ڕووناکی ئەزموونی شیعری فۆتۆیەکی زیندووی بەخشیوە. شاعیرێکی پڕ بەهرەی ئەم لایەنەیە و بە(خۆدواندن)، خەیاڵکردن و تازەگەری و داهێنانی بەئەنجام گەیاندووە. گێڕانەوە و ڕووداو بەگێڕانەوە یان ڕوودانی ناو گێڕانەوە دینامیکییەتێکی دیکەی بەبەر شیعرەکە کردووە.

(مەنەلۆژی ناخی قەیرەکچێک لە گیانەڵای مەرگدا)، قەسیدەیەکی کۆمەڵایەتیی کوردییە.

## شلۆڤەکردن

ئەگەر وەک گێڕانەوەی واقیعی ڕووداوێکی سادەی کۆمەڵگای کوردیمان بەنێو مەغزای شیعرەکە ڕووبچین هیچ شتێک نامانجووڵێنێ، بەڵام وردبوونەوە لە مانا و کەرەستەی بونیادی شیعرەکە و خەیاڵکردنی بەرەو ئاستێکی دیکەمان دەبا. شاعیر هەوڵی داوە واقیعی کۆمەڵگاکەی، پشت ئەستوور بەفاکتەری قوتابخانە ڕەخنەییەکان بخاتە ڕوو. دیاریکردنی واقیعێکی دەقاودەقی ڕووت، وێنەیەکی فۆتۆ سادەی زیندوو، بەرزی و دینامیکییەت بەدەستەوە دەدات. ئەو نیگارکێشانەش لە گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بۆ ڕاستی و حەقیقەت بیردۆزێک نییە، ئەگەرچی لە پێناو گەیشتن بەڕاستیی تێکۆشاوە. لەو ڕوانگەوە ئەو ژێدەرە دەگرێت کە گرنگی بەپێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەدات. ئومێدی تاک لە جغزی کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو نیشان دەدات کە شێوەی تاک و کۆمەڵی گشت کۆمەڵگاکانی دیکەی پێشکەوتوو ماکی بنەماکانی گەشەی لە ئەستۆدایە.

دەستپێک و کۆپلەی کردنەوەی شیعرەکە (خۆدواندن)ە بۆ خۆشکردنی زەمینەی (گێڕانەوە) یان (ڕووداو بەگێڕانەوە)، "یەکێک لە مومەیزەکانی هۆنراوەی موحسین ئاوارە گفتوگۆیە کە لە شانۆی خوازە کردووە، لە زمانی پاڵەوانەکانی دەمانگوێزێتەوە بۆ جیهانی شانۆ گواستنەوەیەکی درامی، جەوێکی چیرۆکی تایبەت دروست دەکات و دەبێتە جۆرێک لە گێڕانەوە"[٣]، ناخی ئەو تاکە – تاکی مێ – (ڕەنگدانەوەی واقیعی بوونەوەرەکەیەتی) بەبەر دیدە دەخات، "کۆمەڵێک کەرەستەی جۆراوجۆر و زاراوەئامێز کە خوێنەر بەئاگا دێنێ لە ڕووی بنەماکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری و پێناسەکردنی چێژ و ڕۆڵ گێڕانی عیشق لە سووتانی ناخدا"[٤]، دەسەڵاتی سەرووی مولتەزیم فۆرم تەپیوی کردووە، بڵێسە و گڕی دەروونی هەمان نانی ئەو دەمانەیە کە ئارەزوو تامەزرۆی تەمەن تازە خوێن قوڵپدەرێک قوڵپێکی حەزەکان دەیهەژێنێ و دەیژێنێ.

بەرزی و گرنگی و زیندوویی لەوەدایە شاعیر توانیویەتی دەروون و سایکۆلۆژیی کیژان لە وێنەی کچێک بەشێوازێک نیشان بدات ڕاستی و حەقیقەتی کۆمەڵگاکەی لەسەر ببریسکێتەوە، بەبنەمایەکی فیزیکی و بەپێی تیۆری ماتماتیک بیردۆزی ڕاستەهێڵی یەک حەز لە دوو کاتی دژ بەیەک فرە جیایی بەڵام پێکهاتە هاویەک بسەلمێنێ:




**"ژوورەوەی گەشاوەم**
**گەنجینەی پڕ تیشک و**
**شوعلەی شاراوەم**
**تۆڕی حەسرەت و بێچووە ماسی ئارەزووە"   ل: ١٣٠**

توانستی هێندە بەهێزە دەسەڵاتی خۆی بەدووند دەگەیەنێت، "خاوەن هۆشێکی وێنەکێشانی کامڵە توانیویەتی هێندێ جار لە ڕێگەی چەند دێرێکی کورت کورت گەورەترین هەلومەرجی شیعر دروست بکات و بیهێنێتە کایەوە"(٥). نەخشە و پلانی سەنگەری بەرگری حەزی سێکسی، پووکانەوە و ژیانەوە، نەدۆڕان، وەفا و هەڵوێست... چییەتی دەروونی ئەو کچە بەجۆرێک نیشان دەدات لە سەرەمەرگ و گیانەڵادا جلی ئاواتی بووکێنی وەبەر دەکا. ئەو چرکە ساتە ناسکەی ئەو قەیرەکچەی تێ کەوتووە چەند چرکەیەکی کەمخایەن و تەمەن کورتە، ئەگەر چاوەڕواننەکراویش بووبێ بووە بەواقیع. ئەم واقیعە (خەون و خەیاڵ و وەهم و تەئویل و حەز و ئومێد و بەخۆداچوونەوە و



نۆستالۆژیایی و بنیاتێکی لەحزەیی و لە پاڵ هەڵوەرین و نائومێدی)یە، ئەوەش دەکەوێتە ئەو ململانێ و بەرگریکردنە ساتە چرکەییە لە نێوان بەرداشی غەریزەی ژیان (ئیرۆس) و غەریزەی مەرگ (تاناتۆس)ە. پێوەندی شیعر و شاعیر و سروشت و جیهانی هەست، پێوەندییەکی هاوتەریبن، شیعر کاتێک پێوەندی خۆی بەجیهانی هەستەوە لەسەر ئەو ئاستە دەبەستێت، واتا ئاستی خەون و ئەفسووس و بەزەیی، هەموو بەشەکانی ئەو جیهانە بەهێزێکی حەز و شێتگیری و خەوبینین لە باوەش دەگرێت، کاتێکیش ئەو هەستە دەتوێتەوە خەون و واقیع، ئایندە و یادەوەر لە یەک بۆتەدا تێکەڵ بەیەک دەبن"(٦).

ئەمە سەرەڕای بێ گەردی ئەو دڵەی کە وێنەی ڕاستەقینەی ئەودیوی خۆی تێدا هەڵکەندراوە و ساغەیەکی ڕاستگۆیی و بەباوەڕ ڕەباسبووی قەیرەکچەکە لە گێژاو و هەلاکەتدا بەر نیگا دەکەوێت.

**"ئەوە من و ئاوێنە، جلی بووکێنیم لەبەرە**
**بێ ئاگام لە زەخرەفەی ئەم کودەتایە ناوەختە**
**لە پرۆژەی ئەم سەفەرە"   ل: ١٣٠**

شاعیر ئەو کاتە پسپۆڕی لە ڕەخوئالی کۆمەڵایەتی بەدەست دەهێنێ کە هەموو شتەکان بۆ بەرایییەکان بگێڕێتەوە.

دیاریکردنی خاڵی دەستپێکردنی سەرەتایی بەشێوازێکی ئەندازەیی لە جغزێکی تخووب فراوان ئاکامەکان بخاتە ڕوو. هاوکێشەی لێکۆڵینەوەی دیاردەکان بەرەو ئەزموونی خاڵ و چەقی دەستپێک و یەکسانکردن ببات. شاعیر خاوەن ڕێچکەیە لە قەسیدەکەشیدا هەوڵی داوە تیۆرییەکان لە کۆمەڵگادا و قەرە بەقەرەی دەستکەوتە زانستی و کۆمەڵایەتییەکان ببات بێ ئەوەی پابەندی ئاکامەکان بێت، زۆر جار تیۆری دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەگومانەوە بۆ ڕاستگۆیی دەڕوانن. ڕاستگۆیی ئەو زانستە کۆمەڵایەتییەی دەسەڵاتدارە، توانستی دەرخستنی وێنایەکی سەرتاسەری نییە، "بۆ ئەوەی کارێکی ئەدەبی سەرکەوتوو بێت پێویستە مەرجی ڕاستگۆیی دەربڕینی تیا بێ بەرامبەر بەواقیعی ژیان لەگەڵ وردبینی و وێنەگرتنی گیروگرفتەکانی کۆمەڵ"(٧)، دیمەنەکە بۆ سەرەتای سەرەتاییەوە دەگەڕێنێتەوە و زیندووکردنەوەی کەرەستەی چەند یادەوەرییەکی منداڵی وەک: مەکتەب، جەنتا، پەپوولە، کۆتر، دەخیلە... دەکاتە چرای مەبەست.

**"وا جارێکی تر بوومەوە منداڵەکەی جاران**
**گەڕامەوە بۆ گەڕەکە دێرینەکەی خۆمان**
**لەگەڵ پەپوولە و منداڵانی جانتا لە پشت**
**باڵ لێک دەدەم"          ل: ١٣٠**



قەیرەکچ گەنجی و هەرزەکاری لە سەردەمێک بووە تاک و کۆمەڵ لە زایەندی نێر دڵبەردین بوونە، لە تاڤگەی هێزر گیانی خۆی دوونایدوون لە ناو گیانی کۆترەکان دەتوێنێتەوە، تێکەڵکردنی ئەم دوو گیانە ئاماژەیە بۆ پیرۆزی یەک ڕۆح لە گشت بوونەوەرێکدا. هێمای کۆتر و کەرەستەی پێکهاتەکەی: پاکی جوانی و بێ دەسەڵاتییە... هتد، بەرامبەر بەسیفەتە بازنەییەکانی کچ دێت. کۆتر لەسەر زەوی دەگیرێ و بەدواوەوە دەبێ و سەر دەبڕێت ناچارە شوێنی بەرز هەڵدەبژێرێ و دوور دەکەوێتەوە. کچیش لە ناو کۆمەڵی دواکەوتوو دەکەوێتە بەر تیر و توانج و قسەی سارد و سزا و تەنانەت کوشتنیش، بێزارە بۆیە ڕۆحی تێکەڵ بەڕۆحی کۆترەکان دەکات تا دوور بکەوێتەوە. ئەو هەڵبژاردنە و لێکچوون و لێکچوواندنە ئەگەر ئەزموونی سەرکەوتوویی شاعیر نەبێت بەکارهێنانیان بۆ مەبەست وەرگرتن ئاسان نییە.

**"کە لەوسەر مەکتەب گەڕامەوە**
**دیسان لەگەڵ گیانی کۆترەکان**
**لە ترسی مرۆڤە دڵ بەردەکان**
**هەڵدەنیشمەوە لە شوێنە بەرزەکان"     ل: ١٣١**

مامەڵەکردن لەگەڵ بیرۆکە و هزر و وشە و شیعر بەڕووناکبیری، ڕاستی و توانست و واقیعی شاعیرە. شیعر

"تەنیا وشە ڕیزکردن نییە لە قاوغێکی تەسک بدوێ، چونکە شیعر زمانحاڵی ئەندێشە و ئیلهام و ویژدانی وروژێنراوە هەمیشە لە جووڵە ناکەوێ"(٨). بەرهەمی زیندووی هەر شاعیرێک یان نووسەرێک ئەوەیە بەپەیژەی عەقڵ و مەعریفەت بۆ سەکۆی باسەکە سەرکەوێت.

پەڕەناوکردنی ناخی ئەو قەیرەکچە و بنیاتنانی تەلارێکی زۆر زەقوزۆپ لە خاڵێکی کز و کۆتایی دەروونیدا ئەزموون و توانست بەدەردەخات. شلۆقەکاری و تیۆر و چەمک و تێگەیشتنە کۆمەڵایەتییە داڕێژراوەکان قۆناغێکی بەرایی گرنگە بۆ نیشاندانی ناوئاخن و حاڵیبوون لە چۆنیەتی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان. ئەو دیاردانەش لە ژێر ڕکێفی چەمکە کۆمەڵایەتییەکانەوە دێنە ئاراوە و دەبن بەبەشێک لە ژیان و زیندەگی کەسایەتیی مرۆڤ، ئەم هەنگاوەش پردی پەڕینەوەیە ڕووەو ناساندنی واقیعی کۆمەڵایەتی.

بیری وێنەی ئەو کۆپلەیە واقیعی دەروونی قەیرەکچە و شاعیر دەگەیەنێتە تاقانی باسەکە، هەر بۆیە بول ریفردی دەڵێ: "وێنە دەستکەوتێکی تەواوە"(٩)، دینامیکییەتی وێنەکە لەوەیە پیرەکچێک لە دوورگەی سەرەمەرگدا بەمجۆرە بدوێ.

**"لە مەملەکەتی (ئاو)ەوە، شاژنە ئەفسووناوییەکەی ئاویم**

ئازاد ئەحمەد مەحموود (٩)



**فەرمان دەردەکەم**

**جەنەراڵە ئاوییەکان، لەشکر ئامادەکەن**

**هێرش بەرنە سەر وڵاتی وشکایی و سارا"    ل: ١٣١**

لە پاشان پەیتا پەیتا بە تاڵە باریکەکانی تەونی دەروونی تاکەکە بەرەو خوار دەچێت و خاڵێک لە وێنەیەکی دیماگرۆفی لە دیبایەکی واقیعی دەنەخشێنێ... لێکچوواندنێکی زۆر بەهێز لە نێوان: (ناخ) و (بەرد)، (حەز) و (ئاو) بەجوانترین وەسف نیشان دەدات. ئەو حەسرەت و ئارەزووە خەفەبووە، قەیرەکچ مەبەستیەتی قەرەبووی بکاتەوە و لەو لەحزەیە گوڕ و ورە لە نێوان هۆش و سۆز؛ بیرکردنەوە و بیرنەکردنەوە، هەڵکشان و گەڕانەوە، هەڵچوون و دامرکانەوە... وەبەر خۆی بکات. بۆ کپبوونی حەزەکانی لەشکر پێک دێنێ ڕۆڵی سەرۆک و ئیمپراتۆر وەردەگرێ. فەرمان دەدا، لەشکری ئەو (ئاو)ە هاوتەریب و جمکانەی (حەز)ە. بەجەنەراڵە ئاوییەکان فەرمان دەسپێرێ، سوودمەندی پرۆژە (بەرد)ە هێمای یەکسانی (ناخ)ە. لە هەڵچوون و پەلوپۆی ئاو و شەپۆڵدانەکەی بەردەکان دەشواتەوە و جوانیان دەکات و دەگەڕێتەوە. بەختەوەر (بەرد)ە جوانی (ناخی)ی قەیرەکچەکەی بەردەکەوێ، حەسرەت و سێکس و مەسەلەی خەفەکانی بەردەکەوێ ئاو بەتیشکی خۆی

گیان و ناخی تاریکی بەردەکە ڕووناک دەکاتەوە، وەلێ لەشکری قەیرەکچ دەبێ بکشێتەوە و دامرکێتەوە. دامرکان لەو لەحزەیە بەم قەرەبووکردنەوەی بەشێک لە حەزەکانی بەر ئاو دەدات.

**"ئای کە (بەرد) بەختەوەرە و جوان دەبێتەوە**

**ئاویش دادەمرکێ و دەکشێتەوە"   ل: ١٣٢**

بەهێزترین هێز و پتەوترین پێوەندی: سۆزی نێوان دایک و منداڵە. لە دوا چرکە ساتەکانی هێزی هۆشبینی چاوی تەڕ و پڕ فرمێسکی دایکیەتیی فرمێسکەکان کریستاڵ ئاسا یان دەنکە تەرزە ناوە ناوە دەبریسکێنەوە. واتا دەکەونە بەر یاسای (شکانەوە). شکانەوەی (تیشک) – هێمای چاو – لە ناو ئاو ڕەنگ خۆی دەنوێنێ، بەنموونەی پەلکەزێڕینەی جار جار بەهۆی کاریگەریی هەور ون دەبێ. لێڵبوونی ڕووناکی چاو هێرشی مەرگە. فرمێسکی چاوی دایک و کچ بریسکانەوە و لێڵبوونی چاوی تاکی دووەم لەحزەیەکی درامی ناسکە.

**"وا فرمێسکە کریستاڵییەکان و دەنکە تەرزەکانی چاوانت**

**هێشتا ڕووناکن و دەبریسکێنەوە... لێڵ دەبن و دەگەڕێنەوە"**

**ل: ١٣٢**

دواندنی تاکەکە (قەیرەکچ) بەرگێکی زێدە واقیعیانەتر وەبەر شیعرەکە دەکات، بەسۆنگەی ئەم واتەوات و وڕێنەیە جووتە



خاڵێک لەسەر دوو نیوە چەقی ئەم کۆمەڵگایە دەستنیشان دەکات و سەرچاوەی ڕووداوەکەن. خاڵی نیوە چەقی یەکەم: کۆچی ئەو پەروەردە و بەئەمەکە بێنگرتنەیە دینامیکییەتی بەبەرزی و زیندوویی سەبک و بابەتەکە داوە، جگە لەمەش وەستایی و کارامەیی شاعیر لەوە خۆی دەنوێنێ، کە جێناوی (ئەو)ی کردۆتە ئەستووندە و لووتکەی بابەتەکە. خاڵی نیوە چەقی دووەمیش: نامرادییە، لێشاوی گەردەلوولی سۆز و بەزەییە لە گۆڕەپانی جەستەی کیژەکەدا بۆ ڕوونکردنەوە سەیری ئەم هێڵکارییە بکە:



**"«ئەو» باسکەکانی سەرینمە**

**ئەو کێیە؟**

**باسکێکی سەرینی دوا چرکە ساتەکانی کۆتایی**

**ئەویتر سەرینی ژیان**

**سەرم لەم نێوەندەدا**

**ئارام ناگرێ و ناکەوێتە سەر هیچیان" ل: ١٣٣**

پەیڤێکی ماتەمینی پڕ ئازار لە جەستە و سیمای کەسەکە بەدی دەکرێت. فیلمێکی سینەمایی ئاسا دەمانجوولێنێ. شاعیر وەک شارەزایەک لە بواری فۆتۆگراف وێنەکە وەردەگرێت و بەسۆز ڕەتووشی دەکات چونکە "وێنەی بێ سۆز بۆشە"(١٠). ئەم وێنەیە کە ئاوێنەی خودی کەسەکەیە مانایە بەپێوەندگی ژیان دەبەخشێ. لەم دیمەنەدا شاعیر بیر و بۆچوونی خۆی تێکەڵ بەسیناریۆکە دەکات. پێی وایە پێوەندگی ژیان لە هەموو تاکێکدا بناغەی خۆی هەیە، هەموو کەسێکیش دەتوانێ واتایەک بەپێوەندگی ژیان بگەیەنێ لە ژێر تیشکی ئەم بۆچوونەدا خۆدواندن و خەیاڵکردن قاڵبێکی تراژیدیئامێز هەست بزوێنی لە خۆ گرتووە.

**"لەسەر سەفەرم چ ئامادەکەم**

**بیخەمە نێو جانتاکەم**



**ئەو هەموو (جەهازە)م پێ ناچێ"**

دوا خۆدواندنی قەیرەکچ لەش پڕ دەکا لە تەزوو موچڕک داینەمۆی سەرپاکی قەسیدەکەیە. زیندوویی شیعرەکەی پاراستووە. زلترین تاوانی کۆمەڵ بەدەردەخات، (دابڕانی یەکجاری)، مۆرکی نامەعقولیەت و ناپەسندی بەتەوێڵی ئەو کەسانەوە دەنێ، ئەو کارەساتە دڵتەزێنەیان کەوتۆتە ئەستۆ. گوناهبار کێیە؟ تاک یان کۆمەڵ، کۆمەڵ یان تاک و کۆمەڵ، هیچیان...

مرۆڤ لە حاڵەتی بێ چارەیی و بێ توانستی هەموو شتەکان دەکەونە نێو خانەی سەرووی دەسەڵاتییەوە، حەز و ئارەزووەکان دەپووکێنەوە، جەمسەری بارگاویبوونی: (پاراستنی نهێنییەکان)ە، یان لە نائومێدیدا: (هیوای مەجازی) دروست دەکات و بۆشی دەتوێتەوە و بەدەستکەوتیشی دادەنێت و کەسایەتی خۆی تیادا دەنوێنێ.

**"چۆن زار هەڵبڕم و ئەو (ناو)ە بڤەیە بدرکێنم**

**کە دەمەوێ لە دوا چرکەدا بێ و بێتە سەرینم**

**لەم فەزایە دڵی خۆی پڕ باران کا" ل: ١٣٥**

ناوەڕۆکی قەسیدەکە دەسەڵاتێکی دیکە و پتری بەخشیوە، چونکە شاعیر تۆڕی بیر و هزری لە پانتاییی قەڵەمڕەوی گرفتە

کۆمەڵایەتییەکان هەڵداوە. بەکورتی دێری چڕوپڕی "بەقووڵاییی نهێنییەکانی ژیان و گوزەرکردن بەنێو دەهالیزە تاریک و پەنهانەکان و گەڕان بەدوای چەمکە ڕووناکبەخشەکان و مەلەکردن لە گۆمی قووڵی زمان و ڕەهەند و ڕەمز و خەیاڵ و میتۆلۆژیا و سرووتە ڕۆحییەکان و لێکچوواندن و وشەی زیندوو وێنەی کاریگەر و دەربڕینی هەستە شاردراوەکان و مانا شاردراوەکانی زمان"[١١]، بەشاکارێکی زیندووی ڕەخنەیی دادەندرێت.



## ئەنجام

پێکهاتەی قەسیدەی (مەنەلۆژی ناخی قەیرەکچێک لە گیانەڵای مەرگدا)[١٢] (١٠٩) دێرە و جگە لە (١٤) دێری کڵاوڕۆژنەی دەستپێکردن، بەسەر (١٣) خۆدواندن دابەش کراوە: (٢٣) دێر، (١٠) دێر، (٢) دێر، (١١) دێر، (٨) دێر، (١١) دێر ، (٥) دێر، (٢) دێر، (٩) دێر، (٣) دێر، (١) دێر، (٢) دێر، (٨) دێر.

بەهۆشێکی ورد و توانستێکی زۆر و زمانێکی گونجاو وێنەیەکی خەیاڵکردنی واقیعی کۆمەڵگای کوردەواری کێشاوە. بەناخی کۆمەڵ ڕووچووە و پەتاکانی دەستنیشان کردووە. دیوی ناوەوە و دەروونی تاکێکی کۆمەڵ (قەیرەکچ)، کە واقیعی تەواوی کۆمەڵگایەتی بەدەرخستووە. گێڕانەوەی ساتی کەمخایەن بووە بەواقیع، واقیعی خەون و خەیاڵکردن و وەهم... دیمەنەکانیش بۆ سەرەتای سەرەتا دەگێڕێتەوە.

دەستنیشانکردنی لێکچوون و لەوچوون زمانی هێمای وشەکان بۆ مەبەست ئاسان نییە، هارمۆنییەتی گونجاندن و شیعرییەت سەرشارە لە هەڵبژاردندا نیشانی پێکاوە.

شاعیر زۆر بەئەسپایی خۆی خزاندۆتە نێو تاڵی نهێنییەکان و زمانی شاردراوەکان پاراوە، دیمەنەکان و وێنەکان زیندوون، خەیاڵ واقیعە و گێڕانەوەکان و خۆدواندن چرای گرفتەکانە...

وەفا و بەڵێن و ڕاستگۆیی لە شێوازێکی هونەری بەرفراواندا خۆیان ئاشکرا دەکەن.

تشرینی دووەمی ٢٠٠٣ هەولێر

## سەرچاوەکان

(1) M.H. Abrams Aglossary of Literary Terms. 3rd editiom. 1970. p59.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، p59.

(٣) شەوقی عەباس کاکەشین، چەند تێڕامانێکی ڕەخنەیی لە کۆمەڵە هۆنراوەی شەوارە، ڕۆشنبیری نوێ، ژ68، ئابی 1978، بەغدا، ل 74.

(٤) عەبدولواحید دیبەگەیی (حەکیم)، قەسیدەی (چۆلگەردی)م خوێندەوە، کاروان، ژ138, 1999, هەولێر، ل 11.

(٥) کەریم دەشتی، شەوارە و تیشکێکی ڕووناکی، بەیان، ژ 53, 1979، ل 10.

(٦) د. علي جعفر الحلاق، في حداثة النص الشعري "دراسات نقدية"، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد 1990، ص 16.

(٧) ئەبوبەکر حوسێن عەلی، شەوارە و چەند سەرنجێک، هاوکاری، ژ462، دووشەممە 19 شوباتی 1979.

(٨) سەلاح سەلیم سەیدۆک، سەمای ئاگر لە دەستەکانی ئاشووبدا (خوێندنەوەی دەق)، هەولێر، 2002، ل 111.

(٩) د. عزالدين اسماعيل، الشعر العربي المعاصر "قضاياه وظواهره الفنية والمعنوية"، ط 3، بيروت 1981، ص 133.

(١٠) کەمال مەمەند میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر، چاپخانەی



زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، 1979، ل 139.

(١١) سابیر ڕەشید، برووسکە دێر و خەیاڵی بەرزەفڕ لە شیعرێکدا، ڕامان، ژ 41، (5)ی تشرینی دووەمی 1999، هەولێر، ل 86.

(١٢) موحسین ئاوارە، گوڵناز (دیوانی شیعر)، چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ١٣٠ – ١٣٥.

# جیهانبینی لەچاوکردنی هیرمینیۆتیکادا

## پێشەکی

هۆیەکی کاریگەر لە ئاستی خواستندا ویست بهێنێتە دی، «هاوبەندی– Correlation»یە. لە کەرنەڤاڵی کات، هاوبەندیی ژیان و شیعر، لە خاڵی بەرایی و کۆتایی، لە ڕێڕەوییبوون چەقێکی تۆکمەیە. شیعری تامرەنگی ژیان و زندەگی ڕەنگین بەشیعر، بازنەیەکی تەواو و گیانی زیندووی دیکەیە. لە شیعردا حەزی بەرفراوانی هەڵهێنجراوییبوون و یەکێتیی ئۆرگانیکیبوون دێتە دی. واتا شیعر: هەموو خەون و ئاواتە ئەفسانە تایبەتییەکانی شاعیر، کە ڕەگی سۆفیانەی قووڵی هەیە، مسۆگەر دەکات. سەرجەم کایەکانی سروشت و ژیان و ئەفسانە و بیری ئاینی و کولتوور و میتۆلۆژیا و هیرمینیۆتیکا «Hermeneutic»... هتد، هۆکاری بنەڕەتین بۆ دارِژانی شیعر. قۆستنەوەی ڕایەڵی کولتووری نەتەوەیی و نەتەوەکانی دیکە و گونجاندنیان بەڕووداوی واقیعی واقیع، لە ئاستی زەینیدا، جیهانبینیێکی ناوەندە. پرۆسەیەکی هەمەلایی جیهانبینییە، یان گەڕانەوەیە بۆ دەرئەنجامی واقیعی ڕووداو، یان ئەو زەمینە سایکۆلۆژییەی گشت خودەکانی دەوروبەری مرۆڤی کورد و



ئەوساتە کاتە مێژووییە کارلێکراوەی جیهانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی... بینینی شاعیر بۆ کولتوور: «بینینێکی ڕاستەوخۆی خودە نەک ئاراستەکراو، لە کولتووردا تەنیا ئەو گۆشە تازانە دەدۆزرێنەوە کە پێشتر نەدیترابوونەوە»(١)، بەجیهانبینی و تەکنیکی هونەری نوێژەنی دەکاتەوە. لە تێکستی ئەدەبیدا: «لایەنە هونەرییەکانی بەرهەمەکە و جیهانبینیی داهێنەرەکەی، یەکن، دوو شتی جیاواز نین» (٢).

سەرچاوەکانی شیعر بیری دارِشتنی چاوگەکانە بۆ پەند و مەتەڵی نادیار. پەیداکردنی پێوەندییەکی مرۆڤایەتییانە و شاعیرانەیە لەگەڵ هەبووەکان و قەبەکردنی تخووبی ئەلتەرناتیڤەکانی مردنیش. چەند تارمایی مەرگ سپیپات و گشتگیریی کار بکات، شیعریش گشتیتر دەبێت.

بیری هێزی پاڵنەری جیهانبینی و داهێنانە، هەر بۆیە شاعیران لە بواری بیردا دوو گرووپن: «گرووپەک هەستیان بەهێزە، بەڵام بیرکردنەوەیان کزە و بینینیشیان بۆ واقیع و ڕاستیی، نادروست و هەڵەیە، ئەوانە شاعیرانی دەستەی دووەمن. گرووپەکەی تر هەست و بیرکردنەوەیان بەهێزە و بینینیشیان بۆ واقیع، بینینێکی دروست و ڕاستە، ئەوانەش شاعیرانی دەستەی یەکەمن»(٣). لەم دابەش و دابڕینەدا،

«هاشم سەڕاج» لە دەستەی یەکەمدایە، شیعری «بازنەی قابیل»[٤]، لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا، نموونەیەکی زیندووی جیهانبینییە.



## ناخی مەبەست

خەنییە و شیوەنی مێژوو بەرانبەر درامای مرۆڤ، زناکی شیعرەکانی شاعیرە. گشت دیاردەکانی واقیع و فۆرمی گەردوون لە لای شاعیر کەرەستەی شیعرین و هەست و ڕۆح و تاسە و خەون... تێیدا دەدۆزرێنەوە، خەزێنەی جیهانبینی و داهێنانی مانا و هونەری گەردوونین. هەڵوێست لە شتە داڕێژراوە سۆفییەکان، کە لەو دیودان، وەردەگرێت و بەهەزرێکی ئامۆژگاری و پەندی، بەهاوتەریبی کاتی بەسەرچوو لەگەڵ تافی ئێستا، نیشانی پێ دەشکێنێ.

یەکێک لە خەسڵەتە بەرچاوەکانی شیعری ئەم شاعیرە – دوای قووڵی لە داڕشتنی زماندا– بژارکردنی ڕەها بەرز و نزمەکانی سایکۆلۆژییەتی مرۆڤە و بەهای ئەم ڕەگەزە و دەربڕینی گشت چەمکەکانی، بەدیار دەخات، پەیبردن بەوردە شەپۆڵەکانی ناو زلە شەپۆڵە بێ سنوورەکانی هارمۆنییەتی خۆویستی و خۆپەرستی، هاوکێشەی تەواوی هاوسەنگی ژیان و مرۆڤ، هاوسەنگ دەکات: «ئەرکی شاعیر لەسەر گۆی زەوی زیندووکردنەوەی ڕۆحە لە جەستەی مردوودا و دەیکاتە جەستەیەکی زیندوو. شاعیر ئیسرافیلی زەوییە»[٥]. بەو شێوەیە منداڵدانی نووسین، دەتوانی وەهمە جوانە پڕ مانا

فەرهەنگییەکانی مێشک و زمان بنووسێت، لە دنیای تۆڕبەندیی بەجیهانبینی و تەئویل، (هیچ و شت) لە مانای سادەی دووپاتکراو و کلاسیزم بۆ واتای لێکسیکی جۆراوجۆر بارگاوی بکات. تەئویل بەجیهانبینی پرۆسەیەکە لە دوو توێیدا، هەوڵ و داوای بنیادنانەوەی مانا و دەلالەتی تازە دەکات. هەر بەم سۆنگەیە تێکڕای پێوەندییەکانی مرۆڤایەتی بەجیهانەوە، تەئویلیانەیە، پێکهاتەی ئەم پێوەندییەش لەسەر پرەنسیپێکی تەئویلیی ڕاگیراوە، ڕەنگە بەرئەنجامەکەش لەگەڵ بەرئەنجامی چییەتی و ئەکتیڤییانەی عەقلانییەتی مرۆڤ، یەکسان بێت. هایدگەر، بینین: «دەنێرێت بۆ بنیادنانی عەقلانییەتە ئەکتیڤکارە، کە چییەتییەکەش بەپلەی یەکەم بۆ گرنگی و بزاڤ و چییەتێکی تەئویلییانە، دەگەڕێتەوە»[٦].

دەستپێک لەسەر ڕێڕەوی خزمەت بەمرۆڤ، دەروازەی دیاردەی نائامادەیی والا دەکات. جیهانبینی مرۆڤایەتیی لە دەرزی مرۆڤەوە قۆرخ دەکات. شیعر هونەرە، ئەو هونەرەش مەعریفەتی تاک بەهەموو ئاستە جیاوازەکانەوە و ڕادەی ڕۆشنبیری بەدەردەخات، جگە لەمە هونەری شیعر زەمینەی واقیعێکی تایبەتی و ئامانجێکی تایبەتیشی هەیە، بۆیە لە خاڵێکی وردی ڕووداو، پانتاییەکی پێش فراوان دێنێتە ئاراوە: «پرسیاری بناغەییبوونی شیعرییەت لەوەدا نییە وشەکان و





ڕستەکان چ هارمۆنیایەکی پێکهاتەی وەک پەیوەستی جیاوازی بنیادەکانی زمان بخاتە دەقەوە کە بەیەک جار خوێندنەوە کۆتایی بەبوونی خۆی بێنێت، بەڵکو لە هارمۆنیای ئەو ڕەگەزە بەرهەمهێنەرانەیە کە پێشینەیەک ڕەت دەکەنەوە لە بەردەم خوێندنەوەدا، وێنە خولقاوەکان وەک سیحرێک دەخەنە گیانەوە»[٧].

بەدرێژاییی مێژوو لەگەڵ مێژوو، زنجیرەیەک نیازی خودی تاک و تاکی کۆمەڵ و کۆمەڵ دەجووڵێنێ و بۆ خانەیەکی ستمناخی مەبەستی بێ مەبەستی دەروون، لە هەرزانفرۆشکردنی ڕۆح بەمێژوو، بۆ وەرگرتنی ناسنامەیەکی بەنیشان، ناسرەوێت. ناسنامەی شاعیر درەوشاوەترە لەوەی کە (قابیل) بەدەستی هێناوە، ئازاری شاعیر قەڵەمڕەوی پترە لە ئازاری دۆزەخی قابیل. شاعیر تینیگا بۆ یەک شت ناکا، بەڵکو لە ناو هەموو ئەڵقە داخراوەکانی ژیان و مێژوو، هاوارێکی مرۆڤانەیە بۆ مرۆڤ:

**"بازنەت ئاوێتەی نارسیسە و دەدرەخشێ**
**چ درەخشانەوەیەک"   ل: ١٣٧**

ئەزموونی نوێی شاعیر، بەشێوازێکی گشتگیریی، زادەی ئەزموونەکانی پێشووە. شاعیر ئەگەر ئاوێتەی ئەزموونی خۆی نەبێ و ئەزموونەکەی کاری تێ نەکات، کپ و کەم نرخ دەبێ.

مەغزای ئەم شیعرە جگە لە ئەزموونە پڕ لە داهێنان و هەڵچووەکەی شاعیر، بستووی ئەزموونێکی سۆفییانەیە بەدەلالە قووڵەکانی سۆفیزم: «زمانی سۆفییانە زمانێکی شیعرییە، هەموو شتێ جگە لە خۆیەتی خۆی، شتی دیکەشە»(٨).

هزری شاعیر لە جغزیبوون بەهەموو وردە جغزەکانەوە، دۆش دانامێنێ و چارە ڕەها دەکا، کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ناو پێنکە دەدۆزێتەوە. دەق چرۆی بیر و ئەندێشەیە، هەست و ڕۆح و تاسە و خەون... گومەزی ژێدەری ئەفسووسی دەقن. بۆیە شاعیر دوای ئەم وێنە و ئاسۆ لێڵە، وشەی (دوش)، هێمای ئاوە و ئەویش جەڤەنگی سەرەتا و بەردەوامبوونە لەگەڵ فرێزی (بارانی بێ ڕەحمەتی بازنەکەت)، نیشانەی زوڵم و زەبر و دڵڕەقیی و دۆزەخە، تێکهەڵکێشی یەک جەستەیان دەکات و چەکەرەیان پێ دەکا، بەگەشەی پرەنسیپی مردوو، دیکۆمێنتی ئاوەژووەکەی دێتە ئاراوە و واقیعی هەڵگری توخمی قابیل کۆنسێرتی تاریکی ڕەت دەکاتەوە:

**"دوشێک لە بەردەم بارانی بێ ڕەحمەتی بازنەکەت**
**دژوونی تەمەنی مردوو**
**تەمەنی کەسیرە و پڕ ژەنگ و خۆڵەمێش**



**ئەوەی باشووکە و پەپووەکان**
**بەخیلی**
**پێ نابەن/ پا دەکاتەوە"     ل: ١٣٧**

گەشتی پەڕینەوەی لە دوورگەی ئەندێشەوە بۆ واقیع، یان لە حەزەوە بۆ کارەسات، مرۆڤ تیایدا ڕێبوارێکی ئاسایی پرۆسەکە نییە، بەڵکو مرۆڤی ئیدیال و نموونەی باڵای سەرجەم توخم هەڵگرەکانیەتی. ناکۆکییەکان تەنیا کێشەی نێوان جەوهەری مرۆڤانە و واقیعی نالەباری زیندەگی نین، تارمایی پرۆسەیەکی بێ سنووری ئاوەژووە، هەمیشە و بەبنگرتن لە ناخی مرۆڤدایە و میکانیزمی پتر دەبێ. شاعیر لە ناوەندی ڕۆحی ئەفسانەیی ڕۆحی خۆیدا، تەماشای دەکات، چونکە ئەگەر هونەری شیعر کارستانێکی مرۆڤایەتی بێ، ئەوا شاعیر هەوڵ دەدات لەم دەرەتانە بەهۆشیاری و توانستی داهێنان، ئەو هەستە دەروونییانەی کە لە ناوەوەیدایە و لەگەڵیدا دەژی و هەڵچووە، کاریگەریی لێ نشتووە، بۆ بەرانبەر بگوازێتەوە و تا هاوبەشی و هەست و هەڵچوون و کاریگەری ئەو بێت. بەبۆچوونی «ڕیچاردز»، شاعیر هونەرمەندێکە گرنگی نادات بەڕێگەی ئاگایی بۆ مەبەستی دەربڕین ، بەڵکو: «هەموو ئەرکی بریتییە لە دروستکردنی شتێکی جوان لە ناخیدا، یان شتێک دڵنەوایی پێ زیندوو بکاتەوە، یان شتێکی خۆیەتییە لە ڕوانگەی

لێڵ و هێماوە، دەربڕین لە هەست و دەروون بکات»[٩]. قابیل لە دیدەی ئەم تیۆرە لەسەر نیگاری (خود)، یان (حەزی خود) بنیاد نراوە، بۆ مسۆگەر و دابینکردنی لە خاڵی خۆویستی، دەکەوێتە ڕاستەڕیانی خەیاڵی ئەفسانەی (نەمری) ئەزموون تێپەڕی بوو لە بواری میتۆلۆژیای ئاینی لەسەر ستراتیژییەتی هیرمینیۆتیکا بۆ وەرگرتنی لۆژیکی سەرجەم ئەو تۆڕە هزری و ئەبستیمانەی کە لە نێو خودی (خدری زیندوو) بۆ مادەی ئاوی زندگی و کیانی نەمریی (گلگامێش) بازنە و سکێچی پێکهاتەیان تواوەتەوە، کەرەستەی تەدارەکی بازنەیی مەرامی قابیل یەکسان و لە نەمریدا نایەکسان دەکات:






نەمریی خدر = نەمریی گلگامێش=/ نەمری قابیل

قابیل لە تەوەری خۆیدا، تەزووی ترس بەلاوە دەنێ، شاوڵی ئومێد بەژیان دەگرێت، خەونی گەورە دەکات، لە جەمسەرێکەوە گەردوون دەخاتە نێو پەنجەکانی و لە جەمسەرەکەی دیکەوە هیوا و خەیاڵ دەژی. شیرازەی ڕێسا سروشتییەکان لە باریەک دەترازێنێ، پێ لە پردی نارەختە دەنێ و کوڵەکەی خێزان شپرزە دەکا و هەڵیدەوەشێنێ. شاعیر لە وێناکردنی جۆری ئەم بوونەوەرانە، دەروونناسە و گەورەترین هەلومەرجی واقیعی بەجیهانبینی ڕەها دەکات. جیهانبینی شاعیر لە خانەی هزر و ئاوەزدایە و شاعیر دەستبەرداری ئەو کۆتانە دەبێ کە لە ناوەوەی قوڵپ دەدەن نەک ئەوانەی لە دەرەوە پەلاماری دەدەن:

**"ئەی خودان بازنەی کەیلی ئاڤی جاویدانە**
**ئەوە سەرینچاوەی زیندەگییە" ل: ١٣٧**

شاعیر بۆ دەرهاوێشتنی نەگەتیڤ لە ئاخاوتن، ئاخاوتنێکی تێراو بەدیالۆگی ڕۆح. وەهەمە ڕەنگاڵەکانی بوون کە درەوشانەوەی تەلیسمی مەعریفی بێت، بەقووڵاییی مەعریفی ئێستەتیکییەوە بەرەو کازێوەی دڵنیابوونەوە بگات، بەمەبەستی نەخشاندنی گۆشەی گەردوونی ئەزەلییەوە، لە ڕێگەی ستوونییەتی زمانەوە، هەوڵی لەدایکبوونی دیالۆگ لەگەڵ دەق دەدات:

**"یان ئاوە شیلەی پاقلاوەیەکی جەلاتینییە**

**زەخمی زمانە سووتماکەکان سارێژ دەکا"   ل: ١٣٧**

شیعرەکە لە دوو توێی شیعری بەرزدایە، مۆرفێمەکانی تەنیا مانای دەلالی ڕەبەق ناگەیەنن، بەڵکو بەشێکی زۆری جیهانبینی و تێڕوانین و خەون و بۆچوونی مەعریفی و فەلسەفی لە خۆ دەگرێت. واتا هێمای دال چەندین مەبەستی مەدلوول دەگەیەنێت. خوازە بەدالانی ڕاستیی دەڕوات و ئاماژە بۆ دروست دەکا، لە ڕاستەو ڕاستیی خۆی دەپارێزێت، بەڵام شرۆڤە و ڕاڤەکردنیان گەڕانەوەیە بەرەو پانتاییی ڕاستەوخۆیی. زمان دەربڕینی شێوازی دواندن وەردەگرێت و ناوەندە تێکست لە دەقی تفت و کارکیی دەردەچێت، نزیکبوونەوەی مەخسەد سەقامگیر دەبێت:

**"دەوەرە و چرکەیەکی بێهوودە لەگەڵ**

**بازنە باراناوییەکی سپیپاتا**

**ساپساپێنی عەدەم بکەو"   ل: ١٣٧**

کەشی وێنە شیعرییەکە میکانیزمی نابڕێتەوە و لەتەکاندایە چونکە واڕسکی دەروونی مرۆڤ لە جەستەی خولیا و لەززەت بۆ سروشتی شەڕەنگێزایەتی دەگوازێتەوە. بازنەی تەواوکراو بەبازنە بۆ بازنە، دەکەوێتە کیشوەری پراکتیککردن. واتا



ئارەزوو لە بڕوانامەی یاد جێی نابێتەوە، دەکەوێتە نێو لەشی زیندوو و دادەمرکێ:




**"حەزی بەد و لەززەتی شەڕەنگێزایەتی**

**سەیرووڕەی شێتهەڵگەڕاوەی**

**ئەم سروشتە زبڵگەیە دامرکێنە"   ل: ١٣٧**

ئەو پێوەر و بەهایەی کە ئەم شیعرەی لەوانی دیکە سەرپەڕتر کردووە و سیمایەکی تایبەتیی چڕی پێ بەخشیوە، کۆنسێرتی ئایدیای پێکهاتە و هزری بنیادی داڕشتنی مەبەستی شیعرەکەیە، چەمکی تێکست، دۆخێکە هەندێ لە زایەندی مرۆڤ تیایدا زایەڵەی بەرزەفڕینی خۆپەرستی و کەوتن و دۆڕاندنی دوری حەقیقەتی ژیان بانگهێشت دەکەن، چێتر ڕەسەنی ئەو شتانە دەبینین کە بڕوای ڕەهای پێ بوونە، لە

دیدگای شاعیرەوە زەمینەی جیهانبینییەکە بۆ بینینی شتەکان لەوپەڕی واقیعەت و ڕاستیتر، دروستی شتەکان و جێگەی خۆی دەدۆزێتەوە. تەقینەوە و فلاشباکی ئەم ڕاستییەش لە داتەپیوی وێنەی مرۆڤێک دەجووڵێ، کە پێوەندییەکی دیالێکتیکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ژێدەری دەسەڵاتی دەرەکی و دەروونێکراودا دەبینرێت. بەلەدەستدانی دەسەڵاتی دەرەکی، هێزی داینەمۆی ناوەکیی توانستی نامێنێ و کۆنترۆڵ ناکرێت. لێرەوە تێدەگەین ئەقڵانییەتی مرۆڤ بۆچی ئەو کەسە کەتنکەرەیە:

**"تۆ نازانی ئەوێندەرێ**

**سەهۆڵبەندانی «قابیل»ە"   ل: ١٣٧**

فرێزی «ئەوێندەرێ»، کۆنووسی مانا و دەلالەتی بەخششی فەرهەنگە، دەق و چەمک بەمەغزادا دەبات، پانتاییی سەرابی مۆرفێمەکانی: ڕق و جوانی و نهێنی و شاردراوە و نهێنییەکانی شاردراوە و بوونە شاراوە و تەڵخ و ئازار و خۆشی و لەززەت و سرووش و سروشت و ئەودیو سروشت، لە وشکاییەکی ڕووبەر کەم یەکدەخات، یان بەپێچەوانەوە، چونکە لە خەرمانی ئاگایی، خەیاڵ و هۆشیاری و وشە و مەبەست... ئاوێتەی یەکتر دەبن، لە ئازارە ئاڵتووناوییەکانی مرۆڤ و جیهان، لە نێو ڕایەڵی دەلالە و ماسکەکانی زماندا حەشار



دەدرێن و ئاشکرا دەبن.

وێنەی شیعری (سەهۆڵبەندانی «قابیل»ە)، میتۆدی بەراوردە، زیرەکی شاعیر لە پەیڕەوکردنی ئەم میتۆدە و تێکهەڵکێشکردنیاندایە. واتە تەواوکردنی بازنە «دۆزەخ»ی قابیل بەدۆزەخی دیکەی قابیل و قابیلی دیکە و بەردەوامبوونی بێ کۆتایی. جگە لەمە لە تیۆری دەقەکەدا مەبەستی خود مەرجە نەک ئەوانەی دەخوازرێت.

لە ژێر ڕۆشنایی چەمکی هیرمینیۆتیکا و سەردەمانی خودایەتی (ئیلاهییات – The dogy)ی کەنیسە، بەئاستی تێگەیشتن و زانیاری ناو کتێبە پیرۆزەکان، پرەنسیپی بەراورد گەشترە و لە لەشێکی زیندوودایە و ڕۆح باڵی پێ گرتووە بەئەندازەیەکی ئەندازەیی موجەسەم زنجیرەی هزری دابەشبوون داڕێژراوە لە نێوان دۆزەخی ئەمانی قابیل و پاکییەتی مرۆڤی پاک (هابیل) و بەهەشتی مەبەست:

**"بەستەڵەکی دەریاچەی گوناهکارانە**

**هەم دۆزەخ و هەم پاقژگە و هەم فیردەوسە"   ل: ١٣٧**

دوای ئەم کاژدامالین و تابلۆ نەخشاندنەی مێژوو لە چوارچێوەی هزر بۆ هزر، کەرستە و ئامرازی پرسیارکردن (کێ) دێتە ناوەوە و جەمسەری تەوەر دەگرێت و ئەستوندەیەکە

و مانا و ڕووداوی نێو ڕووداو ڕادەگرێت. ئامرازدار ڕووداوی دروست نەکردووە، بەڵکو تەنیا گێڕانەوە و پیاهەڵدان و وەسفکردنی حاڵەتەکانی لە ئەستۆدایە. لە دایکبوونی (کێ) لە منداڵدانی دەقەکە، پێویستی ئاشکراکردنی ڕاستییەکانی مێژووە. بێ بەزەیی و زەبر پتەوی ڕاپەڕێنەر و خۆڕاگری و تۆکمەیی دیواو دیو، بەرجەستەکردنی ڕیالیستییانەی کەسێتی مرۆڤ و ئێمە، کە بەدرێژاییی مێژوو لە خولگەداین، وردتریش چییەتییەکی کۆمەڵایەتیی هاوبەندە بەقەڵەمڕەوی سیۆسیۆلۆژیی و مێژووی مرۆڤ هەیە:

**"دەبێ کێ بێت لەوێندەرێ و**

**لەبەر لەززەتی بارانی ئەم**

**بازنە هەڵووژەیییەدا توونا نەبێت"   ل: ١٣٧**

لێرەوە دوو هێڵی هاوتەریب بۆ لێکسیکی تێکستەکە و کەسایەتیی قابیل و هاوشانانی ئاشکرا دەبێت. یەکەم: ئاوەز پێناسەی دەکات. دووەم: ڕواڵەت و جێبەجێی شەڕانگێزیەتی. کەسایەتیی قابیل بەرهەمی بیری شارستانییەتێکی قووڵە و بەفر شتەکان لێک دەداتەوە و بەهێزیش دەیپارێزێت، ئەنجامیش عەقڵ و مەعریفە دەری دەخات.

شاعیر: «ئەزموونێکی دەوڵەمەندە لە نووسین و زمان، هەوڵی



سیزیفە بۆ ڕزگارکردنی ئادەمیزاد لە قورسایی بەردەکە لە ڕێی وشە و ئەفسانەوە»[١٠]. بۆیە بوونەوەر بۆ هەستی ناخی خۆیەوە دەخرۆشێنێ، خشتەیەکی واڕسکی نەمریی و بوون و پاراستن لەگەڵ پلانی ترس و لەناوچوون پێشکێش دەکات، ئەگەرچی ناخ لە ترسدا سەهۆڵبەندانە و عەقڵیش نامەعریفییە، بەڵام خستنە ڕووی باری نالەباری بازنە (دۆزەخ)ەکە، بۆ مێژووی دێرین دەگەڕێتەوە و لە ڕووی یادەوەریشەوە دەنگێکی تۆقێنەرمان بەبەرگوێ دەخات، کە ئێمەی مرۆڤ هەر لە جێگای خۆماندایین. لە چەمکە گشتگیرییەکەی وێنە شیعرییەکەدا بنەمای ئەقڵ بۆ تێکڕای ڕەهەندەکانی مرۆڤایەتیی مامەڵەیەکی تەئویلگەری و جیهانبینی لەگەڵ کراوە، چونکە بینین و جیهانبینی شاعیر دۆزینەوە و خولْقاندنی ڕەخ و ئالی واتای تازە و سڕینەوەی کایەی نهێنی و لەباربردنی هەموو ستوونەکانی گومانە:

**"لەوێ مەرگ هێندە شەکەت و بێزارە**

**بەرگەی سێبەری یاد ناگرێت**

**لەوێ مەرگ**

**سەرابی شەختەبەندێکی شووشەیییە و**

**ئاو نییە"   ل: ١٣٧ – ١٣٨**

## ئەنجام

لەبەر تیشکی هیرمینیۆتیکادا، شاعیر بەڕووداوێکی مێژوویی، نیشانەی مەبەستێکی زیندووی هاوچەرخی پێکاوە. دیوی ناوەوەی مرۆڤی پەڕەناو کردووە و دیاردە نائادەمییەکانی بواری خۆپەرستیی بەخیلی و ئیرەیی مرۆڤی ناو ڕووداوە مێژووییەکە، بەجیهانبینی بۆ هەمان توخمی سەردەم دەگوازرێتەوە، واتا بەجیهانبینی و تەئویل، مانای زەق و سادە بۆ واتای لێکسیکی جۆراجۆر بارگاوی دەکات. شاعیر لەم دەقەدا ئامانجێکی تایبەتی هەیە بۆیە لەم خاڵە مێژووییە، پانتاییەکی پێشفراوان دێنێتە ئاراوە.

مەغزای ئەم شیعرە جگە لە ئەزموونە پڕ لە داهێنان و هەڵچووەکەی شاعیر، زەمینەی ئەزموونێکی سۆفیانەیە و دەق بەزمانێکی سۆفیزم پێشکێش کراوە، کە زمانی شیعرە و شتێکی جوانی ناخی پێ دەربڕیوە. ئەمە جگە لە جیهانبینییە پڕ لە تەزووەکەی تێکست، شۆڕبوونەوە بەقووڵاییی فەلسەفەی هزری کتێبی پیرۆزی ئاینی و هزری، پێوەری هۆشیاریی شاعیرە.

شیعرەکە لە ناوەندی شیعری بەرزدایە، مۆرفێمەکانی تەنیا مانای دەلالی ڕەبەق نابەخشن، بەڵکو کۆمەڵەک جیهانبینی و



تێڕوانین و خەون و بۆچوونی مەعریفی و فەلسەفی لە خۆ دەگرێت و بەهای کۆنسێرتی ئایدیای پێکهاتە و هزری بنیادی داڕشتنی مەبەستی شیعرەکەن.

لە چەمکی وێنەی شیعرییەکاندا، بنەمای ئەقڵ بۆ سەرجەم ڕەهەندەکانی مرۆڤایەتی مامەڵەیەکی تەئویلگەری و جیهانبینی لەگەڵ کراوە. بینین و بۆچوون و جیهانبینی شاعیر دێتەوە و دروستکردنی کایەی مانای نوێ و کوژاندنەوەی بواری شاراوە و گشت ستوونەکانی گومانە...

کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤ هەولێر

سەرچاوەکان

(١) حاتم الصگر، مواجهات الصوت القادم (دراسات في شعر السبعينات)، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، (١٩٨٦)، ص ١٣.

(٢) محمد دكروب، تساؤلات امام الحداثة والواقعية في النقد العربي الحديث، دار المدى، دمشق، (٢٠٠١)، ص ٢٧.

(٣) جان ماري جويو، مسائل فلسفة الفن المعاصرة، ترجمة وتقديم: الدكتور سامي الدروبي، ط٢، دمشق، (١٩٦٥)، ص ٩٦، ١٥١.

(٤) هاشم سەڕاج، گۆڕستانی ئەپیکۆرۆس (دیوانی شیعر)، چ١، چاپخانەی ئۆفسێتی ژین، سلێمانی، (٢٠٠٠) ، ل ١٣٧– ١٣٨.

(٥) حاتم الصگر، مواجهات الصوت القادم (دراسات في شعر السبعينات)، ص ٣٦.

(٦) علي حرب، التأويل والحقيقة (قراءات تأريخية في الثقافة العربية)، ط١، دار التنوير للطباعة والنشر، (١٩٨٥)، ص ١٤٨.

(٧) نەجات حەمید ئەحمەد، کەوتن وەک بنیادی سروودێک لە شیعرییەت، گۆڤاری کاروان، ژمارە (١٤٦)، هەولێر، ئەیلوولی (٢٠٠٠)، ل١٦.

(٨) أدونيس، الصوفية والسريالية، ط٢، دار الساقي، لندن، (١٩٩٥)، ص ٢٢.

(٩) رتشاردز، مبادئ النقد الادبي، ترجمة: د. مصطفى بلوى، مراجعة: د. لويس عوض، القاهرة، (١٩٦٣)، ص ٢٣٥ – ٢٣٦.

(١٠) دڵشـــاد عــەبدوڵڵا، ترس هەیە پایز هەڵبکا و ئاو بەرز بێــتــەوە، هەڤپەیڤینی: تەلعەت تاهیر، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە (٥٤)، سلێمانی، تشرینی دووەمی (١٩٩٧)، ل ١٥٧.

## ناوەڕۆک


ئایۆنی جەمسەرەکانی خوێنەر و دەق ........ 5

هۆشیاریی لە شێوازی شیعریدا ........ 37

نوێگەریی شێواز لە پەخشانە شیعری کوردیدا ........ 55

تێڕوانین لە ناوەندی فینۆمینۆلۆژیادا ........ 97

چەمکی خەیاڵکردن لە شێوازی شیعریدا ........ 119

جیهانبینی لەچاوکردنی هیرمینیۆتیکادا ........ 139